نۆڤلێت

# داستانی سەفەر

PDF4Kurd

باهۆز عەبدوڵڵا مستەفا

چاپی یەکەم
هەولێر2005

/



لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی‌و ئەدەبی نما
زنجیرەی(    )

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی(١٥) کتێب
ئیسماعیل کوردە _ ڕێبین ڕەسوڵ ، جەمال پیرە

ناوی کتێب: داستانی سەفەر
نووسینی: باهۆز عەبدوڵڵا مستەفا
بابەت : نۆڤلێت
پیت چنین: باهۆز
نەخشەسازی‌و بەرگ: سەرکەوت وەلی
تیراژ: ١٠٠٠
چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٥
نرخی (١٥٠٠)دینارە
چاپ: چاپخانەی ڕەنج

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە

**ڕەفیقان من ئەوا ڕۆیم لەلاتـان**
**لە مەزلومان بـا چۆل بێ ولاّتـان**
**بـا شار بە شارو دێ بە دێ بین**
**لەدەس یاران بکەین تەی ولاّت**
**مەڵێن کەڵکی نەبوو، ڕۆیی جەهەننەم**
**سەرم قەڵغانە بۆ تیری قەزاتـان**
**سەفەرمان، چونکە ڕێی هاتو نەهاتە**
**دوعـامان بۆ بکەن، ئێوەو خوداتـان**
**منم سەرکردەتـان بۆ لەشکری غەم**
**دەتـرسم من بڕۆم، بشکێ سوپـاتـان**

**( نـالی )**





سپێدەیەکی پرسیار ئامێزە، زۆر لەخۆم دەکەم پێخەفەکەم جێبێڵم، کەچی لەگەڵ دەسپێکردنەوەی نمەنمی باران خاودەبمەوە. دەشبێ بە هەرشێوەو بەهاییێك بێ خۆم ئامادەکەم، ئەگینا جێمدێڵن. جێگەکەم ئەوەندە ئارامبەخش بوو بە تایبەتیش لەو رۆژە بەهارییەدا ئاسان نەبوو لێفەکەم فڕێدەم‌و لە خەو هەستم.

جگە لە باران بارین، لابردنی لێفەکەو رابوونم لە خەو، خۆدانە دەستی قەدەرێکی نادیار، ئەوە سەرباری دابڕانێکی مەزن لە نیشتمان‌و دایك‌و براو دۆست‌و ئازیزانم . ئا لەو کاتەدا لابردنی لێفەکەو هەستانەوەم بەرەو گەشتێکی دوورو نادیار بڕیاری چارەنووسی دەدام. کەوتمە دڵەڕاوکێ‌و بیرکردنەوەو پرسیار لەخۆ کردن، باشە بۆ هەستم؟ کۆچکردن بەرەو هەندەران چ مانایەك دەبەخشێ‌و لەپێناو چی؟ بۆچی ناچاری سەفەرکردنێکی بێهوودەمان دەکەن؟ گۆڕانێك لە ژیانم روودەدات؟ باشتر وایە خوێندنەکەم تەواو بکەم‌و وێنەی هەر کەسێ لەو چەند ملیۆنەی لێرە بگوزەرێنم، بەلاّم کوا ئایندەی ژیان لەم ولاّتە؟ ئەو ڕۆژەم هاتەوە یاد کە لەگەڵ هاوڕێیەکم لە زانکۆ دەگەڕاینەوە ماڵ، بەدەم ڕێوە لە ئەتمۆسفێری کۆلێژو ئەکادیمیاو خوێندن لە هەولێر دەدواین ...ئای کە پیس‌و ناڕێکە، کەسێ نییە خەمخۆری چاکسازییەکانی بەهادارترین چینی کۆمەڵگا بێ .... عەمیدو جێگرەکەی هەموو بەیانیەك لەبەردەمی دەروازەی کۆلیژ دەوەستن‌و سەیری یەکە یەکەی کچەکان دەکەن، هەروەکو تازە هەرزەکارێك بن‌و چاوەڕێی هاتنی مەعشوقەکانیان بکەن!! ، بەلاّم نەخێر، تابزانن کامە کچ

پانتۆڵی لەبەر کردووە، رەوانەی ماڵەوەی بکەنەوە. زۆر لەو ئاودەستە دواین کە لە مەلەوانگە دەچوو، باسی نائاگایی مامۆستاکانو هەڵسوکەگوتی تەقلیدیانەی وانەگوتنەوەمان دەکرد، بەدەم ئەم قسانەوە بووین تا گەیشتینە چوارڕیانی نەقلیات، لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا بەر لە پەڕینەوەمان بۆ لای (نەخۆشخانەی خانزاد)، بوو بە تەقەو دەستڕێژ، چی گوللەی دونیا هەیە لەژێر قاچمان هەڵدەقۆزیەوە. دەنگی رێژنەی گوللەو دەنگی شکانی جامو هاواروناڵەی بریندار ئاوێتەی یەکتر ببوون...ناچار خۆمان خزاندە نێو دوکانێك، لە درامایەکە رامایین. لە دوورەوە روانیمان هەشت کەس یان زیاتر کەوتبوونە گیانی یەکترو هەریەکەیان هەوڵیدەدا خێراتر رۆحی ئەویتر بە عەدەم ببەخشێ، بێدەنگیو خامۆشی باڵی کێشا بەسەر ناوچەکەدا، چووینە سەر رووداوەکە بینیمان تەرمی پێنجیان لەسەر شۆستەکە کەوتبوو، یەکێکیان بەبرینداری رایدەکردو یەکێکیتری ساغ دەستڕێژی لێکردو لەژێر دیواری نەخۆشخانەکە کردی بە لاشەیەکی ساردو سڕ، تابلۆیەکی ترسناكو ئەرژەنگی سەرنجڕاکێش بوو ... تا دوماهی کارەساتەکە، لە خەڵکی نزیك کەوتینەوە، لە تەرمەکان رامایین، یەکێکیان برادەرمان بوو. . (ستار) خوێندکاری زانکۆیەو پاش دەرچوونی لە زانکۆ، دەبێتە پارێزەری کوڕی کۆنە مستەشارێكو لەبەرچاوی ئێمە دەکوژرێ ....

چۆن نەڕۆم؟ برادەرەکەم: بەشەرەفت ئەوە وڵاتە؟. .ئا منیش باوەڕدەکەم، دوور نییە چارەنووسی ئێمەش وەکو چارەنووسی ستار بێ لەو دارستانە. چەند خەیاڵەکەم درێژ دەبووەوە، خەمناکتر دەبووم، سامناکیو دڵتەزێنی رووداوەکان، ژیانم وەکو فیلمێکی پۆلیسی چەند بەش، دەهاتە بەرچاوم، کە زۆرترین ژمارەی ئەکتەرو دوو ئەکتەری سەرەکی تێدایە، هەردووکیان دەوری نێگەتیڤیانەیان هەیە، هەموو بەشەکانیش بە تراژیدی دەسپێدەکاتو هەر بە تراژیدیاش کۆتایی دێت، دەرهێنانی فیلمەکەش هەموو جوگرافیای کوردستانی گرتۆتەوە راستەوخۆش دەخرێتە بەرچاوو پێشکەش دەکرێت، وام





هەستدەکرد کە ئێمە لە سەردەمێکی تراژیدیای ئاشکرادا دەژین، هەرچەندە ئێمە بەرپەرچی ئەوە ئەدەینەوە کە تراژیدیایە ... کۆڵەگەکان کەوتوونو ئێستا ئێمە لە ناوەندی وێرانەکان داین، وایلێهات رەئیەکەم پێچەوانەی نیکۆس کازانتزاکی بوەوە، کە دەڵێ (تاکە رێگایەك بۆ رزگارکردنی خۆت ئەوەیە ملکەچ بی بۆ رزگارکردنی ئەوانی تر). بەڵام ئێستا رزگارکردنی ئەوانیتر بۆتە کارێکی ئیلاهیو لە توانای ئێمە دەرچووە، بیری لێبکەینەوە. نەخشەیەکی وا نەکێشراوە وا بە ئاسانی دەستکاری بکرێ، بۆیە تاکە رێگا هەڵاتنەو رزگارکردنی خودی خۆتە.

لەم خەیاڵانەدا بووم براکەم بانگی کردم، ئەوە بۆ هەڵناستی؟ زوو نەگەیت جێتدەهێڵن!.

وەکو بڵێی تەواو قەناعەتم بۆ دروستبووە، ئەوە رێگایەکە بۆ رزگارکردنی خۆم، خێرا خێرا جلەکانم گۆڕیو ئامادەبووم. بە پەلەو ئازایانە بۆلای باوکم چووم، تا ماڵئاوایی لێبکەم، خۆشم وا نیشانبدەم کە دڵتەنگ نیم، هەرکە دەستیم گرت، لە پڕمەی گریانمداو زۆریم لەخۆ کرد ئاسایی ببمەوە، هەستێکی پڕ لە خۆشەویستیم هەبوو بەرامبەر باوکم، لەم کاتە بەتایبەتی لەبەر نەخۆشییەکەی دایکم هەر نەموێرا سەیری بکەم، نەوەکو رێگام لێبگرنو نەهێڵن سەفەرەکەم بکەم. بەچاوچوقان باوەشم پیاکردو خێرا خۆم بۆ پێڵاوەکانم چەماندەوە، تا هەست بە فرمێسکەکانم نەکات. غەمتان نەبێ ئینشائەڵڵا زوو یەکتر دەبینینەوە، دەرگامان کردەوەو دەستمان بە راکردن کرد لەژێر لێزمەی باران تا سەر شەقامە سەرەکیەکەی گەڕەکەکەمان کە (حەدیدو خەشەب) بوو، زۆر بە پەلەبووین تا تەکسیێ دێت، دوای کەمێك تەکسیێ دەرکەوت، وەکو شەمەندەفەرە کۆنەکان دووکەڵ دوای جێدەما. دەستم بۆهەڵتەکاند تۆزێك هێواشی کردەوە، بەڵام بە تەواوی نەوەستا، تا تەواو سەیریکردین، ئینجا وەستا. پاش سڵاوکردن، وتم ئەوە چییە تۆش بەم

شرە لادەیە دەترسیت؟ لۆ مامۆستا دەرێی لێرە ناژیی، نابینی تەسجیلی سەیارەکەم هی بەرازیلیە بە (٧٠٠) دینارە.

لەبەردەم مزگەگوتی کوێتی لە تەیراوە دابەزینو لە شەقامەکە پەڕینەوە بۆ (حەمام کانی) دوو کەس لەبەردەم دەرگا وەستابوون، سڵاومان کردو چووینە ژوورەوە زۆر گەرمو خۆش بوو، دوو کەسی تر دەست نوێژیان هەڵدەگرت، (بارزان ئیسلامی) کە قاچاغچییەکە بوو خەریکی نوێژکردن بوو، دوای زیاتر لە پێنج شەش نوێژ سەری بەملاو بەولادا گرت، دەمی هەر دەجووڵایەوە سەری لێمان بەرز کردەوە دیاربوو سورەتێکی دوورو درێژی دەخوێندەوە، منیش هەر گوێم لە(س، ص، لا)کانی دەبوو، پاش کەمێك دەست پانکردەوە لە خوا، ئینجا بە دەمو چاو ریشی داهێنایە خوارێ. بۆلای ئێمە هاتو تەوقەیەکی لەگەڵ کردین (ئەسەلامو عەلەیکوم وەرەحمەتوولڵاهی وەبەرەکاتو).

- هەمووتان ئامادەن؟

+ نازانم! بۆ ئێمە چەند کەسین؟

- کە رۆیشتین ئەوجا دەزانیت چەند کەسین.

بارزان هەموو قسەیەکی نەدەدرکاند، نهێنی زۆر بەهێز بوو، هەرگیز پەیمانی نەئەدا، بەڵکو لەجیاتی وشەی (ئینشائەڵلا)ی بەکاردەهێنا، لە هەر پرسیارێك لەبارەی گرێنتی گەیشتنمان. لەم بەینەدا دڵدارو براکەی کە بۆ دوامالئاوایی لەگەڵی هاتبوون گەیشتن، (ئەحمەد سابیر)یش کە ئاژوێری بەرازیلییەکی تەکسی بوو پەیدابوو، دیاربوو بارزان قسەی لەگەڵ کردبوو. زۆر جارم بینیبوو کاتێ بە تەکسیەکەی بە بەر دەرگای خوێندگاکان دەسوڕایەوە، زۆریش سەرم لە هاوڕێیەتی بارزان ئیسلامیو ئەحمەد سابیر سوڕمابوو، دوو کەسی زۆر لێك جیا لە فیکرو باوەڕ، بارزان خۆی وانیشاندەدا تەنیا نوێژو رۆژیو خێرو خێراتی تەواوە! کەچی ئەوی تر خواردنەوەو سووڕانەوەی بەدوای کچانو رابواردن، بەر لەوەی لە تەکسیەکە سەرکەوین، بارزان داوای





هەزار دیناری کرد، یەکسەر دایە دەست یەکێك لە شاگردەکانی گەرماوەکە کە خۆی خاوەنی بوو. ماڵئاواییمان لەوانە کرد کە لە گەڵی هاتبوون، سواری تەکسییەکە بووین، رۆیشتین بۆ گەڕەکی (راپەڕین) بارزان گوتی: دەقەیەك دەچینە لای ماڵی ئێمە ئینجا دەڕۆین، هەر لەهەمان کاتیش بە رەفعەتی وت (کا هەزار دینارم بدێ).

رەفعەت: تازە هەزار دینارم لەپێش حەمام نەدایتێ؟ بارزان دەستێکی بە سەرو سمێڵی داهێناو تەماشایەکی ئاژوێرەکەی کردو پێکەنی، دووبارەی کردەوە، کا بێنە؟ هەزاری لێوەرگرتو لەبەر دەرگای ماڵەکەیان دابەزیو لەدەرگایدا، ژنێکی جاحێڵی حامیلە هاتەدەرێ، چەند دەقیقەیەك پێکەوە وەستانو پارەکەی دایە دەستیو گەڕایەوە. کەمێك دوور کەوتینەوە، بارزان بە هێواشی دەستی بۆ گیرفانی بردو کاسێتێکی دەرهێناو بەدزی خستیە نێو کاسێتەکانی تری نێو تەکسیەکە، جگە لەمن کەسی تر نەیبینی. بارزان: ئەحمەد کاسێتی قورئانت لانییە؟ هەر بەخۆشی کاسێتەکەی خۆی هەڵبژاردو خستیە سەر تایپ (ریکۆردەرەکە)و پێیکرد، فەرهاد زیرەك بوو! تا گەیشتینە پرسگەی شاوێس کە ئەو کاتە حکومەتی یەکێتی بەرپرسیبوو، ئیشارەتێکیان بۆکردین، ئێمەش تێپەڕین کەمێك رۆیشتین پرسگەی مەلائۆمەرمان هاتە پێش، لەوێش نەوەستاین، لەم بەینەدا دووبارە پرسیارم لەبارزان کردەوە، ئێمە هەر ئەم چوار کەسەین؟

- نەخێر، وەجبەیەکیشم لە ئێران بەجێهێشتووە ئەوانیش دەبەین. بێدەنگ بووینەوە تا لە پردی بەستۆڕە سەرکەوتین پرسگەیەکی تر هەبوو کە لە مەلائۆمەرەوە لەژێر کۆنترۆڵی پارتی بوو، کاتێك نزیك کەوتینەوە، کوڕێکی کورتی قەڵەو هەشت مەغزەنو سێ چوار نارنجۆکی لەنێو قەدی بەستبوو، دەتگوت دارگێوژە بەری گرتووە، بەڵام چ بەرێك خوا بیبڕێت، بە دەستی راستی کلاشینکۆفەکەی گرتبوو کە مەخزەنێکی حەفتاو پێنجی لەسەر بوو بە دەستی چەپیشی ئاماژەی وەستانی ئۆتۆمبێلەکەی کرد، وەکو رینگۆ لێمان

هاتە پێش، سەرەتا قاچی چەپی ئینجا بە هێواشی قاچی راستی هاویشت، وەکو قەلەموون خۆی فش کردەوە!

- هەویەکانتان؟

هی بارزانی زوو گەڕاندەوە، چونکە ئیسلامی بوو، هی منیش کە سەیری کرد رەنگی زەرد بوو، گوتی: هەڵیگرە هەرچەندە هەویەکەم هی پارتی نەبوو، بەڵکو هی زانکۆ بوو! پاشان هی دڵداری کەمێك سەیرکرد گوتی: کوا ئیمزای سەری؟

- دڵدار: وەڵڵا لەوانەیە مامۆستا تاهیر لەبیری چووبێت!، مامۆستا تاهیر بەرگدروو بوو، لەلای دڵشادی برای دڵدار، ئەم پێناسەکەی بۆ پڕ کردبووەوە، چونکە دڵدار خوێندەواری نەبوو. کەچی دارگێوژ وایدەزانی مامۆستا تاهیر فەرمانبەری دائیرەی نفووسە. بەرەو هەورازی بانەمان سەرکەوتین‌و یەکە یەکە لۆفەکانی پیرمامان بڕی، لەدوا لۆفەو بۆ دواجار سەیری هەولێرم کرد، زۆر پەستبووم، سەرم بادا، لە دڵی خۆمدا دەموت: ئەوە بۆ کوێ؟ خۆم خۆم ئەنفال دەکەم.

رەفعەتەکۆر کە چاوێکی هیچی نەدەبینی، چاوەکەی تریشی کەم بینابوو، گوتی: ئەوە بۆ سەر بادەدەی مامۆستا؟

- هیچ نییە بیرکردنەوەیەکی خۆم بوو.

- مامۆستا خۆ هێشتان ئەوەندە بەدوور نەکەوتینەوە ئەوەندە زوو تێکچووی!

لە پرسگەی پیرمام کە زۆر توند بوو، بارزان ئیسلامی هەویەکەی دەرهێناو گوتی: ئێمە جەماعەتی بزوتنەوەین. ئەمیش ئیشارەتێکی کردو رۆیشتین. لە پیرمام لەبەردەم بەنزینخانە کۆنەکەی تەنیشت پۆلیسخانە لە دوای لاندگرۆزێکی سپی وەستاین. ئیسلامی دابەزی‌و چووە لای لاندگرۆزەکەو دوای ماوەیەکی کورت گەڕایەوە.

- وەرنە خوارێ بەم لاندگرۆزەرە دەڕۆین...





ئێمەش لەم دابەزین‌و لەوەیتر سەرکەوتین کە کوڕێکی گەنج جەمەدانیەکی بچکۆلانەی سووری لەسەر نابوو، لەپشت سوکانەکە دانیشتبوو. لەگەڵ سلفلێدانی لاندگرۆزەکە بارزان ئیسلامی دەمانچەیەکی تۆپڵی لەبەر پشتدێنی دەرهێناو خستیە سەر دەشبوولی ئۆتۆمبێلەکەو کلاشینکۆفێکی مزەلیش کە مەغزەنێکی حەفتاو پێنچی لەسەربوو لەتەك شۆفێرەکە خستیە نێوان قاچەکانی، زۆر لەسەرخۆ بە ئاراستەی لۆفەکانی کۆڕێ شۆڕ بووینەوە، چونکە شەقامەکان شەختەی کردبوو، پیرمام ئەو کاتە دانیشتوانێکی زۆری هەبوو یەکجار جەنجاڵ بوو، بەهۆی کۆبوونەوەی هێزەکانی (پ. د. ك) لەم شارۆچکەیەو دوای کشانەوەی لە شاری هەولێر لەبەرامبەر هێزەکانی (ی. ن. ك) لە شەڕی براکوژی، بەڵام بەم بەیانییە هاتوچۆ کەم بوو. بەم هێواشیە تا بەردەم پرسگەی دووەمی پیرمام کە لەسەر یەکەم لۆفە بوو، ئەمجارەیان بێ گیروگرفت‌و وەستان تێپەڕین، چونکە ئاژوێرەکەمان لە عەشیرەتی بارزانی بوو. هەر لە پرسگەکە دوور کەوتینەوە، ئیسلامی ریکۆردەرەکەی پێکرد، هەمان کاسێتی پێشوو بوو، لەم رێکەوتە سەیرە بارزانی‌و کاسێتی فەرهاد زیرەك! هێشتا ئەگەر شوان پەروەر بوایە باوەڕمان دەکرد.

- دڵدار: ئەوە چییە دیسان ئەو کاسێتە قۆڕە، ئەوە کێیە؟

ئیسلامی لەنێوان هەردوو کوشینی پێشەوە ئاوڕێکی خێرای دایەوەو کەمێك بە تووڕەیی سەیری دڵداری کرد هەر لە فابیان دەچوو، بەڵام وەڵامی نەدایەوەو رووی وەرگێڕا. تا گەیشتینە دووڕیانەکەی شەقڵاوە یەکیان بۆ نێو شار ئەوەیتریان بۆ دەرەوەی شار، راستەوخۆ بۆ هەریر، بێدەنگ بووین. پاشان لێمان پرسی کە لە کوێ هەویەکانمان کەپس دەکەین، گەر لە شەقڵاوە نەیکەین، هەریەکەو دوو هەویەمان بۆ کرابوو، بۆ پرسگەکانی تورکیا یەکیان "دەرنك"ی حیزبی تورکمان بوو، ئەوی دیکەیان ئیقامەی تورکی.

- ئیسلامی: لە هەریر کەپسیان دەکەین، با لێرە تاخیر نەبین. گەیشتینە نێو شارۆچکەی هەریر بەڵام چ شارۆچکەیێ دەتوت قوڕ بارییە باوەڕ ناکەم هیچ

گوندو لادێیەك ئەوەندە پیس بێ و ئەو هەموو قوڕەی لێبێت، لە هەموو شتێك بچێت، لە ڕێگایەکی ستراتیجی ئاوا نەدەچوو. هەویەکانمان کەپسکرد، لەگەڵ پەنچەرکردنی تایەی سپێری لاندگرۆزەکەو بەرێکەوتین تا گەیشتینە قەزای سۆران نەوەستاین.

- ئیسلامی: لێرە پارەکانتان بگۆڕنەوە بە (تومەن‌و لیرە). چووین پارەکانمان گۆڕیەوە کە هاتینەوە ئیسلامی دیارنەبوو چاو بگێڕە بە هەموو لایەك نەئیسلامی نە لاندگرۆز.

- ڕەفعەت: کوڕە خۆ ئەو هەتیووە نەهاتەوە؟

- مام ڕەفعەت: خەم مەخۆ دێتەوە، خۆ ئەگەر نەیەتەوەش ئەوەتە هەولێر دەگەڕێینەوە. باش نییە لە ئێران یان تورکیا جێی نەهێشتووین.

- ڕەفعەت: کوڕە چ دێتەوە خۆ ئێمەی کوشت! دوو هەزاری برد بەخوای چاومان پێ ناکەوێتەوە.

بەناچاری چووینە چایخانەیەك ماوەیەك دانیشتین بێدەنگ، لاندگرۆزێك بە بەردەم چایخانەکە تێپەڕی، ڕەفعەت بە ڕاکردنەوە بە قورعان هاتەوە، کەزانی هەونەبوو بە بێزاری گەڕایەوە.

- ڕەفعەت: ئەگەر ئەمن ئەو هەتیووەم ناسیبێ ناگەڕێتەوە، ئێستا لە نیوەی ڕێی ئێرانە. لەم قسانە بووینەوە ئیسلامی بە دەرکەوتەوە.

- ها چییە دەڵێی سیقەتان پێم نییە. ڕەفعەت دەستی لە ملی کرد دوو ماچی لێکرد.

- ئیسلامی: دەزانن ئەو سەگبابەی وەرەقەی دەکرد لێرە نییە، دەبێ زوو بڕۆین تا شەوێ بگەینە ئەودیوو. نیاز بوو بە ڕەسمی بچینە نێو ئێران، ئێستا بوو بە قاچاغ. ڕۆیشتین ئاوو هەوا زۆر سارد بوو تا گەیشتینە (چۆمان) لەوێ بەفرێکی ئەستوور خاکەکەی داپۆشیبوو تا (حاجی ئۆمەران) بەردەوامیش بەفر دەکەوت، لەبەردەم خواردنگەیەك کە بێ ناونیشان بوو دابەزین، لاندگرۆزەکە یەکسەر بەرەو پیرمام گەڕایەوە. دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ بە





پەلە، ئیسلامی گوتی بۆخۆتان گۆرەوی زۆرو کڵاوی عەسکەری گەرم بکڕن، باشترە لەگەڵ چەند نایلۆنێکیش لەژێرەوە لەپێبکەن. کە ئەو قسەیەم بیست تەواو دڵنیا بووم کە بە قاچاخ دەڕۆین، تا ئەو کاتەش ئومێدمان هەبوو کە لە ڕێگای بزوتنەوەی ئیسلامی وەرەقەمان بۆ دەکات. سێ جووت گۆرەویم کڕی، لەگەڵ چوار جووت عەلاگە، گۆرەویەکیشم لە پێبوو، عەللاگەیەکیشم لەسەر گۆرەوی یەکەم لە پێکردو ئینجا گۆرەوی دووەم‌و سێیەم‌و چوارەم بەم جۆرە....

بارزان بە ڕاکردن: کوڕە ئێوە لەکوێنە ئەوە چارەکە سەعاتێکە قاچاخچی بەرێکەوتوونە. ئێمەش بە پەلە هەندێك شتی ترمان کڕی وەکو کڵاوی سەربازی‌و چەند پاکێت پسکیت، بە ڕاکردن بەدوای بارزان کەوتین. لەو ڕێگایەی کە بەرەو ئێران دەڕوات بەدەستە ڕاست لاماندا تا ئەژنۆمان کەوتینە ناو بەفر. بارزان لە پێشەوەو دوای ئەو ڕەفعەت، دڵدار، عیماد، ئینجا من. لە چیای یەکەم چووینە خوارەوە کە زۆر بەرز نەبوو. جگە لەشوێن سمی وڵاغ هیچی تر دیار نەبوو، هەرچوار لامان شاخ بوو چیاکانیش بە بەفر داپۆشرابوون، لەکاتی بەسەرکەوتنی چیای دووەم بەفر دایباراند، لەبەر ئەوەی زۆرمان ڕاکردبوو هیلاك ببووین، لە هەڵگەران بەسەر چیای دووەم جگە لە بارزان، ئەویش نازانم بۆ نەماندوو دەبوو نە لە لوغم دەسڵەمیەوە پێموابوو حەبی بێ هۆشی قووت دابوو، چونکە جگە لەوەی ماندوو نەببوو، ڕەفعەتی بەدوای خۆی ڕادەکێشاو یارمەتی عیمادیشی دەدا. پێش ئەوەی بگەینە سەر شاخەکە شوێن سمی وڵاغەکان بەرچاو کەوت، بەڵام دیاربوو تازە بوون، هێشتا بەفر شوێنەواری ون نەکردبوون، زانیمان نزیك کەوتووینەتەوە، هەنگاوەکانمان خێراتر کرد، لەم کاتەدا ڕەفعەت دواکەوتبوو هاواری دەکرد: کوڕە عەیب نییە بەجێمدێڵن، ئێوە چ پیاوێکن ئەی لەگەڵ یەکتری نەهاتووینە! ڕەفعەت قسەی لە کردەوەکانی گەورەتر بوو! هەرچەندە بەتەمەن بوو نزیکەی (٤٠) ساڵ دەبوو، بەڵام خۆی بەگەنجێك نەدەگۆڕیەوە.

چاوێکی بە تەواوی لە بینایی بێبەش ببوو، چاوەکەی تریشی کەم بینابوو، بەشەو رووناکی باش نەدەبینی، لە رۆیشتن زۆر تەمبەڵ بوو. ئەگەر پێت وتبا بۆ ناتوانی برۆیت دەیووت: ئەو جگەرەیە منی کوشتووە. ئەگەرنا من ئەوها نەبووم، خۆم قاچاخچی ئەو رێیانە بووم. هەمیشە ناوی (کاروان)ی کوڕە بچووکی لەسەر زار بوو دەیوت: حەوت مندالّم هەیە تەنیا کاروان بەهیچیان نادەم. ئەگەر پرسیاری ئەوەت لێکردبا کە چاوت بۆچی وایلێهاتووە، زۆر شپرزە دەبوو بە پەلە وەلاًمی دەدایەوە: (ئەگەر کیمیاوی نەبا چاوم چ عەیبێکی نەبوو). هەور گوێی لە زەوی نابوو، لەگەڵ چیاکان تێکەڵ یەکتر ببوون، سپیەتی هەموو شتێکی داپۆشیبوو، هەتا پێڵوەکانمان بەفری کەوتبووە سەر دۆڵەکان پڕ بوون لە بەفر، ئەگەر بێتو یەکێك پێی هەڵزەنیبا ئەوە دوا چرکە ساتی ژیانی بوو. کە سەرکەوتینە سەر شاخەکە ئەو باریکە رێیەی کە هاتوچۆی رێبوارانی لەسەر بوو تا ئەژنۆ بەفر بوو. لەسەر چیاکە زیاتر لە بیست ولاًغ بەبارەوە لەتەك خاوەنەکانیان وەستابوون. دیار بوو زاتیان نەدەکرد بڕۆن ترسی کەمینی پاسدارانی ئێرانیان هەبوو، کە ئێمەیان بینی سەریان سوورما، چوار کەس بەم کرێوەیەو بەبێ ولاًغو بارێکی ئەوتۆ کەوتوونەتە رێ. ژوورێك لەسەر چیاکەی بەرامبەرمان هەبوو لێمان ببوو بە مۆتەکە، چونکە ترسی ئەوەمان هەبوو کە ئەمە شوێنی پاسداران بێت، مندالێکیان نارد سەر لە ژوورەکە بدات، گەر نەگەڕایەوە ئەوا دیارە کەمینەو مندالەکە دەسگیرکراوە، ئەو کاتە ئێمە ماوەی گەڕانەوەمان دەبێت، پێش ئەوەی مندالەکە بگات، بارزان گوتی با ئێمەش برۆین، وتم باشە چۆن برۆین، ئەوان شارەزان کەچی رێگا داناگرن!

- بارزان: ئەوەی دێت با بەرێ بکەوێ ... ئەوەی نایێت کەیفی خۆیەتی؟

ناچار بە دوای کەوتین. کەمێك لەنێو بەفرەکە کە هەتا ئەژنۆمان هاتبوو رۆیشتین، لەمبەر مندالەکە بەدەست ئیشارەتی بۆ کاروانی قاچاخچیەکان کرد





کە ژوورەکە چۆڵەو کەمین نییە، ئاوڕمان دایەوە دیمان قاچاخچییەکان جڵەوی ولاًغەکانیان گرتووەو بە راکردن دێن.

- بارزان (کوڕە هەرێن ... ئەگەر ئەوان پێش ئێمە بگەن ئێمە کەشف دەبین.

رامانکرد بەنێو ئەم بەفرە. . لەگەڵ شۆڕبووینەوە بەرەو نێوەڕاستی چیایەکە. . هەردوو قاچم تا نێوقەدم کەوتە نێو بەفرو بەشی سەرەوەی لەشم رۆیشت، وامزانی لەشم بۆتە دوو پارچە، بەهەردوو دەست خۆم لە بەفری پێشەوە چیڕ کردەوە سوودی نەبوو، زۆریش دەترسام کاروانی قاچاخچیان بگەنە سەرمو بەسمی ولاًغەکانیان لەنێو بەفر ختمم بکەن، بە پەلە بەفری پێشەوەی خۆم بە چنگ رامالّی تا قاچێکم راکێشا دەرەوە ئینجا قاچی دووەم، کاتێك رووم وەرگێڕا سەیردەکەم ولاًغەکان چەند هەنگاوێکیان ماوە بگەنە لام، هەر ئەوەندەم بۆکرا خۆم فرێبدەمە لاتەنیشتێك، تا هەموو ولاًغەکانو خاوەنەکانیان تێپەڕین. ئینجا منیش بەدوایانەوە دووبارە بەراکردن. لە ناوەڕاستی چیاکە بەدەستە راست سووڕاینەوە، کاروانەکە هێواشی کردەوە، کە گەیشتینەوە بارزانو جەماعەت، لەسەر بەردێك وەستاین. پرسیارم لە بارزان کرد، ها بۆ وەستاوین؟

- سەیرکەن ئەو گوندەی خوارەوە گوندی (زێوە)یە، ئێمە دەچینە ئەو گوندە، بەلاًم هێشتا دنیا رووناکە، ئەگەر بچینە خوارەوە پاسدار دەمانبینێت، دوای کەمێکی تر تاریك دادێت شۆڕ دەبینەوە، بەلاًم ئەمجارە کەس بەجێنەمێنێت، دەبێت زوو بگەینە نێو گوند. کاتژمێر (٣) تا (٤)و نیو لەپەنای بەردەکە وەستاین نەدەوێراین لەپەنای بەردەکە بێینە دەرەوە، دەیانوت ئەگەر بتان بینن (خۆمپارە) داوێن. نەماندەزانی خومپارە چییە، هەر بەدۆشکە تێدەگەیشتم. هەستم کرد هەردوو قاچم سڕبووینە. دووبارە لە کاتژمێر چوارو نیو دەستمان بەراکە راك کردەوە ئەمجارە "عیمادو رەفعەت" بەجێمان، جارێك گەڕامەوە دەستی رەفعەتم گرتو رامکێشا دەیووت بە قوربانی ئەو چاوەت دەبم بەجێمنەهێڵی ئەوجارە چیدی جگەرە ناکێشم!

گەیشتینە خوارێ ماوەی نێوان شاخەکەو گوندی زێوە دوو کیلۆمەتر دەبوو، دەبوایە ئەو ماوەیە زۆر بەخێرایی ببڕین، لەبەرەوە بنکەی پاسداران زۆر نزیك بوو، بلاجکتۆریش دەوری بنکەکەی رۆشن دەکردەوە، ئەم بلاجکتۆرە لەهەر شوێنێکی بدایە دەیکردە رۆژی رووناك، یەکە یەکە بەدوای یەکتری رامان کرد، بارزان لەپێش ئێمە گەیشتە ژێر درەختەکان کە باخچەیەکی گەورە بوو لەپێشەوەی دێیەکە منیش بەهیلاکییەکی زۆر خۆم گەیاندە ئەوێ، یەکسەر کەوتم تەنانەت توانای هاویشتنی هەنگاوێکی ترم نەمابوو، وتم: بارزان کوا زێوە؟ گوتی دوو سەعاتە رێیە. کەچی ئەوە پێنج سەعاتە ئێمە بەڕێوەین... دڵدارو عیمادیش دوای کەمێك گەیشتن، رەفعەتیش لە ناوەڕاستی رێگاکە توانای راکردنی نەمابوو، وردە وردە بەرەو لای ئێمە دەهات، بەر لەوەی بگات، بەدەستە راست لایداو بەرەو رووی بنکەکە رووی وەرگێڕا هیچی نەدەبینی. . چەند جارێك فیکەمان بۆ لێدا، بەلاّم بێ سوود بوو، ناچار بارزان چوو دەستی گرتو لەگەڵ خۆی هێنایەوە، گوتی بابڕۆین. پێش ئەوەی جوولە بکەین دوو کەس بەلایتی دەستی بەرەو روومان هاتن، خۆمان خستە پشت درەختە زلەکان، بەلاّم پێش ئەوەی بگەنە لای ئێمە بەرەو ئەو باریکە رێیەی کە پێچەوانەی رێگاکەی ئێمە بوو لایاندا، دوای ئەوان رامان کرد تا گەیشتینە ژێر دیواری یەکەم خانووی دێیەکە، لە سووچی کۆلاّنەکە سووڕاینەوە جێبێکی سەربازی دەرکەوت، بە پەلە خۆمان فڕێدا نێو کۆنە خانوویەك کە پڕبوو لە کاو تەپك، کاتێك جێبەکە لێمان رەت بوو، سەقفو دەرگای نەبوو، چوار کەس بەجلی کوردیو چەك بەدەست سەرنشینی بوون، دیاربوو جاشی رژێمی ئێران بوون بەنێو دێیەکە دەسووڕانەوە. دوو کۆلاّنی ترمان بڕی، بارزان لەدەرگای ماڵێکیدا منداڵێك هاتە دەرەوە پێش ئەوەی قسەی لەگەڵ بکات، گوتی وەرنە ژوورێ خێراکەن باکەس نەتانبینێت. لە ژوورەوە پیاوێکمان بینیو تەوقەمان لەگەڵ کرد ناوی مستەفا بوو، بەگوێرەی هەڵسوکەگوتی لەگەڵ بارزان بە قاچاخچی دەچوو،





پاشان بۆمان دەرکەوت کە بۆچوونەکەمان راستە، ئێمەی بردە ژوورەوە، بەلاّم گوتی: قسە زۆر مەکەن جاشەکان بەوناوە دەسووڕێنەوە، چووینە ژوورێکی گەرم، کاتژمێر (٧)ی تەواو بوو هێندەی نەبرد سفرەی نانخواردنیان راخست کەوتنە جوولە جوول، نیسکیان لێنابوو، لەکاتی خۆی بوو، چونکە لەرێگا زۆر ماندو بووبووین ئارەقەمان کردبوو، تەواو پێویستیمان بەخواردەمەنیەکی گەرمو وزەبەخش هەبوو. پاشان دوو سێ جار چایان بۆ هێناین، دیاربوو دەیانزانی زۆر ماندوبووینە، شتەکانیان خێرا خێرا دەهێنا، دوای چاخواردنەوە زوو جێگەیان بۆ راخستین. بە منداڵەکەم وت: ئەگەر زەحمەت نەبێ کەوچکێك رۆنم بۆ بێنە، بەلاّم با کەس نەزانێ خۆت بڕۆ بیهێنە. زۆر بەخێرایی چوو هێنایو هاتەوە.

- رەفعەت: ئەی بەقوربانت بم چۆن فکرت بۆ رۆن چوو؟

هەردوو شانو هەردوو بەلەکەکانم چەور کردو خۆم خستە نێو جێگاکە، دۆشەکێکی خوری نەرم لەگەڵ لێفێکی ئەستوور. ئەوانی تریش بێدەنگ بوون، بەیانی زوو هەڵساین دەمو چاومان شوشت، خۆمان ئامادەکرد خەریکی نانخواردن بووین (مستەفا)ی خانەخوێ گوتی: ئەوە ماشێنەکە ئامادەیە.

بارزان: با زوو بین هەتا سەیتەرە نییە. شتەکانمان هەڵگرتو بەرەو ئۆتۆمبێلەکە چووین، جێبێکی زەیتونی بوو، کوڕێکی تەمەن (٣٠) ساڵی شوفێری بوو یەکێکی تریش لەپێشەوە دانیشتبوو، کەوتینە رێ لە زێوە بۆ خانە، لە رێگا تووشی گەلە گورگێك بووین کەوتنە دوامان، شوفێرەکە هێواشی کردەوە، ئێمە وامانزانی دەترسێتو دەیەوێت بگەڕێتەوە لەبەر ئەوەی بەم بەیانیە تەنیا ئێمە کاروانی بووین، دواتر راوەستاو خۆیو هاوەڵەکەی هاتنە خوارەوەو بەبەرد رەدووی گورگەکان کەوتن. زۆرم لا سەیر بوو، چونکە من بیستبووم کە گەلە گورگ لە هیچ ناگەڕێنەوە. . ئیتر رۆیشتین تا نزیك خانە لەوێ لاماندا سەر رێگایەکی خۆڵ کە دەکەوێتە پێش خانە بۆ ئەوەی رووبەڕووی هیچ پرسگەیەك نەبینەوە، کاتژمێر نزیکەی (٨)

بوو گەیشتینە خانە، چووینە نێو کۆڵانەکان تا گەیشتینە بەر دەرگای ئەو ماڵەی مەبەستمان بوو، بارزان بە تەنیا دابەزی، لە دەرگایدا کوڕێك دەرگای کردەوە، کە بارزانی بینی سەراسیمە بوو یەکتریان ماچ کردو بۆ لای ئێمە هات: فەرموون ...فەرموون بەخێر بێن چووینە ژووریّ حەوشێکی گەورە، بەرامبەرمان دوو ژوور هەبوو، گەیشتینە بەردەم ژوورەکان لای دەستەچەپ هەیوانێك هەبوو منداڵێك لەسەر پشت راکشابوو، بەلاّم چ منداڵێك لە قاچی تا ملی زۆر بچووك بوو، کەچی سەری زۆر گەورە بوو گەورەییەکی لەرادەبەدەر، ئاسایی نەبوو دیاربوو ئەمەش جۆرە نەخۆشییەك بوو. ژنێکی گەنجیش لەپشت سەری دانیشتبوو، لەو لاوەش ئافرەتێکی بەساڵاّچوو، هەر لە دەستەچەپ ژوورێکی تر هەبوو دەرگاکەی کەوتبووە ژێر هەیوانەکە، خانووێکی قوڕ هەروەکو دێیەکانی لای خۆمان، لە دوای هەموو دەرگایەکیش بەتانیەکیان پێدا شۆڕ کردبووەوە، چووینە ژووریّ (پیرەمێردێك) دیاربوو زیارەتی ماڵی خوای بەجێگەیاندبوو، لە سوچێك لەسەر بەرماڵ دانیشتبوو تەسبێحێکی لەدەست بوو ویستی لەبەرمان هەڵسێتەوە نەمهێشتو دەستیم ماچکرد: دانیشە مام حاجی ئەم ئەزیەتەی ناوێت ماڵی خۆمانە. کەمێك دانیشتین (بارزان) گوتی من دەڕۆم بزانم وەجبەکەی ترم چیان بەسەر هاتووە، لە (نەغەدە) ئێوارە دەگەڕێمەوە لاتان، نیوەڕۆ نانێکی باشیان بۆمان ئامادەکردبوو، هەروەك ماڵی خانەخوێکەی (زێوە) چەندین جار لەسەر یەك چایان بۆ هێنایین، تا تکامان لێکردن کە زیاتر بۆمان ناخورێتەوە ئینجا وازیان هێنا. دوای نیوەڕۆی ئەو رۆژە کەوتینە خەو تا بەرەبەری ئێوارە رۆژیش کورت بوو، لە کاتژمێر پێنج بەرەو تاریکی دەچوو. ئێوارە دووبارە نانیان دانرایەوە، ئەمجارە پەنیرو ماست، بەلاّم چایان بۆ نەهێنایین تا تەواو بووین شەرمیشمان دەکرد داوای چای بکەین نانەکەش بە وشکی لە قورگمان نەدەچووە خواریّ، (وا حاڵی ببوون کە ئێمە لەگەڵ خواردن چا ناخۆینەوە) دوای نانخواردن پیاڵەی چایە ریزی گرت، لەگەڵ ریزی سێیەم میوانێك



وەژوور کەوت دوای سلاّوکردنو چاکوچۆنی بە یەکتریان ناساندین (حەسەن)، کە کوڕە گەورەی ئەم ماڵە بوو گوتی: کاك حوسێن ئەوانە ئێراقین هاتوونەتە کاریّ، ئەوەش کاك حوسێن زاوامانە. ئەو (حەسەن)ە دیار بوو خۆشەویستی باوکی بوو هەر ئەم کوڕەی هەبوو ژنو منداڵێکی هەبوو، (باوکی منداڵە نەخۆشەکە) کە ناوی بارزان بوو، هەر کاتێك لەگەڵ ژنەکەی تۆزێك زویر بووایە دەستی بە جنێودان دەکرد. جارێك منداڵێکی دراوسێیان کەمێك قیژەی کرد دایکی (بارزان)یش هەر لەسەری رۆیشت تا حەسەن گەڕایەوە ماڵەوەو گوێی لێبوو گوتی ئەم دەنگەدەنگە چییە؟ ژنەکەش بەگریانەوە گوتی: منداڵی ماڵی ئەحمەد نایەڵن (ئازاد) بخەوێت. . ئیتر ژنە دوو سێ جار لەسەریەك گوتی: تۆ پیاو نیت ئەگەرنا بۆچی لێدەگەڕێیت ئازاد بترسێت.

- حەسەن: کچێ بێدەنگ بە (هەی.... ماڵا ئەحمەدت خڕ بە ...) باوکی گوێی لێبوو بانگی کرد: حەسەن، حەسەن ...

حەسەن: بەڵێ

- وەرە

- فەرمووو؟

ئەوە ئەو جنێوانەت بەکێدا؟

- حەسەن: بە ماڵا ئەحمەدی. منداڵی ئەم ژن .... وەستانیان بۆ نییە.

باوکی بەتوورەیی رووی وەرسووڕاندو تەسبێحەکەی گورج گرتە دەست. ئێمەش واقمان وڕمابوو، تەواو بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو لەو بێدەنگییە حوسێن پرسیاری لێمان کرد: برا ئێوە هاتوون بۆ کاریّ؟ دەبوا ئێمەش بۆ ئەوەی لە نیازمان نەگەن درۆ بکەینو هەر یەکەمان ناوی کارێك بڵێت، تاوەکو نەزانێت نیازی دەرچوونمان هەیە بۆ تورکیا دیاربوو جێگەی بڕواو متمانەی ماڵی خەزوری نەبوون.

- دڵدار: من بەرگدرووم.

- نەجات: منیش بۆیەچیم.

- رەفعەت: وەڵڵا من هەموو كارێك دەكەم زۆر ئیش‌وكاریش دەزانم.
- ئەی تۆ ئاغا بۆ كاری نەهاتوویت؟
- بەڵێ. . بەڵێ چۆن؟
- چ كارێك؟ ١٨

بیرم كردەوە چی بڵێم، بەدڵی ئەم پیاوە بێ. گەر بڵێم خوێندكاری كۆلێژم، لەوانەیە گاڵتەم پێبكات، گەر بڵێم مامۆستام، رەنگە فشەی پێبێت، چ بڵێم؟ هیچ شتێكی وام بەخەیاڵ نەدەهات لەو هەموو ئیشە زۆرە.
- بەڵێ كاكە من فیتەرم.
- فیتەر چییە؟
- حەسەن: وەستای ماشێنی.
- جا كوا ئەو ماشێنانەی ئێرە وەكو ئێراقێنە؟

ئەی خوایە گیان ئەوە چییە تووشم بووە. . ئێستا چ بەم پیاوە بڵێم بەڵكو بڕوایی بێت‌و وازم لێبێنێ. .چی بۆ باسكەم كە هیچ نەزانم؟
- پێموایە جیاوازیەكی ئەو تۆ نییە لەنێوان ماشێنی عێراق‌و ئێران.

كەمێك بێدەنگ بوو سەری دانواندو دەستی بۆ كلۆیەك قەند بردو خستیە دەمیەوەو پیاڵەكەشی لەشوێن خۆی خواركردەوە تا ژێرپیاڵەكەی پڕكرد لە چا، بەرزی كردەوەو یەك دوو جار فووی لێكردو مژێكی دوورو درێژی لێدا، هێشتا پیاڵەكەی هەر بە دەستەوە بوو گوتی: ئێوە بەیانی دەڕۆن؟
- بەڵێ

كاتژمێر بوو بە (١٠,٣٠) حوسێن هەڵسا سەر پێ‌و خواحافیز بوونی كردو رۆیشت. هەر لە دوای ئەم نوێنی خەوتنیان هێنا، زۆر هیلاك بووین بە دەست ئەم پیاوە، یەكسەر خۆمان خستە نێو جێگاو تا بەیانی خەوتین. بەیانی هەڵساین هەر كەسە نوێنی خۆی رێكخست، یەك یەك چووینە دەرەوە بۆ تەوالێت، لە گەرماوەكە تەنەكەیەك ئاوی گەرمیان دانابوو دەبوایە ئاوی ساردی تێكەڵ بكەین تاكو ببێتە شلەتێن، ئینجا دەموچاومان بشۆین.





هەمدیس پەنیرو ژاژی‌و ماستیان هێنا بەبێ چا لەگەڵ هەر پاروێك دەبوایە تف قووت دەینەوە، بە هەرحاڵ نانەكەمان خوارد، پاشان چایان هێناو چەند چایەكمان خواردەوە . . .، هەر بەدەم چاخواردنەوەش (باوكی حەسەن) كەوتە گێڕانەوەی سەرگوزشتەكانی (ئێمەش خەڵكی كوردستانی باشوورین هەر لە زووەوە لەبەر ناجۆری بارودۆخی سیاسی هاتووینەتە ئێرە، دانیشتووی ناوچەی حاجی ئۆمەران بووین، زۆر لە ناسیاوەكانمان كە لەگەڵ ئێمە هاتبوون دوای راپەڕین گەڕانەوە ناوچەكانی خۆیان لە باشووری كوردستان) پاشان كەوتە پیاهەڵدانی خۆی كە چۆن قاچاخچیەك بووە، ئینجا زانیمان كە بە پارە جێگەمان دەكەنەوەو نانمان پێدەدەن، بۆ ئەوەش كە كاتمان لێبڕوا دوای نیوەڕۆ دەخەوتین تا عەسرێكی درەنگ، ئەو رۆژانەی دوایی توانای دەموچاو شوشتنیشمان نەمابوو، هەر وا دائەنیشتین تا نانی ئێوارەشمان دەخوارد، جگە لەبیركردنەوە لە (بارزان ئیسلامی) بیرمان بۆ شتێكی تر نەدەچوو، لەم دڵتەنگیە جارێكی تر(كاك حوسێن)مان لێ پەیدابووەوە، پێش ئەوەی سڵاو بكات گوتی: ئەوە هێشتان هەر لێرەن؟
دۆش داماین‌و سەیرێكی یەكتریمانكردو پێكەنین! ئەوندەیتر كاك حوسێن لێمان زویربوو، چونكە خێزانی حەسەن جاحێڵ بوو، هەروەها خێزانەكەی خۆشی زۆر منداڵ بوو لەچاوخۆی، بۆیە تا دەهات گرژتر دەبوو، بەلام سوودی نەبوو، چونكە هەتا قاچاخچییەكەمان نەگەڕابایەوە دەریشیان كردبایین نەدەڕۆیشتین، بۆیە حوسێن خۆی بۆ نەگیراو گوتی: خێرە ئەم شەوەیش نەڕۆیشتن؟
رەفعەت: وەڵڵا خاڵە رێك نەكەوت، بەلام ئینشائەڵڵا سبەینێ بەڕێدەكەوین. قسەكانی بەدڵ نەبوو چیتر گرنگی بە ئێمە نەدەدا رووی وەرگێڕا بۆ لای باوكی حەسەن، وایدەزانی كە هەست ناكەین، كەچی نەیدەزانی ئەمە پەیوەندی بە شعورەوە نییە، بەڵكو پەیوندی بە بارزان ئیسلامییەوە هەیە. بەیانی وەكو هەموو بەیانیەكانی تر دڵتەنگ بووین، رەفعەت پێش ئەوەی

دەموچاوی بشواتو نان بخوات جگەرەیەکی داگیرساند سێ چوار مژی توندی لێداو هەڵیکێشا بێ ئەوەی رێگا بە دووکەڵەکەی بدات لە دەمی بێتە دەرەوە، بەدەم قسەکردنەوە وردە وردە دووکەڵەکە دەهاتەدەرێ وەکو بڵێی هەناوی ئاگری گرتبێ: جا وەرە حەفت منداڵت جێهێشتبێ، خوێڕییەکی ئاواش فێڵت لێبکاتو پارەت بخوات، بە شەرەفم بچێتە باوەشی داکیشی سەریدەبڕم.

کاك حەسەن دەکرێ تەلەفۆنێك بۆ دەرەوە بکەینو ئەگەر بچینە نێو شار ترسی گرتنمان نابێت؟

- حەسەن: بەڵێ بۆ ناکرێ، هەر ئێستا با بڕۆین منو دڵدار لەگەڵ حەسەن رۆیشتین، دوو سێ کۆڵان لەوێ بە سەرەوە شەقامێکی سەرەکی هەبوو، تەکسیەکی راگرتو تا سەنتەری خانە. ناو بازاڕەکە پڕبوو لە پۆلیس تا گەیشتینە بەداله بەسەد دوعا، چەند جارێ هەوڵماندا بۆمان نەهاتە سەر خەت بۆ یۆنان هیچ تورکیا، ئەڵمانیا ئەویش هیچ زیاتر لەنیو کاتژمێر خەریك بووین بێ سوود بوو حەسەن گوتی: دەچینەوە ماڵێ نانێك دەخۆین ئێوارێ دێینەوە. لەبەر دەرگا دەستی لە تەکسیەك بڵند کردو سەرکەوتین کەمێك رۆیشتین لەسەری کۆڵانێك سووڕاینەوە دەمبەرێك بەرامبەرمان هات چۆن هاتنێك رێك خۆی بە تەکسییەکە کێشا بێ ئەوەی هێواش کاتەوە، بوو بەقەڵەبالغی پۆلیس هات بووە دەمەقاڵێو کێشمەکێش. بەحەسەنم وت ناکرێ تەکسیەکی تر بگرین؟

- حەسەن بۆنا. شوفێرەکە هاتە خوارێ، حەسەن بەدوای کەوت بۆ ئەوەی پارەی بداتێ. . پۆلیس وایدەزانی حەسەن بۆ شەڕ وا بەپەلە رووەو قەڵەبالغیەکە دەڕوا یەخەی حەسەنیان گرتو بۆلای ئۆتۆمبێلەکەی خۆیان برد، کە جێبێك بوو، پۆلیسێکی تر لەگەڵ شوفێرەکە بەرەو تەکسیەکەی ئێمە هاتن ئێمەش لەنێوی دانیشتبووین نەمانزانی بێینە خوارێ... یان دانیشین، گەر بێینە خوارێ ... بۆ کوێ بچین حەسەن چۆن دەماندۆزێتەوە. دانیشتین پۆلیس وا خەریکە بگاتە تەکمان ... ئێمە لەم بەینەبووین هەردووکیان



گەیشتنە بەردەم تەکسییەکە سەری هێنایە ژوورەوە، تەماشایەکی کردین قسەیەکی کرد پێش ئەوەی وەڵامی بدەینەوە حەسەنیش گەیشتە پشتی: ئاغا ...؟ پۆلیسەکە ئاوڕێکی دایەوە، لەگەڵ قسەکردن بە دەستیش بە ئێمەی وت بڕۆن.

بەهێواشی دەرگامان کردەوەو بەرەو لای جەنجاڵیەك. . لەوێش بەرەو شوێنی تەلەفۆنەکە. رۆیشتنێکی خێراو بە دڵەکوتە خۆمان گەیاندە ئەوێ کە کەوتبووە سوچێك لەسەر شەقامی سەرەکی لەدەستە راست، بنکەیەکی پۆلیس لە بەرامبەری بوو لەلای دەستە چەپ لەژێر دیوارەکە دانیشتین هەرچەندە خانە شارێکی ئەوەندە گەورە نییە، بەڵام کە نەشارەزابیت بۆ کوێ دەچیت، سەرەڕای ئەوەش ترسی گرتنت هەبێت. هەر ئەوەندە چارەکە سەعاتێکی پێچوو حەسەن دەرکەوتەوە وامانزانی ئەسپی باڵدارمان لێپەیدابووە ئەوەندە دڵمان خۆشبوو.

- ئەوە ماون!

- ئەی چیمان لێبێت؟

- نا قەسدم ... لێرە ماون.

- ئەوە نامان بینی.

- باشە بابڕۆین بۆ ماڵەوە.

دووبارە تەکسییەکی تری وەستاند تا بەردەرگا بمانبات بە هەزار تومەن. دووهەزارم دەرهێنا.

- فەرموو کاك حەسەن.

حەسەن: ئەوە چییە لێگەڕێ با لە حیسابی من بێ.

زۆر سوپاس تۆش خاوەن خێزانی، جگە لەوەش بێکاریت بۆ لە حیسابی تۆ بێت.

چووینە ژوورێ پێش ئەوەی سلاّو بکەین:

- رەفعەت: بارزانتان نەدی؟

- نەخێر
- ئای ئەو هەتیووە، چۆن دەگەی لێداین!
- باوکی حەسەن: بۆوا دواکەوتن. . حەسەن؟
- حەسەن: وەڵلاٚ باوە تەلەفۆنەکە خەڵکی زۆری لێبوو.
- دەباشە بڵێ با نانەکە بێنن.

خێزانی حسەن نایلۆنی هێناو رایخست، حەسەنیش خواردنەکەی دەگواستەوە ئێمەش لە دەرگای ژوورەکە یارمەتیمان دەدا. شلەساوار بەگۆشت بوو، زۆر بەتامو چێژ بوو، لەسەر نانخواردن بووین بارزان خۆی کرد بە ژوورا. ئەو رەفعەتەی هەموو رۆژێ جنێوی پێدەدا یەکسەر هەڵسا ئەملاو ئەولای ماچ کرد! لەسەر چۆك دانیشت یەك دوو تیکەی خوارد گوتی: زوو نانتان بخۆن تازە جەبارم دیت گگوتی وەرن تا بەرێبکەوین. نانەکە هێشتا هەر لە قورگم بوو پەرداخێك ئاوم بەسەردا هەڵقورتاندو هەڵسامە سەرپێو وتم:

- من ئامادەم با برۆین.

رۆیشتین تا سەر شەقامی سەرەکی، دیار بوو بارزان باش شارەزای ناوچەکە ببوو، وەکو ئێمە یەکەم جاری نەبوو. هەموو تەکسییەکی رانەدەگرت بەتایبەتی ئەو تەکسیانەی دەوەستاند کە سەرنشینێك یان دووانی تیابوو.
دوایی لەگەڵ تەکسیەك کە دوو کەسیتری لەگەڵ بوو رۆیشتین تا نێو بازاڕەکە لەوێش بە جێبێکی نەفەرات بەرەو ناوچەی کارگەکان.

- ئاژوێر: لەو سوچەی بۆ ئەم شوێنە دەڕوات پشکنین دانرابوو.
- بارزان: بە شوێنی خۆتدا بگەڕێوە.

لەگەڕانەوە جەبارم بینی لەماڵێك دەهاتەدەر کە کەوتبووە سەر شەقامەکە.

- بارزان ئەوە جەبارە!
- راگرە. . راگرە. .. کەمێك گەڕاینەوە دواوە جەبارو برادەرەکەی کە خاوەن کارگەکە بوو ناوی سەید برایم بوو لەگەڵ خۆمان هەڵگرتوو رووەو سەنتەر کەوتینە رێ، لەوێ سەید برایم چوو پێنج هەزار تومەنی هێناو دایە جەبار





ئەویش دای بە من. هەر بەم جێبە جەبار لەگەڵمان هات تا نزیك ماڵی حەسەن، لەوێ دووبارە یەکترمان ماچکردو گوتی: هەر ئەو شەوەی رۆیشتن، عومەر بۆت دەگریا.

- چەند زوو هێشتا هەفتەیەکی بەسەردا تێنەپەڕیووە؟ باشە سلاٚویان لێبکە بڵێ زۆر باشە بەم زوانە دەردەچێت، خوا حافیز......
- خوات لەگەڵ بێ ئاگاداری خۆت بە.

بەرەو ماڵەوە گەڕاینەوە دیار بوو خۆیان ئامادە کردبوو، کەمێك دانیشتین بارزان هەڵسایەوە سەر پێو گوتی دەچم سەیارەیەك پەیدادەکەم. بەلاٚم دەبێت ئاژوێر جێگەی بڕوا بێت، چونکە ئێمە قاچاخ بووین دوای نیو کاتژمێر بارزان گەڕایەوە ئۆتۆمبێلێکی بیجۆی رەنگ رەشی هێنابوو، ئەویش هەر کورد بوو پانتۆڵێکی رەشو کراسێکی سپی لەبەر بوو، تەمەنی هەر لەدەوری سی ساڵێك دەبوو. کاتژمێر سێو نیو دەبوو، بەرێکەوتین. پێدەچوو بارزان ئاژوێرەکەی تێگەیاندبێت، بۆیە راستەوخۆ لایدا دەرەوەی پرسگەی خانە کە رێگاکە تۆزێك دوورتربوو لە رێگای ئاسایی، بە قسەی خۆی دەیوت: ئەم رێگایە دڵنیاترە لەویتر. کەچی ناو خانەو دەرەوەی هەر هەمووی جێگەی مەترسییە. چونکە پڕە لە سەربازو پۆلیس. کە لە خانە دەرچووین کاسێتێکی زیاد ئەسعەدی خستە سەر تەسجیلەکەو هەر بەدەم لەگەڵی دەوتەوەو بەدەستیش تەپڵی بە سوکانەکە لێدەدا زۆر زەوقی هەبوو. کاتژمێرێکی تەواو بوو بەرێگاوە بووین، هێشتا نەماندەزانی بەرەو کام شار دەڕۆین، رووەو ورمێ یان مەهاباد یاخود نەغەدە.

- ئێمە ئێستا بەرەوکام شار دەڕۆین، دەمانەوێت بچینە کوێ؟
- بارزان: ئێستا بەرامبەر شاری (شنۆ)ین، بەلاٚم کەمێکی تر بەدەستە راست بەرەو نەغەدە، ئەویش زۆر دوور نییە. لەم بەینە بازگەیەکی هەبوو ئۆتۆمبێلێکیان وەستاندبوو ئاژوێرەکە هێواشی کردەوە بارزانیش گوتی کەس تەماشای ئەو پۆلیسو سەربازانە نەکات ئاسایی بن، خۆتان مەشڵەژێنن. پێش

ئەوەی بگەینە بەردەم بازگەکە ریکۆردەرەکەی کوژاندەوەو تەواو هێواشی کردەوە لەبەردەم سەربازگاکە رایگرت، کە سەربازێکی خڕکەڵەی کورتەبنە بوو سەرو سمێڵی تاشیبوو، بەڵام ریشی بەردابووەوە، بە ئاژوێرەکەی وت لەکوێ دێن؟

- خانە
- هیچت پێیە؟
- نەخێر
- سندوقەکە بکەوە.

بەخێرایی دابەزیو سندوقەکەی کردەوە. سەیرێکی تەواوی سندوقەکەی کردو هیچ نەبوو، ئاژوێرەکە بە پەلە سەرکەوتەوەو خۆی خستە پشت سوکانەکە. لە دەروازەی نەغەدە بازگەیەکی تر هاتە پێشمان، بەڵام نەیوەستاندین. لە سەنتەری نەغەدە لەبەردەم چایخانەیەك دابەزین.

- بارزان: ئێستا دەچینە ئەو چایخانەیە بەس کەس قسە نەکات با نەزانن ئێمە عێراقین، تا ئەو برادەرە دەدۆزمەوە.

چووینە ژوورێ، جامخانەیەك چایخانەکەی کردبووە دووبەش کە بەشی دواوە بۆ شتومەكو چایە لێنان بوو، لەسەری دواوەی جامخانەکە گەنجینە بوو لەگەڵ کورسییەك کە خاوەنەکەی لەسەری دانیشتبوو، جگە لە خۆی کەسیتری لێنەبوو.

- بارزان: من دەڕۆم دوو کەس لەگەڵم بێت دوو کەسیشتان لێرە بمێننەوە هەتا دەگەڕێینەوە، با هەموومان بەیەکەوە نەڕۆین، با نەجاتو رەفعەت لێرە بن، دڵدارو عبدالرحمن ئێوەش لەگەڵ من وەرن، پێنج دەقیقەمان پێدەچێت زۆر دوور نییە.

ڕۆیشتینە دەرەوە بۆلای چەپی دوکانەکە زۆر بە وردی سەیری کۆڵانو شەقامەکانم دەکرد، نەوەك یەکتر ونبکەین، یاخود رووبەڕووی پۆلیس ببینەوەو رابکەین، لەو کاتەشدا هەر کەسە بە تەنیا رادەکات، ئەگەر ئەم



دوکانە یان ئەم شوێنەی بۆمان دیاری کراوە پێنەزانین ناتوانین بچینە جێگایەکی تر. دوای ئەوەی سێ چوار کۆڵان بەپشت چایخانەکە چووینە خوارێ، دیار بوو شوێنەکە زۆرکۆن بوو، گشت خانووەکانی لە قوڕ دروست کرابوون، وەکو لادێکانی لای خۆمان، لەبەردەم ماڵێك وەستاین، دەرگاکەی شین بوو بەرامبەر ئەم ماڵەش گەراجێکی داخراوی گەورە هەبوو لە دەرگاماندا، وەڵام نەبوو جارێکی تر بەهێزتر لێماندا هیچ کەس نەبوو. سەرێکم بەسەر داگرت، ئاوەدان دیاربوو، دووبارە لێمانداوە. ژنێکی گەنج منداڵێکی لەباوەش بوو، بە ئاستەم دەرگاکەی کردەوەو سەیرێکی کردین.

بارزان: زەحمەت نەبی (محەمەد) لەوێیە؟

گەنجێك لەپشت ژنەکە سەری هەڵکێشا.

- بارزان: هەڵۆ محەمەد.
- تەفەزڵ. . تەفەزڵ. . .

کوڕێکی لاوازی رەشتاڵە بوو، لە کاتی قسەکردن کوردیو عەرەبیو فارسی تێکەڵاو دەکرد، نەمانزانی کوردە یا عەرەب یا فارسە. لە خانووێکی دوو ژووری تەسك دەژیان، ژووری پێشەوە ژووری میوان بوو، چووینە ژووری سەرەوە، دەرگاکە زۆر نزم بوو دەبوایە خۆمان بچەمێنینەوە، هەر مەترو نیوێك دەبوو، بەتانییەکیان راخستبوو مێزێکی بچووکیش لەبن دیوارەکە دانرابوو، قاپو قاچاغی لەسەر دانرابوو.

- بەخێر بێن.

خێزانەکەی هاتە ژوورێ منداڵەکەی هەر لە باوەش بوو.

- بەخێر بێن.

ژنەکە لەتەك دەرگاکە دانیشتبوو دوگمەی کراسەکەی کردەوەو بەدەستی چەپی منداڵەکەی گرتبوو، بەدەستەکەی تریشی مەمکی خستە نێودەمی منداڵەکە، تەمەنی هەر هەژدە ساڵان دەبوو، محەمەدیش نزیکەی (٢٨-٢٩) ساڵ بوو.

- بارزان: من دەگەڕێمەوە لای جەماعەت ئێوە لێرە بن.
- کاک محەمەد بە ئەسڵ خەڵکی کوێیت ؟
- وەڵڵا.. خەڵك بەغداد کوردی باش نازانم لە وەرا ئینتیفازە هاتم، لە ئێران ساڵی (٩٢) لەیلە هێنام. لەیلا کچە کوردێکی کوردستانی عێراق بوو، لە دوای راپەڕین ئاودیوی کوردستانی ئێران ببوون، لەوێ بەگەڵ ئەم کوڕە عەرەبە کەوتبوو. هەر نیو سەعاتێکی خایاند رەفعەتیش هات، دیاربوو بارزان هەتا پێش دەرگای هێنابوو، خۆیشی لەگەڵ نەجات رۆیشتبوو، سلاوێکی کردو دانیشت، زۆر بە وردی بەچاوە کزەکانی لە ئافرەتەکە رادەما، ناوە ناوە سەیرێکی کوڕەکەی دەکردو دووبارە چاوی دەخستەوە سەر ئافرەتەکە، شانێکم لە شانیدا (ئەوە چیتە دەیناسیت؟) ناوەڵلا بەس حەیفە ئەو مندالە ژنی ئەو سەگبابە بێت.
- کوڕە بێدەنگبە خۆ تۆ ئەو کوڕە بێبەختە ناناسیت لە خۆتەوە بۆ جوێنی پێدەدەیت.
- کوڕە دەبڕۆ، ئەو خوێڕییە کوردی نازانی چۆن توانیویەتی بەو کیژە بسەلمێنێ تا شووی پێبکات.
- کوڕە دەنگت هێواش بکە، ئافرەتەکە تێدەگات.
- جا چییە! ئەگەر ئەویش باش بوایە بەدوای ئەو کوڕە عەرەبە نەدەکەوت.
بەسە بەس، بیبڕەوە ... ئەوە کەی موشکیلەی ئێمەیە ...!
هە...ه وەڵڵا ئەگەر نەدەچوومە هەندەران، هەر لێرە هەتا هەولێر بە تێهەڵدان دەمبردەوە، ئەوە وەزعە، ئەو ژنە تێیدایە، پیاوەکە دەڵێی جوولەکەیە، رەشی قەترانی، خانوو دەڵێی کۆریتی سەگە، خواردەمەنی نییە جلوبەرگی نییە.... توخوا سەد ساڵ بێمێرد بی باشتر نییە لەو حاڵەی، ئەو ژنەی تێیدایە؟ تفوو، لەو باوکەش بە قوربانی گوللەیەکی نەکردی، دیارە ئەویش هیچ نەبووە.





- باشە باش، رەفعەت بەسە، خۆ من دەزانم مرۆڤ کە وای لێهات نەژیت چاکترە، بێ ماڵو حاڵ، بێ کەسو کار، تەمەنی هەر لەسەر بیرکردنەوە دانێ، بزانێ کەی هەواڵێکی ماڵەوەی پێدەگات، کەی لێیدەبوورن ... بتوانێت بۆ تەنیا رۆژێکیش بێت لەنزیکەوە بیان بینێت، بەلام ئێمە ئەگەر بمانەوێت ئەو رێگا سەختە ببڕین پێویستە زیاتر بیر لە چۆنیەتی رۆیشتنو گەیشتن بکەینەوە، رەنگە حاڵەتی سامناکتریش بێتە رێگامان، وەکو ئێستا دەسەلاتی هیچ یارمەتیەکیشت نەبێت.
بۆ نیوەڕۆ سێ هێلکەیان لەروون کرد، لەنێو تاوەیەکی بچووکی سوتاو دیار بوو ئەمە قوگوتی ئەم رۆژەیان بوو. بە شەرمەوە تیکەیەکم خواردو دەستم کێشایەوە ... رەفعەتیش هەر بە ئاستەم بەروونی کردو گوتی (بە زیاد بێت)، بەلام لەبەر ئەوە نەبوو کە خواردنەکە کەمەو بەشمان ناکات، بەڵکو خۆی بۆ کەباب خواردن هەڵگرتبوو واپێدەچوو بارزان بەڵێنی پێدابێت.
- بارزان: سەلاموعەلەیکوم، جەماعەت بابڕۆین.
دوای خواحافیزی لە (محەمەدو لەیلا) بەهەمان رێگا گەڕاینەوە. لەنێو سەنتەر کە لە شێوەی بازنەبوو، لە دەرگایەکی بچووك چووینە ژوورێك، پێپلیکانێك هەبوو سەرکەوتین، نەجات دەرگای کردەوە، ژوورێکی سارد، سۆبەیەکی عەلائەدین داگیرسابوو، ژوورەکەی پڕکردبوو لە دووکەڵ، پەنجەرەکان بە رۆژنامە داپۆشرابوون، کەمێك دانیشتین بارزان گوتی: ئەم ژوورەم بۆ نەجات گرتووە، لێرە دەمێنێتەوە، ئینجا کێ دەتوانێ تۆزێك یارمەتی بدات. ئێمەش هەریەکە چەند تومەنێکمان دایێ. بارزان رۆیشتو دوای نیو کاتژمێر هاتەوە، ئۆتۆمبێلێکی هێنابوو بەپەلە بانگی کردینو زۆر بەخێرایی تەوقەمان لەگەڵ نەجات کردو بەجێمانهێشت، ئۆتۆمبێلەکە کەسێکی تریشی تێدابوو، هیچ قسەمان لەگەڵ نەکرد. لە رێگا بارزان گوتی ئەوەش ئەحمەدە، لە وەجبەی یەکەم بەجێمابوو بۆ تورکیا، هەر لێرە چاوەڕێی کردم. تا گەیشتینە (رەزاییە)و لەوێشەوە بۆ (ورمێ) هیچ

ورتەیەکمان لێوەنەهاتو هیچ بازگەیەکیش نەیپشکنین، لە (رەزاییە)ش چووینە (نازلۆ)ی کە کۆمەڵگایەکی مامناوەندی بوو، نزیکەی سێ کیلۆ مەتر لە رەزاییە دووربوو، هەروەکو نێوان هەولێرو شاوێس وابوو. کاتژمێر (٥,٣٠) لەسەر شەقامی سەرەکی هاتینە خوارێو ئۆتۆمبێلەکەمان بەرێکرد، دوو دوو بە ژێر دیواری خانووەکانی کۆڵانێکی قوڕاوی چووینە خوارێ، پێش ئەوەی کۆڵانەکە کۆتایی بێت هەندێك وەستاینو لە دەرگایەکی گەورەماندا، سەرەتا چەند پرسیارێکیان لێکردینو بەترسەوە زۆر بەخێرایی رەوانەی ژووری پشتەوەیان کردین، بە پێڵاوەوە بەسەر ئەو رایەخو جلو بەرگانە کەوتین کە لە نێو ژوورەکە بەبێ سەرو بەری فڕێدرا بوو، پەنجەرەکان بە نایلۆن گیرابوون، نیو کاتژمێرێك چاوڕێمان کرد، کەس نەهات دەستگیرمان بکات، بە هێواشی دەرگای ژوورەکەمان کردەوە، ژنێك لەپشت دەرگاکە دانیشتبوو بەپێکەنینەوە گوتی وەرن بۆ ئەم ژوورە. دوو رۆژ لەوێ ماینەوە تا (فەرزەندە) هاتەوە کە برای ژنەکەو برادەری بارزان بوو، بەیەکەوە بازرگانی قاچاخچێتیان لەنێوان ئێرانو تورکیا دەکرد، هەر فەرزەندەش پارەکەی بۆ گۆڕینەوە، خێزانێکی گەورە بوون، سێ ژنو چوار منداڵو دوو پیاو بوون، لە عەشیرەتی بارزان بوون. فەرزەندە ماڵیان لەسەر سنووری ئێران — تورکیا بوو، بەڵام ناوە ناوە خەڵکی دەبردە بەندەر عەباس بۆ عەمان رەوانەی دەکردن، بۆیە دەهاتە ماڵی خوشکی. خێزانێکی زۆر تێکەڵ بوون، هەڵسوکەوتی لەگەڵمان هەر وەك ئەندامانی خێزانەکەی خۆیان وابوو. ئەو شەوە کە شەوی چوارەممان بوو لە کوردستانی ئێران، نانمان خواردو خۆمان خستە ژێر پێخەفەکانمانو خەوتین. بەیانی لەگەڵ دەنگی بڵندگۆیەك خەبەرمان بووەوە، سەیری کاتژمێرەکەم کرد، (١٠)ی بەیانی بوو، بە هاوڕێکانم گوت: بەخوا کوڕینە لە داوێ کەوتین، ئەوەتە وا بە بڵندگۆ هاوار دەکەن، هەرچەندە تێنەدەگەیشتین چی دەڵێ، بەڵام وام هەست دەکرد کە





گەڕەکەکە کۆنترۆڵ کراوە، دوای کەمێك سەعید کە پیاوێکی لاوازو مووی سەری هەڵوەرابوو هاتە ژوورێ.

- رەفعەت: ئەرێ کاکە ئەوە بانگی کێ دەکەن؟
- سەعید: ئەوە شتومەکی خواردنێ دەفرۆشن، بانگی کەس ناکەن.
- رەفعەت: ئەلحەمدولیلا، ئەو جارەش هیچ نەبوو. ژەمی بەیانیو نیوەڕۆمان بووە یەك ژەم.
- بارزان دەبێ بگەینە ئەستەمبوڵ؟
- بارزان: ئینشائەڵلا، ئەگەر خوا حەز بکات ئەوە هەر دەگەینێ. دواتر رووی کردە رەفعەتو بەپێکەنینەوە گوتی کوڕە ئەو شەوە چیت بوو، عەیبت نەکرد؟
- رەفعەت: چیم بوو؟ لەنێو قسەکردن بووین، دڵدار قسەی پێ بڕینو دەیگوت، بارزان وەك پشیلەی بادینان دەڵێ مییاڤ . . .
- بارزان: بێدەنگبە خوێڕی، ئەو پیاوەی نابینی، حەزت لێیە فڕێت بدەنە دەرێ. ئەحمەدیش ئیسلامی بوو، بەڵام هیچ قسەی نەدەکرد، کاتی بانگدان نوێژەکانی خۆی دەکردو لەدوای سونەتەکان هەموو جارێ دەیوت زۆر قەرداری خودای گەورەمە. پاش نانی ئێوارە کاتی چاخواردنەوە، سەعید بانگی دایکی کرد.
- سەعید: دایە، دا مسقاڵەکێ بینە. کەمێکی پێچوو دایکی کیسەیەکی تووتنی لەگەڵ شتێکی بچووکی وەکو قوڕ وابوو هێنای، هەر گرامێك دەبوو دایە دەست سەعید. ئەویش لەسەر پەڕە کاغەزێك بە چەرخەکەی تۆزێك گەرمی کردو بەدەستی ورد وردی کردو پێچایەوەو خستیە نێو دارجگەرەیەكو دایگیرساند، دوو سێ جار لەسەریەك مژی لێداو بێدەنگ بوو، پاش چەند دەقیقەیەك کەمێك دووکەڵ لە دەمو لوگوتی هاتە دەرێو ئەوی تر لەنێو سییەکانی دەسووڕایەوە، بەگوێرەی رووخساری دەمو چاوی وادیاربوو زۆر ئارامو دڵخۆشبێ. بارزان خۆی وانیشاندا کە نازانێ چییە سەیرێکی ئێمەی

کردو گوتی کوڕە جگەرەشم نەماوە، رووی کردە سەعیدو گوتی جگەرەیەکم بدەرێ؟ سەعید: ها دوو مژ لەو قەنەیە بدە. بارزان لێی وەرگرت وەکو ئەم دوو سێ مژی گەورەی لێدا، لەدەمی کردەوەو سەیرێکی جگەرەکەی کردو دوو سێ مژی تریشی لێداو دایەوە دەستی سەعید.

- رەفعەت: بە قورئان ئەو کەچەڵە لە قەدەر خۆی نییە، ئەخلاقی بارزانیشی تێکداوە.

- نلانا ئەخلاقی بارزان بەوەی تێك ناچێت، ئەگەر ئەخلاقی هەبێت.

کاتژمێر بەرەو (١٠)ی شەو دەڕۆیشت، جێگەیان بۆ راخستین‌و خەوتین. بەیانی کە هەڵساین فەرزەندەو دوو کەسی تریش لە ماڵەوە بوون، هاتە ژوورەکەو سلاوی‌کردو تەوقەی لەگەڵ کردین.

- فەرزەندە: کێ لیرەی تورکی پێویستە با لای ئەو پیاوە بیگۆڕێتەوە. من هەشت ملیۆنم کڕی، دڵدار دوازدە ملیۆن، رەفعەت بە کەسی نەوت، ئەحمەدیش دە ملیۆن. دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ، بە پەلە خۆمان ئامادە کرد، هۆڕنی ئۆتۆمبێلێك لێدرا.

- فەرزەندە ئەوە هات بابڕۆین.

دووبارە جێبێکی بچووك بوو سەرکەوتین‌و رۆیشتین، دوای چوار کاتژمێر گەیشتین.

- فەرزەندە نیو سەعاتی دیکە ئۆتۆمبێلەکە دەوەستێ‌و ئێوە بە راکردن هەتا ئەو کەندە بڕۆن، کەس رانەوەستێ نەوەك پاسدار بێت.

کاتێ گەیشتە دووڕیانێك دەشتێکی پان‌و بەرین بوو کە دوو زنجیرە چیا دەوریان دابوو، چۆمێکی گەورەو درێژ دیاربوو، ئاوی باران هەڵیکەندبوو. بەراکردن تا نێو چۆمەکەو لەوێش چۆم‌و چۆم رووەو زنجیرە چیای یەکەم رۆیشتین، کە ئەودیوی زنجیرە چیاکانی تورکیا بوو، وردە وردە تاریکی باڵی بەسەر ناوچەکە دەکێشا، کە هێشتا رۆژ ئەوەندە درێژ نەببوو، دوای دوو کاتژمێر رۆیشتن لەبەری دەستە راست گوندێك دەرکەوت.





- فەرزەندە: دەچینە ئەو گوندە ناسیاوی ئێمەن، بەلام دەبێ دیسان راکەین تا ئەو پاسدارانەی سەر چیا نەگەنە سەر رێگامان، چونکە ئێستا بەدووربین سەیرمان دەکەن، با رابکەین پێش ئەوەی بگەنە خوارێ ئێمە دەگەینە نێو گوندەکە، ئەگەر هاتنە سەر رێمان چەکیان دەکەین.

- رەفعەت: کوڕە با نەمانکوژن.

- فەرزەندە: نا مەترسێ من دەزانم.

فەرزەندە کوڕێکی ئازابوو، باوکی هەر لەسەر ئەم رێیە کوژرابوو، دەمێك بوو خەریکی ئەم کارو کاسبییە بوون، بەژن‌و باڵاشی هەر بۆ ئەم کارە رێك دەهاتەوە، دوو قاچی درێژ سینگێکی فراوان، شانێکی پان‌و دەستێکی گەورە، گەنجێکی قۆز هەر دەتگوت ئەسپە غار دەدات. گەیشتینە ناو گوندەکەو بەنێویدا رەتبووین لەنێو کۆمەڵە درەختێك، دووکەس دەرکەوتن بەدوای ئێمە داهاتن. فەرزەندە گوتی (ئەوان بوون). مەبەستی پاسدار بوو.

- فەرزەندە: نەء خودێ ئەم رێگر بوون.

فەرزەندە ئەگەر توڕەبوایە بە بادینی قسەی دەکرد ئەگەریش دڵخۆش‌و ئارام بوایە سۆرانیەکی باشی دەزانی. بەناو گوندەکە رەتبووین، لەوێ چەند ماڵێکی لێبوو، لە پێشەوە تەویلەیەکی لێبوو چووینە نێو تەویلەکە زۆر تاریك بوو، دەبووایە زۆر هێواش‌و بێدەنگ بین، کاتێك چووینە ژوورەوە، رەفعەت کەوت بەسەر تەنەکەیەکی بەتاڵ‌و بووە تەق‌و هۆڕێك پێنج دەقیقە بێدەنگ وەستاین، کەس کەسی نەدەدی.

رەفعەت لەسەرخۆ دەیوت دەك کوێر بێتەوە تورکیا، خۆ زۆر نەمابوو قاچم بشکێ.

- فەرزەندە: ئێستا یەك یەك وەرنە ژوورێ. چووینە ژێر هەیوانەکە دەرگای ژوورەکە والا بوو، بەلام بەتانیەکی رەش بەپشت دەرگاکە بەردرابووەوە، پێلاومان داکەندو چووینە ژوورێ، دەستە راست ژووری میوان بوو، کەسمان نەبینی، پاش کەمێك کچێکی زۆر جوان تازە میکیاجی کردبوو بەخێرهاتنی

کردین‌و لەدوای ئەویش کچێکی تری کورتەباڵا کە دەموچاوی زیاتر لە ئافرەتێکی بە تەمەن دەچوو بەپێکەنین هاتە ژووری، سەیرێکی هەمووانی کرد، بەڵام بەخێرهاتنی نەکردین، چووە دەرەوە، بەخێرایی بەرەو لای رەفعەت هەنگاوی هاویشت، شەقازللەیەکی لەسەری رەفعەتداو بەڕاکردن چووە دەرەوە.

- رەفعەت: وەڵڵا بابە هەر ئەوەمان پێدەویست، وەزعمان گەلەك باشە.
- بارزان: رەفعەت ئەوە چیە برادەرتە؟!.
- رەفعەت: .... برادەری چی! دەڵێی فلیمە لێی دەترسم.

بارزان بەهێواشی گوتی ئەویتریش برادەری فەرزەندەیە. نانیان هێنا، نانێکی باشمان خواردو چەند چایەکیشمان وەکو هەموو جار خواردەوە، ئینجا دەبوایە بۆ سەرئاو بچینە پشت تەویلەکە. دوای ئەوەی هەموویان رۆیشتن، ئینجا رەفعەت مەسینەکە هەڵگرت‌و ونبوو، دوای ماوەیەکی زۆر بە پەشۆکاوی بە ژوورکەوتەوەو لەتەك من دانیشت‌و دەستیکردە جنێودان، لەپێشخۆی.....
مەسینەکەی پڕ ئاو کردو بەناو قوڕو چڵپاوەکە تا ئاودەستەکە رۆیشتم کە کەوتبووە پشتەوەی تەویلەکە، چەند گوشێکیان لەیەکتر دووریبوو وەکو پەرژین لەبەین تەویلەکەو ئاودەستەکە، چوومە ئاودەستەکە پێش ئەوەی مەسینەکە دانێم گوێم لە خشپە خشپێك بوو، سەیری دەرەوەم کرد کەس دیار نەبوو لە درزی گوشەکان بە ئاستەم سەیرم کرد، هیچ شتێك دیار نەبوو، بەڵام خشپە خشپەکە هەر دەهات زیاتر دەبوو، سەیری نێو تاریکیەکەم کرد دوای رەوینەوەی تاریکی بەرچاوم، بینیم فەرزەندە کچەی توند لەباوەش گرتووەو نوقەی لێبڕیوە، کچەش بێ ئەوەی هیچ دژەکارێك بکات هەردوو دەستی بەنەرمی لەسەر شانی فەرزەندە دانابوو، لەپڕ دەنگێك هات مەسینەکەم هەر بەدەستەوە بوو سەرێکم هەڵکێشا دوو پیاوم کەوتە بەرچاو کە لەلای سەرەوە دەهاتن، یەکسەر هاتمە دەرەوەو بە خێرایی گەڕامەوە ژوورەکە بۆلای جەماعەت، ئاودەستەکەم هەر بیرچووەوە.



- بارزان: ئەوە چیت بەسەرهات؟
- چییە کاکە؟ ئاودەستیش بە کاتە.

پاش ماوەیەك فەرزەندە هاتەوە، روویکردە بارزان‌و گوتی برا حیساب نەکەین؟.

- بارزان فەرموو بڵێ.
- فەرزەندە سەفەری دی چوار هەزار، ئەوەشیان پێنج هەزار دەکاتە نۆ هەزار.

نۆ هەزار دیناری لە بارزان وەرگرت، هەر لەوێ چوار هەزاری دایە دەست کچەو پێنجەکەی تریشی بەسەر گیرفانەکانی دابەشکردو گوتی ئامادەبن تا بڕۆین، سەعات نۆو نیو تا دەگەینە ماڵی ئێمە لەودیو، مەبەستی چەند گوندێکی دوورتر بوو، کە راستەوخۆ دەکەوێتە سەر سنوور، دایکی‌و خێزانەکەی بەتەنیا لە ماڵەوە جێهێشتبوو. دووبارە ئامادەبووین‌و بەخێرایی گوندەکەمان جێهێشت‌و گردێکی بچووك کەوتبووە پشتی، لەوێ سەرکەوتین پشتی گردەکە بەفر دایپۆشی بوو، بە هیلاکی‌و بەراکە راك ئەو ناوچەمان بڕی، لەناکاو رەفعەت کەوتە ناو چاڵێکی نیو مەتری پڕ لە ئاو، رەفعەت هاواری لێ هەڵساو دەستی کرد بەکوفرو جنێودان، بارزانیش خۆی وا دەردەخست کە پێی ناخۆشە، دەیووت رەفعەت کفری مەکە، بەخوای بەجێتدێڵم. دوای دوو کاتژمێر رۆیشتن، گەیشتینە نێو گوندو لەوێش بۆ ماڵی فەرزەندە، ئەو گوندە زۆر ترسناك بوو، هێزێکی سنوورپارێزی زۆری لێبوو. لە ژوورەوە پەردەی پەنجەرەکانمان داخست‌و لە دەوری سۆبەیەکی بچووك گردبووینەوە، دوای کەمێك جێگەمان راخست‌و جلە تەڕەکانمان داکەناندو بە تراکسوت خۆمان خستە ژێر پێخەفەکان، بەڵام دڵدار تەراکسوتەکەشی داکەناندو شۆرتێکی سپی لەژێرەوە لەبەربوو، هەر بەپێوە راوەستا...

- بارزان: ئەوە چیە کوڕە عەیب نییە، زوو جلێك لەبەرکە.

دڵدار: بۆچی بابە؟

- بارزان: دەڵێم زوو لەبەریکە مناقەشەی زۆر مەکە، بەخۆت‌و بە لەشی رووتەوە.

نەختێك بێدەنگ بووین، فەرزەندە هاتە ژوورەوە ئاسنێکی باریك‌و کاغەزێکی پێبوو، لە سۆبەکەی نزیك خستەوەو شتێکی وەکو بنێشت بەسەری شیشەکەوەی نووساندو کاغەزەکەشی لوول کرد، سەری شیشەکەی لە ئاگری سۆباکە نزیك خستەوەو پێش ئەوەی دووکەڵی لێ هەڵسێ بە کاغەزە لوولدراوەکە دووکەڵەکەی بەتەواوی هەڵمژی.

- رەفعەت: ئەوە چ دەکات کورە؟

- بەزمەکەی کەچەرییە بەخوای.

بارزان لێی وەرگرت‌و سێ بەشی لێکێشا، چوومە لای بارزان‌و دەستم درێژ کرد، ئەگەر ئەو شتە هێندە خۆش‌و بەلەزەتە دەبێنە با منیش مژێکی لێبدەم.

- باشە، بەلاّم تەواو هەڵیکێشەو مەهێڵە دووکەڵەکەی بێتەدەرێ.

قومێکم لێداو هەڵم کێشایەوە یەك دووجار کۆکیم هیچ تامێکی نەبوو.

- ئەوە ناوی چیە؟

- بارزان سەری هێنایە بن گوێم: ئەوە تلیاکە تلیاك.

- کا هیچ تامێکی لێنەهات هەر سەرخۆشیش نەبووم، کەچی دەڵێن هەر بۆنی بکەی هەتا هەتایە پێت تەرك ناکرێت.

وردە وردە خەو دەیبردینەوە، کاتێك هەڵساین لە کەلێنی پەردەکان رووناکی دەرەوە دیار بوو، هیچ کاتژمێرێك لە ژوورەکە نەبوو، ئاووهەوایەکەش هەر لەبەیانییەوە لە ئێوارەیەکی درەنگ وەختی دەکرد.

- فەرزەندە سەعات چەندە؟

- دەهو نیو.

- بۆ دەست‌و چاو شتن دەبوایە بچینە ئەوبەر، بەر لە دەرچوونیش سەیری دەرەوە بکەین، ئەگەر کەس بە دەرەوە نەبوو ئینجا برۆین.





دوای خواردنی ژەمی نیوەڕۆ وردە وردە کەوتینە خۆئامادەکردن، فەرزەندە بۆ رێ خۆشکردن رۆیشتە دەرەوە، دوای ماوەیەك گەڕایەوە ماڵ‌و یەکێکی تریشی لەگەڵ بوو، وادیار بوو ئەمیش دەبێتە هاوسەفەرمان بۆ تورکیا، بۆ یارمەتیدانی فەرزەندەی برای دەمێك پێکەوە دانیشتین، تا دنیا تاریك‌و روون دەبێت، فەرزندە شیشەکەی هێنایەوە دەرێ‌و دەستیکرد بە تلیاك کێشان.

- فەرزەندە، برا ئەو کەسەی تلیاك بکێشێ هیچ ماندوو نابێت لەرێگا، بەتایبەتی لە کاتی هەڵگەڕان بەسەر چیاو بەندەنان، جا برا ئەوە چیە، بە رەحمەت بێت لەگەڵ باوکم بە ولاّغ باری قاچاخمان دەهێنا، بۆ ئەوەی خێرا بڕوات‌و نەگیرێت، حەبێکمان دەخستە ژێر زمانی ولاّغەکەو خۆشمان پێش ئەو دەڕۆیشتین، لەنێوان سەنگەرەکان ولاّغەکە دەکەوتە غارو بەکەس راگیر نەدەکرا شارەزای ماڵیش بوو، تاکو بەر دەرگا دەهاتەوە، زۆر جاریش بە ماشێن دەهاتن هەر هیچیان پێ نەدەکرا، بەلاّم ئەو ولاّغە چەند جارێك باری پێدەکرا بەو حەبانە پاشان دەتۆپی، چونکە فێردەبوو، ئەگەر ئێوەش لەگەڵ خۆتان هەشت کیلۆ هەتا (وان)ێ دەبەن قازانجێکی باشتان دەستدەکەوێ، ماڵێکی دۆستم هەیە لەوێ. تۆزێك سەیری دەموچاویم کردو لێی وردبوومە، پرسیارم لەخۆم کرد؟ ئەم گەنجە بۆ وا دەکات، خۆی‌و ولاّغەکانی بۆ فێری تلیاك کردووە، دەیەوێت ئێمەش فێربکات‌و بمانکاتە قاچاخچی، هەرچەندە باوکیشی لەو رێگایە کوژراوە، دەبێت ئەم کوڕە جگە لەپارە بیر لە شتی تر بکاتەوە؟ ئەمە دوو شەوو دوو رۆژە بە یەکەوەین هەر باسی قاچاخ دەکات، لەم بیرکردنەوەیەدا بووم، وتیان بابڕۆین لەدەرگاوە بە راکردن چووینە دەرەوە، یەکیان لەپێشەوە ئەویتریش لە دوامانەوە، لەپشت گوندەکە باریکەرێیەك لەنێوان دوو چیاکە هەبوو دوو پاسدار وەستابوون، هەندێك پووڵی لە مشت کردن‌و یەکەو تەوقەمان لەگەڵ کردن‌و دووبارە بەراکردن رۆیشتینەوە تا تەواو لێیان دوورکەوتینەوە، گەیشتینە ناو دۆڵێك‌و

بەرامبەریشمان چیایەکی بەرز بوو، بەفر دایپۆشیبوو، لەلای چەپ سەنگەرێك لەسەر چیاکە بوو دۆشکەیەکی لەسەر دانرابوو.

- فەرزەندە: لێرە تا سەر چیاکە دەبێ زۆر بەغار بڕۆین ئەگینا بە دووربین سەیرمان بکەن دەمانبینن‌و تەقەمان لێدەکەن، تا ناو دۆڵەکە بەڕاکردن لەوێشەوە دووبارە تا ترۆپکی شاخەکە دەبێت راکەین کەسمان ناتوانین هەر رێ بکەین نەك رابکەین، ناوە ناوەش ئاورێکمان لەدۆشکەکە دەدایەوە، کەی تەقەمان لێدەکات‌و دەمانکاتە شەهیدی رێی ئەوروپا، لەبەر ماندوو بوون‌و هیلاکی ترسیشمان کەم ببووەوە.

- فەرزەندە: کەس لە رێگا لانەدا مین هەیە.

کەمێك سەرکەوتین تا بەشێکی شاخەکە سەرم بەرز کردەوە هێشتا سێ بەشی مابوو، لەنێو بەفرەکە دانیشتم‌و بیرم کردەوە برسیەتی‌و تێنوێتی، سەرماو سۆڵ، ترسی دۆشکەو مین، غلۆر بوونەوە، باشە من چیم داوە لەم ئەوروپایە، بۆچی خۆم خستۆتە نێو ئەم مەینەتیە، خۆ ئێستا لەماڵ بومایە لەژێر ئەو لێفە گەرمە بیت‌و بەرامبەر سۆبەیەکی داگیرساو، کەمێك لێفەکەم لەسەر لاکەوتبا زوو دایکم بەسەری دادەدامەوە، بەیانیش ئەگەر زۆر سەرماو باران بوایە لەژێر جێگە نەدەهاتمە دەرێ موحازەرەی یەکەمم لێدەدا ...

- بارزان: کوڕە تۆ چی دەکەی دەڵێی لەچایخانە دانیشتووی هەستە وەرە! فەرزەندە دەستی رەفعەتی گرتبوو براکەشی گەیشتبووە لوتکەی سەرەوە، ئەو بارزانەی لە رێگای حاجی ئۆمەران‌و ئێران لەلای ئێمە هەر شەبەح بوو دەرۆیشت، کەچی لەچاو ئەمانە هەر بە ئاستەم دەڕۆیشت، حەبەکانیش لەبەر تلیاکی ئەوان کاریگەری نەمابوو. گەیشتینە سەر شاخەکە پانتاییەکی زۆر گەورەو فراوان بوو، لە سپیەتی بەفر زیاتر شتێکی تر دیار نەبوو، بەنێو بەفرەکە رێچکەمان بەست‌و لەشمان وردە وردە زلتر دەبوو، ئەوەندە بەفری گرتبوو ئەوەی لە دوورەوە سەیری کردباین هەر بەداینەسورمان تێدەگەیشت، لەنێو رێگا کۆمەڵێك قاچاخچی تر بە وڵاغەوە دەهاتن، دیار بوو لە گوندێکی





تر رێگایان گرتبوو، تێکەڵ بووین خۆشتر رێگامان دەبڕی، رەفعەت کەوتە نێو بەفرو هەڵنەستایەوە، گوتی فەرزەندە بەقوربانت دەبم بزانە سواری وڵاغێکم ناکەن هەتا ناو گوندی؟ فەرزەندە لە خاوەن وڵاغەکەی پرسی دیار بوو داوای هەزار تومەنی دەکرد.

- رەفعەت: توخودا دە هەزار تومەنی بدێ.

- بۆ خۆت نایدەیت خۆمن سکرتێری تۆ نیم؟

- من لەجێیەکی قایمم هەڵگرتییە.

- دیارە من لەسەر بەرکی کراسم دانایە.

لەترسی رێگر پارەی خۆمان باش هەڵگرتبوو، فەرزەندە کە زانی رەفعەت کلاوچییە پارە نادات بەجێی هێشت ئەم جارە هەر یارمەتیشی نەدەدا تا گەیشتینە گوندێکی نێو سنووری تورکیا، لەگەڵ قاچاخچییەکانی تر جیابووینەوە، بە پەلە خۆمان گەیاندەماڵی ناسیاوەکەی فەرزەندە، لەدەرگاماندا خێرا کردیانەوە، وەك بڵێی خۆیان ئامادە کردبێت، چووینە ژوورێ زوو خواردنیان بۆ هێناین، چوار پێنج قاپ پەنیرو ژاژی، هێشتا بە تەواوی دانەنیشتبووین گوتیان هەتا (گەوەڕێ) دە ملیۆن، بارزانیش گوتی گرانە. لەگەڵ وتنی وشەی گرانە زۆر بەخێرایی خواردنەکەیان لەبەر دەممان هەڵگرتەوە، کە هێشتا دەستمان بە خواردنی نەکردبوو، پێش ئەوەی بچینە دەرەوە وتیان: ئەوە قەرەقۆڵ لەسەر رێگەی کۆڵانە یانی خەبەرتان لێئەدەین، بەناچاری لەگەڵیان کەوتینە مامەڵەو سەودا کە بە شەش ملیۆن لیرە بمانگەیێنە گەوەڕێ، دووبارە نانەکەیان هێنایەوە دوای ئەوەی پارەکەیان وەرگرت، دوو ئۆتۆمبێلی رینۆیان ئامادەکرد، یەك لەپێشەوە بڕوات نەوەك کەمین هەبێت، ئێمەش لەویتر سوار بووین تاگەیشتینە ناو گەوەڕێ هیچ پێشهاتێك روویندا، بەڵام لەناو شار زرێپۆشێك‌و جێبێکی سەربازی هاتنە بەردەممان‌و دەستیان لێمان هەڵتەکاند یەکسەر لێدان‌و سەرتاشین‌و گاڵتەپێکردنی جەندرمەو شکانەوەی لای برادەران‌و لەکیس چوونی ساڵێکی

خوێندنم هاتە بەرچاو، جگە لەو پارەیەی خەرجمان کردووە، دایانبەزاندینە خوارەوەو گشت جلوبەرگیان پشکنین‌و هەویەکانیان برد تا ناوەکانمان بدەنە ناوەندەکەیان‌و پاشان لەناو ئەو شتانەی لە گیرفانەکانی ئێمەیان دەرهێنابوو، قورئانێکی بچووکیان دۆزییەوە کە دەرچوو هی دڵدارە، کەمێك سەیریان کردو لەگەڵ شتەکانیتر بۆیان گەڕاندینەوەو بەڕێیانکردین، کەچی شوفێرەکە ئیدعای ئەوەی دەکرد گوایە پارەی داونەتێ!، چووینە هوتێلێك‌و دوو ژووری بەرامبەر یەکتریمان بەکرێ گرت، لەو کاتەی لەبەردەم پەنجەرەکە دانیشتبووم‌و سەیری بەفربارینم دەکرد تا ریشم بتاشم، چونکە بەهەمموومان یەك (گوێزان)ی ریشتاشینمان هەبوو ئەویش لە ژوورەکەی تر بوو، لە دەرگای ژوورەکە درا؟

لە برادەرانی خۆمان چاوەڕێی کەسێك نەبووین لە دەرگا بدات! بۆیە نەمانوێرا نەبپرسین‌و نەدەرگا بکەینەوە، کەچی جارێکیتریش لە دەرگادرایەوە!

- کێیە؟

بە تورکی کەسێك وەڵامی دایەوە...

هێشتا دەرگاکەمان تەواو نەکردبۆوە لەپڕ پاڵێکیان بەدەرگاکە ناو سێ کەس خۆیانکرد بەژوورەوە، کە یەکێکیان لە ئوتێلەکە کاریدەکرد بۆ تەرجەمەکردن لەگەڵ خۆیان هێنابوو، دوانەکەی تریش یەکەو دەمانچەیەك بە قەدیاناو جیهازیان بەدەستەوەبوو لەگەڵ هەویەکانی ئێمە، کە لە ئوتێلەکەمان دانابوو، یەکەم پرسیاریان، ئەم هەویانەتان بە چەندکڕی؟

- نەمانکڕیوە.

- ئەی لە کوێ هێناوتانە؟

- لەئەستەنبۆڵ لە بارەگای تورکمانەکان وەرمانگرتووە..

- درۆ مەکەن لە ئەربیل لە بازاڕی شێخەڵڵا کڕیوتانە، ئێوە یەکەم کەس نین ئەم قسانە دەکەن...





- نەخێر درۆناکەین.

- ئەی بۆچی تورکی نازانن‌و چی دەکەن لێرە؟

- هاتووینەتە ئێرە بۆ سەردانی برادەران کە لە ئێران هاتبوون، ئێستاش دەگەڕێینەوە

- گوتی بۆچی تورکی نازانن؟

- وەڵڵا ئەوەی راستیبێت هیچ کۆرسێکی تورکیمان نەخوێندوە.

- بۆئێوە تورکمان نین؟

- بەڵێ چۆن؟ بەس تەنها بیرمان چۆتەوە.

زەردەخەنەیەکی کردو گوتی چاوەڕێکەن ئێستا دێمەوە.

ڕۆیشتنە ژوورەکەی بەرامبەرمان کاتێك سەرو ریشی ئیسلامیان دیبوو، یەکسەر کەوتبوونە پشکنینی‌و کۆمەڵێك پارەو چوار پارچە حەبیان دۆزیبووەوە، دوو پارچەی هی خەوتن‌و دووانیشی هی بێهۆشی بوو.

ئیسلامی رەنگی زەرد هەڵگەڕابوو زۆر دەترسا، کوێرەش لەبەر ئاوێنە بەخۆی‌و دەموچاوی بەکەفی لایەك ردێن‌و سمێڵی تاشیبوو لایەکیشی مابوو، سەیری ئیسلامی دەکردو پێدەکەنی، وا پێدەچوو لە حەژمەت تاشینی لایەکی سمێڵەکەی ئاگای لە هیچ شتێك نەمابێت، تاوەکو گیران‌و سنووورداش کردنیشی.

- ئەو دەرمان‌و شتانە چیە؟

- ئیسلامی: هی سەرئێشەیە.

- ئەو هەموو دەرمانە بۆ کێیە؟ یەکەکە؟

- نەخێر بۆخۆمە سەرم ژان دەکا.

بەگوێرەی دەرمان‌و سەرو شکلت بەوان دەچی، چونکە دوێنێش هەر لەو ناوچەیە بوون؟

ڕۆیشتنە دەرەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ناوەکان، ئیسلامی قسەی بۆنەدەکرا، دیار بوو زۆر ترسابوو، چونکە دەیزانی ئەو تورکانە زۆر بێ بەزەیی‌و بێ ئابڕوون.

بە کەیفی خۆیان ناوێکت دەدەنە پاڵو ونت دەکەن، جگە لەمەش چەندین جاری تر ڕەوانەی زاخۆ کرابووەوە، شەوێ درەنگ خاوەن هوتێلەکە هاتە لامانو هەوییەکانی بۆ هێناینەوە.

- بەیانی زوو بڕۆن ئەگینا دەگەڕێنەوەو دەتانگرن.

نەمانزانی ئەم شەوە چۆن ڕۆیشت، بڕوا ناکەم کەسمان کاتژمێرێك خەوتبێت، ناو کەشتیەکەی ڕامبۆ زۆر دڵنیاتر تربوو لە هوتێلەکەی ئێمە، سەعات شەشی بەیانی لە هوتێلەکە دەرچووین، شەقامێکی چۆڵ ئەوەی لەم شارە هەستت پێکردبا ساردی ئەو بایە بوو کە لەسەر بەفرەکە هەڵیدەکردو بەپانتایی شەقامەکە بەر دەستو دەموچاوت دەکەوت، واتدەزانی گوێچکەکانت بەر نووکی تیژی چەقۆ دەکەوێت، ڕووەو گەراجی پاسەکان ڕۆیشتین، ژوورێکی بچووك چوار کەس دەورەی سۆبایەکی بچکۆلانەیان دابوو، بەبێ سڵاو کردن خۆمان کرد بە ژوورەکەدا، لە ترسی ئەو بایە ساردە.

- ئیسلامی بە تورکی گوتی: پاسی (وان) کەی دێت؟

ئێستا دێت، بەلام هەر شوێنی دوو کەس هەیە، ئێمە خۆمان پێنج کەسین، هەرکەسە دەیویست خۆی بڕوات.

- ڕەفعەت: بە قورعان لەگەڵ تۆ نەبم ڕاست دڵم دەتەقێ، نیو دەقیقەش لەدوای تۆ لێرە نابم.

- ئیسلامی: باشە ڕەفعەتو دڵدار لەگەڵ من وەرن ئەوانی دیش لێرە بن.

منو ئەحمەدیش سەیری یەکتریمان دەکردو بێدەنگ بووین.

- ئیسلامی: لە گەراجی وان چاوەڕێتان دەکەین.

- ئەحمەد: جا برا کێ دەڵێ ناگیرێن؟

- ئیسلامی: چی، بە شەرەفم لە هەولێرەوە هەتا ئەستەمبوڵ بە پشتێ دەتهێنم ئەگەر گیرای. .

لە پاسەکە سەرکەوتنو ڕۆیشتن، کەمێك دانیشتین سەیرم کرد دوکانی سەرتاشخانەیەك وا دەکرێتەوە قژم زۆر هاتبوو نامۆییم پێوە دیار بوو،





چووینە دوکانەکە گەنجێکی درێژ خەریکی ڕێکخستنی دوکانەکە بوو، سڵاومان کردو لەسەر یەکێ لە کورسیەکانی بەردەم ئاوێنەکە دانیشتم، سەیرێکی سەرو سیمای خۆم کرد، قژێکی زۆرو سمێڵێکی گەورە، کەمێك ریشم هاتبوو دەموچاوێکی لاواز، قوڕساییم زیاتر لە پێنج کیلۆی کەم کردبوو لەم ڕێگایە، سەرتاشەکە بە زمانی کوردیو بەدیالێکتی باکور گوتی: چەوا کێ بکەم؟

- کەمێك کورتی کە. بە مقەستێکی کول کەوتە چاککردنی قژە تێکئاڵاوەکەم، هەر چۆنێك بێت هەندێکی لێبڕیو بە گوێزانێکی کۆنیش پشت ملی تاشیم، پاشان هەموو بوو بە وردە زیبکە.

- سمێڵێ تە قوت بکەم؟

تۆزێك بیرم کردەوە خۆ بۆ ڕێگا باشە کورتی بکەم، ئەی ئەگەر گیرام.

- نا.. نا کورتی ناکەم.

مووەکانی بەسەر لەشم پەرشو بڵاوکردەوەو گوتی پیرۆزە هەڤاڵ. نەمدەزانی چەندی بدەمێ، ئەویش نەیدەوت چەند دەکات، دە هەزار لیرەم لەسەر مێزەکە جێهێشت، گەلەك سوپاس، بە فێڵی خۆپاککردنەوە نەختێك ماینەوە تا پاسەکە دێت، بەلام پێش ئەوەی پێمان بڵێنو بێزاری خۆیان دەربڕن خۆمان ڕۆیشتین لەم دوکانو ئەو دوکان بۆ خۆ دواخستن نرخی شتمان دەپرسی، دوای ماوەیەك پاسێکی بچکۆلانە هات، یەکێك لەوانەی لەناو ژووری گەراجەکە دیبوومان کرمانج بوو، بانگیکردین ئەو دۆرمیشە دەچێت بۆ شاری (وان) ئێمەش بە پەلە سەرکەوتینو دوو جێگەمان گرت، وامانزانی جێدەمینێین، کەچی ماوەیەکی زۆر چاوەڕێمانکرد تا بەڕێکەوت، هەر لەو کاتەوە بێ ئارامیو ترسی گرتن دایگرتین، تا هەموو سەیتەرەو پرسگەکانمان جێهێشتو گەیشتینە لێوارەکانی دەریای وان لەوێوە جارێکیتر هێوربووینەوە بە سەیرکردنی شەپۆلە جوانەکانی دەریاو نەوڕەسەکانی، لەلایەکی دیکەوە بەسەیرکردنی تانكو زریپۆشەکان کە بەدەوری دەریاکەوە وەکو قاڵۆنچەو

تەپۆڵکە ریخ دەهاتنە بەرچاوو ڤێزمان دەبووەوە، دوای چوار کاتژمێر رێگاوبان‌و گوێگرتن لە کاسێتێکی ناو پاسەکە، کە هەردوو دیوی یەك گۆرانی بوو، ئاژوێرەکەش بە بەردەوامی ئەودیوو ئەودیوی پێدەکرد، کەسیش گلەیی یا داوای نەدەکرد بیگۆڕێت، جا نازانم من تاکە کەسێك بووم بێزاری دەکردم یا ...؟ تێکستەکەش ئەوەبوو:

بێژە رەشۆ، هەی رەشۆ رەشۆو رەشۆ

بێژە حاجۆ، هەی حاجۆ حاجۆو حاجۆ

لەبەردەم گەراجی پاسەکانی وان کە برادەرانی خۆمانی لێوەستابوو، دابەزین‌و راستەوخۆ رۆیشتینە نوسینگەیەکی هاتوچۆ بەخێرایی‌و بێ پرسیار، پێنج تیکتی ئەستەنبۆڵمان بڕی، هەر یەك بە ملیۆنێك لیرە، پاسێکی زۆر وەستابوو لە پاسەکە سەرکەوتین‌و شوێنی خۆمان گرت، کە هەر جێگەو ژمارەیەکی لەسەربوو، تا لەنێو شار چووینە دەرەوە بارزان قسەی دەکرد، وردە وردە خەو دەیبردەوە کاتێك خەوی لێکەوت ئیتر هەر ئەو خەوە بوو لەپرسگەکان هەرچەند دەیانهێناو دەیانبرد ئەم خۆی نەدەجولاند نە لە چێشتخانەکان دابەزی، نەلە پرسگەکان، کاتێك جەندرمەکان سەردەکەوتن وامانده‌زانی بۆ ئێمە هاتوون، ئێستا ملمان دەگرن‌و فرێمان دەدەنە خوارێ، دوای سەیری هەویەکانی دەکردو دەڕۆیشتن، بەڵام هەرچ هەویەکت هەبوایە دەتتوانی دەربازبی، چونکە زۆربەیان خوێندەواریان نەبوو، بیست‌و چوار کاتژمێر، واتە شەوێك‌و رۆژێك بارزان هەر لەنێو پاس خەوتبوو، لە نزیك ئەستەمبۆڵ خەبەری بووەوە، بە چاوە سوورهەڵگەڕاوەکانی سەیرێکی ئێمەی کرد، بینی هەمووومان لەناو پاسەکەین‌و کەسمان نەگیراوە، دەستێکی بەڕیشی داهێناو گوتی ئەلحەمدولیلا. دیار بوو هەموو جارێك ئەوە ئیشی بووە دوو حەبی ڤالیۆم دەخوات تا دەگاتە ئەستەمبۆل لەوێ تەماشا دەکات ئەو کەسەی رزگاری بوو باشە ئەوەیش کە گیرا دەڵێ شانسیان نەبوو لە گەراج دابەزین بە تەکسی ئێمەی بردە نزیك پارکێك چووینە ناو پارکەکەو زۆر پاك‌و جوان بوو، پڕ



بوو لەخەڵك سەر کورسیەکان چەند پیرەمێردو پیرەژنێك دانیشتبوون، خەڵکەکەی تریش بەنێو پارکەکە هات‌و چۆیان دەکرد، هەندێکیشیان تەنیا بەنێویدا تێدەپەڕین. لەنێو پارکەکە دوو گەنجم بینی سەرتاپا جلی رەشیان لەبەر دابوو یەکەو پەڕۆیەکی سووریان لەمل کردبوو، بانگی بارزانیان کردو بەراکردن هاتن ، هەر لەگەڵ سڵاو کردن وتیان نەفەری یۆنانن؟.

- ئیسلامی: ئا. . ئا خۆڕی ئەدی ئێوە بۆ کوێ دەچن؟  ئەوە فەرۆ هێسك، ئەوەش ئەمیر حەرامی.

- فەرۆ هێسك: بابچینەوە ماڵێ هەر لە نزیك پارکەکە ئێمەی بردە ماڵێك دەرگاکەی لە دەرەوە داخرابوو، قفڵەکەی شکاندو چوینە ژووری لێرە بن تا دەچم نانتان بۆ دێنم، دەرگاش لەکەس نەکەنەوە. هەردووکیان لەگەڵ بارزان رۆیشتن، کاتێك گەڕانەوە چوار سەموون‌و دوو جێ ماستیان هێنابوو.

- فەرۆ: جەماعەت بەخوای وامزانی، بارزان پارەی زۆر پێیە بۆیە چووم کەبابتان بۆ بینم‌و هەندێکیشی بۆخۆم لێوەرگرم، ئەویش دەرێ هیچ پارەم وەرنەگرتییە.

ئەمیر حەرامی چەند رۆژێك بوو لە ئەڵمانیا گەڕابووەوە پاسەپۆرتەکەی خۆی فرۆشتبوو دەیویست چەند نەفەرێك لەگەڵ خۆی بۆ یۆنان ببات‌و بگەڕێتەوە.

- جەماعەت ئەگەر پارەتان پێیە باشە ئەگەرنا کەس لێرە نەمێنێت فندقمان دانەناوە. پاش ماوەیەك کوڕێکی قۆز هاتە ژووری لەدوای ئەمیش دوو گەنجی تر، سڵاوێکی کردو بە تووڕەیی گوتی: کێ ئەم دەرگایەی شکاند؟

- کاکە هێرش وەڵڵا جەماعەتی میت بەدوامان کەوتن ئێمەش ناچار بووین بیشکێنین‌و خۆمان لێرە حەشار بدەین، ئەگینا چۆن ئیشی وا دەکەین.

ئیسلامی: کاك هێرش چۆنی، کاکە ئەگەر پێت خۆش بێت با ئەوانە ئەم شەو لێرە بن تا سبەینێ خانوو دەگرن.

بەم شەوە جارێکی تریش تەقەی دەرگا هات، سەرەتا خۆمان بێدەنگ کرد دوای هێرش بە تورکی گوتی کێیە؟

- دلاوەرم.

ئێمە پێنج کەس بووین، هێرش‌و دوو گەنجەکەیتر کەبرای دەرچوون، ئەمیر حەرامی‌و فەرۆ هێسك ، ئەوەبوو دلاوەریش هاتە ژوورێ یەکێکی لەگەڵ بوو کەناوی ئیدریسە رەش بوو، خانووەکەش هەمووی هەر بیست‌و چوار کوادرات دەبوو، لە دوو ژووری بچووك پێك هاتبوو، لە نهۆمی سێیەم لە بینایەکی کۆن لە ئەکسەرا.

- دلاوەر: کێ دڵدارە برای بەرێز؟

- منم، لەگەڵ ئەم کوڕە پێکەوە هاتووین، ئەویش لەسەر قسەی من، لەگەڵ قاچاخچییەك بچینە یۆنان. .

- برام ئەگەر لەگەڵمان دێیت، ئەوە باشە، ئەگەرنا ئێمە کەسمان نایناسین، بەیانی بابێتە (کچك بازاڕ) کە سەنتەری قاچاخچیەکانە، قسەی لەگەڵ دەکەین ... دڵداریان بردو رۆیشتن. بەیانی من‌و ئەحمەد لەگەڵ کوڕێکی تر بەناوی شوانە بە تاکسی ئێمەیان بردە لای چەند کەسێکی تر لە (قاسم پاشا) ژوورێکی زۆر بچووك، چوار سیسەم دوو دوو بەرامبەر یەکتری دانرابوو، ناوەڕاستەکەشی شوێنی دوو کەسی دیکەی لێبوو، زۆر تاریك بوو سێ کەسی لێبوو.

- ئیدریس: بەخێر بێن، خانووی خۆتانە، برادەران لەگەڵ وەجبەی هەڵۆ رۆیشتن، هەر چوار کەس ماینەوە، شەنستان هەبوو، لەو ناوەڕاستە جێگای خۆتان بکەنەوە، چونکە سیسەمەکان خەڵکی تری لێیە، ئەوەی ئەمبەر جێگەی ئاوارەو حوسێن دهۆکیە، ئێرەش جێگای من‌و مەولودە، کەمێك دانیشتین، دڵمان ئۆقرەی نەگرت‌و زۆر بێزار بووین، چیبکەین لێرە خۆ بۆ ئەو کاولە وێرانەیە نەهاتووین کە پڕە لە ئەسپێ‌و زیندەوەری تر، بە ناچاری داوامان لە ئیدریس کرد کە لەگەڵمان بێت بۆ کچك بازاڕ.

- باشە، لەبەر خاتری ئێوە تا ئەوبەر دێم، چونکە من زۆر کەم دەچمە دەرەوە، زۆر کەیفم بەو خوێڕیانەی ئەوێ نایە ..... ئیدریس رۆژێ دوو سێ



جار جزدانەکەی گیرفانی دەردەهێناو لە نێوەڕاستەکەی وێنەی پیاوێکی هەڵواسیبوو، تفێکی لێدەکردو هەڵیدەگرتەوە، بێ ئەوەی هیچ بەسەر خۆی بێنێ، لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی: برایەکم بەدەستی ئەم ئەمانە کوژرا، بۆیە تا دەمرم دەبێ هەموو رۆژێ تفێکی لە روو بکەم.

رۆیشتینە سەر شەقامەکە ویستمان بە تاکسی بڕۆین، ئیدریس گوتی ئەوە چی دەکەن، ئەوەتا یا بەسەر پردەکە دەڕۆین یا بە کەشتی دەپەڕینەوە، بۆ ئەو پارەیە بدەینە تاکسی، هەنگاوە رێیەکە.

سەد مەترێك رۆیشتین گەیشتینە لێواری ئاوەکە کە بە نێوەڕاستی شاری ئەستەمبۆڵدا تێدەپەڕێت، لەوێ بەدرێژایی لێوارەکە بەلەم وەستاوە، بەڵام ئەگەر سەیری بەلەمەکان بکەیت ترست لێدەنیشێ، ئەوەندە کۆنە جێگەی باوەڕ نییە، بۆیە هەر چوار دەوری بەلەمەکانیان کردۆتە تایەی ئوتومبێل، لەگەڵ خەڵکەکە سەرکەوتین، رێگای دوو دەقیقەی بە بیست دەقیقە بڕی، لەمبەر دابەزین‌و بە پێ بە کۆڵانی دەکان تا کچك بازاڕ رۆیشتین، لەم گەڕەکە لە هەموو کوچەو کۆڵانێك کوردێکی باشوری لێیە، ئەگەر کۆمەڵێکی لێنەبێت، لە نووسینگەیەکی تەلەفۆن چووینە ژوورێ، دڵدارو ئیدریسەڕەش دانیشتبوون، خەریکی تەلەفۆنکردن بوون بۆ یۆنان. ئەو کچك بازاڕە زۆر خۆش بوو، چونکە هەمووی کورد بوون، دڵت تۆزێ دەکرایەوە بێزاریت بیردەچووەوە، هەستت بە نامۆییەکی وانەدەکرد، گەر بێتوو ئەو شوێنە نەبا دڵمان لە لێدان دەکەوت، پرسیاری رەفعەتمان لە دڵدار کرد لە وەڵامدا گوتی بابە رەفعەت قسەی لەگەڵ هێرش کردووە بە فڕۆکە بفڕێت بۆ سوید، برای پارەی بۆ دەنێرێت لە هۆڵەندا، لە ئەحمەدم پرسی کەوا من کەسم نییە پارەم بۆ بنێرێ جگە لە هەولێر ئەویش قاچاخچیەکان رازی نابن.

- وەڵڵا برا منیش هەر وا، تا نەگەمە یۆنان، لەوێ قسە لەگەڵ مەلا کرێکار دەکەم، بەڵێنی داومەتێ پارەم بۆ رەوانە بکات، خۆی لە نەرویجە.

چووینە لای ئیدریسەرەش‌و  قسەمان لەگەڵ کرد، گوتی بە هەزار دۆلار، لەبەر ئەوەی پارەتان لە هەولێرە، ئەگەر لە گیرفانتان بوایە کەمتر دەبوو، کەچی پاش قسەکردنێکی زۆر هەتا بەم نرخە رازی بوو. ئەگینا دەیویست پەشیمان بێتەوە، دەیووت شەریکمھەیە ناتوانم پارە لە هەولێر وەرگرم، چونکە پارەکە برام دەیبات، بە هەرحاڵ رازی بوو بەم پارەیە بمانبات، گوتی شتومەك بکڕن، دوایی خەبەرتان دەدەمێ. بە شوێن خۆمان گەڕاینەوە، ئەمشەویشمان هەرچۆنێك بێت بەسەربرد، بەیانیش زووتر لە رۆژان هەڵساین‌و بەرەو ئەو کوچەو کۆڵانانە رۆیشتین، کە نرخی شتومەکەکانیان هەرزانترە لە شوێنەکانی تری ئەستەنبوڵ، چەند شتێکمان کڕی وەکو کۆڵەپشت‌و جلوبەرگی دابەزین‌و خۆراکی رێگاوبان، زۆر بە پەلە بووین ترسی گیرانمان هەبوو، لە هەر شوێنێك پۆلیسمان دیبا زیاتر لە کیلۆمەترێك دووردەکەوتینەوە. ئێوارە لەسەر سفرە بووین لەگەڵ ئیدریس‌و حوسین دهۆکی، لە دەرگادراو دوو پۆلیسی نەجمەدار هاتنەژووریٚ‌و دەرگاکەیان لەدوای خۆیان داخست‌و کەس نانی لە قوڕگی نەچووە خواریٚ، بە تەواوەتی بیٚ ئومێد بووین‌و کارەساتی گەڕانەوەمان هاتەوە بەرچاو، وەکو هەموو جاریٚ هەویەکانمان دایە دەستی، یەك یەك سەیریان کردو فڕێیان دایە سەر ئەرزەکە، بە تورکی وتیان هەموو ساختەیە، حوسێن کەمێك پاڕایەوە سوودی نەبوو، رووی کردە ئێمەو گوتی: کاکە گیان پارەیان دەویٚ ئەگەرنا سنووورداشمان دەکەن، بەلاٚم کەس پارە نەدات ئێستە فیلٚێکیان لێدەکەین، هەر کەس کەمیٚ پارەی دەرهێنا، هەمووی سیٚ سەدو پەنجا لیرە بوو، پێکەنین‌و وەریان نەگرت، یەکێکیان هەر سەیری دەرەوەی دەکرد، دیار بوو ئەوانیش هەستیان دەکرد کارێکی نایاساییە، بەلاٚم بیٚ پارەیی ناچارت دەکات. بە حوسێنم وت با رۆژێکی تر بێنەوە پارەیەکی چاکیان دەدەینیٚ، ئەوەبوو پەیمانی پێنج شەممەمان پێدان کە پارەی کار وەردەگرین، هەموو هەوڵمان ئەوەبوو ئەو جارە لە دەستیان رزگارمان بێت. دەستێکم بە سمێڵم داهێنا هیچ



نەمابوو، خوایە ئەوە لەسەر قسەی قاچاخچی سمێڵیشمان تاشی، کەچی گەڕانەوەمان هەر مسۆگەرە مەسەلەکە سمێڵەکە نەبوو، بەڵکو زیاتر پیرەمێردەکانی کۆڵانەکەمان بوو، هەموو کات بەدوای شتێکدا دەگەڕان تەواوی رۆژەکە برسی بکەن‌و جنێوی پێبدەن، جا سمێڵ شەرعیەتێکی تەواو بەوان دەدات. چونکە گوایە لەناو گەلی ئێمە سمێڵ نیشانەی پیاوەتی‌و جوامێرییە!

بە پێچەوانەی یۆنانیەکان ....... بەیانی بە پەلە جلەکانم کۆکردەوەو بە راکردن تا کچك بازاڕ نەوەستام لەویٚ کوڕێکمان دۆزیەوە بمانبات بۆ ماڵی شێخ عوسمان، چونکە کەس ئامادە نەبوو بمانباتەوە لای خۆی، ئەوەشمان بیستبوو کە ماڵی شێخ جێگای حەوانەوەی دەربەدەرو بێلانانە، لە هەمان کاتیش جەندرمەی تورکی ئەم ناوچەیە کەمتر کۆنترۆڵ دەکات، چونکە یەکەم مێوانێکی زۆریان لە دەرەوەی ولاٚت دەهات، دووەمیش دۆست‌و برادەرەکانیان پیاوی گەورەو پلەدار بوون. بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە شوێنێك بەناوی (بچووك چەکمەجە) لە دەرەوەی ئەستەنبوڵ بوو لەسەر شەقامەکە دابەزین، لە دەستە چەپ ڤێلایەکی گەورەی سپی لەسەر زێی ئەستەمبوڵ بوو، بە بەراورد لەگەڵ خانووی خەڵکی ئاسایی هەر لە کۆشکی سپی ئەمریکا دەچوو، دوو سەد مەترێك لەسەر شەقامەکە دوور بوو، لەبەر دەرگایان وەستاندین، برا گیان ببوورن بە خوا جێگەمان نییە، کوڕەکە خەڵکی سلێمانی بوو. کوڕەکەی لەگەڵمان بوو گوتی: راوەستن ئێستا بانگی برادەرێك دەکەم، ئەو سلێمانییە خۆپەرستانە کەیفیان بە هەولێریان ناییٚ، بۆیە کەس نایەتە ئێرە، سەدا نەوەدو نۆ هەولێریەکان لەنێو شار شوقەیان گرتبوو، سەدا یەکیش وەکو ماڵی شێخیان لا باش بوو، کوڕێکی بینی‌و بانگی کرد، ئەوە چییە نالێن وەرنە ژووریٚ، یەکیٚ نایەڵیٚ ئەوانەی ئەو بەر: ئیهمالیان بکە، فەرموو برام بڕۆنە ژووریٚ لە ڕاڕەوەکە جێگەیەك بۆ خۆتان بگرن. کە چووینە ژووریٚ حەوشێکی پان‌و بەرین باغێکی بچکۆلانە، ئەم کۆشکە کرابوو بە دوو بەش، بەشی پێشەوە هی خێزانی شێخ بوو، لەگەڵ منداڵەکانی، وەکو باسیان دەکرد ژنی

دووەمی یا سێیەمی شێخ، نەمزانی بە تەواوی چەند ژنی هەبوو، بەڵام ژنە تازەکەی واتە دوا ژنی لە تەمەنێکی وا هێناویەتی کە توانای بەجێهێنانی ئەرکی ژن‌و مێردایەتیشی نەمابوو، بۆیە هەر بە کچێنی لای شێخ مابووەوە، بڕوایەکی تەواوی بە کەرامەتی شێخ هەبوو، ئەمانە لەوپەڕی خۆشیدا دەژیان، چوار ئۆتۆمبێلی مۆدێل تازە لە ژووری وەستابوون، مارسیدس، بی ئێم ڤێ، جل‌وبەرگەکانیان وەکو خەڵکی ئەستەمبۆڵ وابوون، مەبەستم لە تەنورەی کورت‌و کاوبۆ، کەس بۆی نەبوو بە بەردەرگای یان بەر هەیوانی یەکەمی ئەم خێزانەی تێیدا دەژیا بڕوات، جگە لە چەند کەسێکی تایبەتی نەبێت کە خەڵکی سلێمانی بوون، خزمەتکاری تایبەتی خۆیان هەبوو، بەشی دووەمی وەکو هی یەکەمی گەورە بوو لە خوارەوە هۆڵێکی زۆر گەورە کە جێگەی پێنج سەد کەسی بەئاسانی تێدا دەبووەوە، لەگەڵ ڕاڕەوێکی دوورو درێژ لە هەر دوو سەر دەرگای هەبوو، چەند ژوورێکی بچووك بۆ شتومەکی زیادەو پێخەفی خەوتن، لەگەڵ چایخانەو خواردنگە، کە شوێنی دوو سەد کەس دەبوەوە، بەشی سەرەوەی واتا نهۆمی دووەم، هۆڵێکی گەورەی وەکو هی خوارەوە، بەڵام ئەمە تەنیا بۆ نوێژ کردن بوو، لەگەڵ ڕێزێك تەوالێت‌و دوو سێ گەرماوو شوێنی دەستنوێژ هەڵگرتن، لەگەڵ کۆمەڵێك ژوور بۆ ئەو کەسانەی شەو دەمانەوە، یانی میوانەکانی شێخ. کە سەرمان بە ڕاڕەوەکە داگرت بەدرێژایی دیوارەکە کۆمەڵێك کۆڵەپشت‌و بەتانی ریزکرابوون ئەوەی تر لە دەرەوە بوو، لەبەردەم دەرگا کوڕێکی قەڵەو پاڵی دابوەوە، سەیری ئێمەی کردو یەکەم پرسیاری: ئێوە خەڵکی هەولێرن؟

- بەڵێ.

- وەرنە ژووری، هەتا کەسیتر نەهاتووە.

- خەریك بوو تاریکی باڵی دەکێشا، وردە وردە قەڵەباڵغی زیاتر دەبوو، چەند کەسێك بەدەنگی بەرز هاواریان کرد، ریزبن زۆرم پێ سەیر بوو، بۆچی ریز بین، خۆ لە سەربازگە نین، بۆ بەم شێوەیە بە خەڵکەکە دەڵێن، زیاتر لە دە







ریز لەمسەر بۆ ئەو سەر بەرامبەر یەکتری دانیشتبوون، کە سفرەی نانخواردن هات ئینجا زانیمان، چونکە ئەم جۆرە بەکۆمەڵ نانخواردنەم نەدیبوو، هەشت سەد، نۆسەد کەس بە دانیشتن بەرامبەر یەکتری لە دەرەوەو ژوورەوەی هۆڵەکە، جگە لەوانەی سەرەوە، خواردن هات بۆ هەر هەشت کەس بەلەمێکی بچووك برنج، لەگەڵ دوو جێ مەرەگە یاخود هەر خواردنێکی تری وەکو نیسك، بەڵام بە زۆری برنج بوو، ئیتر هەر دوو پارو یاخود ئەو پەڕی سێ پاروو جگە لەو کەسانەی خزمەتیان دەکردو ئەوانەش کە برادەریان بوون، کەسیتر نەبوو ژەمێکی بەتێری خواردبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش خێرێکی گەورەی دەکرد، زۆر جار لەکاتی نانخواردن بەکامیرەی ڤیدیۆ وێنەی خەڵکەکەیان دەگرت، وا بڵاوبوو لەناو خەڵك کە گوایە ئەم وێنانە بۆ وڵاتی سعودیەو کوێت ڕەوانە دەکرێن، تاکو پووڵیان بۆ ڕەوانە بکەن، ئەویش گوایە شێخ خەڵکێکی بێ دەرەتان نان دەدات‌و بەناوی خەرجی زەکات‌و هەتیوانە لە شێخەکانی کەنداو ڕەوان دەکرا، راستیش بوو نانخواردنەکە بە ئارامی بوو، بەڵام چایە خواردنەوەکە کێشەیەکی زۆری دەهێنایە ئاراوە، جاری وا دەگەیشتە لێکدان، بەتایبەتی ئەوەی بەری نەدەکەوت، لەگەڵ ئەوەی دووانی دەخواردەوە پاشان خەڵکەکە هەر کەسە لە شوێنی خۆی رادەکشا تا جێگەکەی نەگیرێت، گەر لەکاتی خەوتن سەیری ئەم خەڵکەت بکردایە، ئەوا وێنەیەکی سەرسوڕهێنەر دەهاتە بەرچاو، ئەم هەموو پیاوە سەریان بە قاچ‌و پێڵاوی یەکتر کردوە بەهەموو شێوەو ئاراستەیەك، شەوانەش سێ ئێشکگر هەبوو، یەکێکیان لەسەر شەقامەکە، دووەمیان لە دەرگای سەرەکی، سێیەمیان لە نزیك هۆڵی نووستن، گەر پۆلیس بهاتایە خەڵکیان خەبەر دەکردەوە، بە چاو تروکانێك ماڵی شێخ دەبووە چۆڵەوانیەك هەر مەپرسە. تەنیا گوندی گەڕەك بوو لەم چەند ڕۆژەی ئەوێم پۆلیسم نەبینی، بەڵام شەوێکیان لەکاتی چایە خواردنەوە زیاتر لە حەفت سەد کەس بە دەنگی بەرز وتیان هات، ئیتر ئەم هاتنە لە فڕۆکەی تۆرنادۆ سامناکتر بوو، ئاپۆرەی خەڵك بە خێراییەکی زۆر

**وەکو تەوژمی شەپۆل لە پەنجەرەو دەرگای دواوە، هەموو ئیستیکانەکانی راپێچکرد، نێوانی خانووەکەو سەر زێیەکە هەزار تا هەزارو سێسەد مەتر دەبوو بەشێکی زۆری خەڵکەکە نزیك زێیەکەیان کردبوو، کەچی خەڵکێکی زیاتریش لە ژوورەوە رووەو دەرەوە بوون. بەم سەرماو سۆڵەو شەوە ئەنگوستەچاوەدا ناوچەکەش خۆی ئاوو هەوایەکی ساردی تایبەتی هەبوو، رۆژەکانی زستانی زیاترە لە ناوچەکانی تری ئەستەنبۆڵ، تەپەی پێی ئەم هەموو خەڵکەو راکردنیان وەکو رەشەولاَغ، رووی لە هەرکوێ کردبا کاولی دەکرد، پاشان وتیان گاڵتە بوو پۆلیس نەهاتووە، هەر بۆ گاڵتە چوار کەس دەستی شکاو زیاتر لە دەکەس بەشوشەی ئیستیکانو پەنجەرەکان بەقوڵی پێی بریندار بوو، کوڕێك لە رێگای یۆنان قاچی شکابوو نەیتوانی رابکات، چەند کەسێك بەسەریدا تێپەڕیبوون بە سێ جێگە قاچیان شکاندبوو، بوو بە هەرا لەلایەن خزمەتکارەکانی ماڵی شێخ، دەستیان بە پرسیارو لێکۆڵینەوە کرد لەو کەسەی کە ئەم کارەساتەی نایەوە، یەکێك بەسەری زمانی گوتی حەمە رەش بوو! ئیتر حەمەڕەش بووە ملەوەن بە گلۆپەکانی دەموچاوی. شەوان لە ترسی جەندرمە تا درەنگ کەس نەدەنووست، بەرەبەیانیش بۆ نوێژکردن بانگیان دەکردین تا بەجەماعەت نوێژبکەین، بەڵام زۆربەیان دەستنوێژیان نەدەشووشت تا خەویان نەڕەوێتەوە، هەروەها ئەوانەی بانگی خەڵکیان دەکرد یا بڵێین ئەوانەی خزمەتیان دەکردو لێپرسراو بوون، شەوانە شەرابی جنیان دەخواردەوە تا بانگی بەیانی، پاشان دەخەوتن تا نیوەڕۆ، بۆیەش جنیان دەخواردەوە، چونکە وەکو بیرەو عارەق بۆنی نییە. نیوەڕۆیەك شێخ بڕیاریدا سەردانی خەڵکەکە بکات، لە هۆڵی نوێژکردن چووینە سەرەوە دوای چەند دەقیقەیەك شێخ لەسەر کورسیەکی گەورە، چوار کەس لە هەر چوار گۆشەوە هەڵیانگرتبوو هێنایانە نێوەڕاستی هۆڵەکە، شێخ پیاوێکی پیرو لە دەوری هەشتا نەوەد ساڵی بوو، مەندیلێکی سپیو کورتەكو شەڵوارێکی مرادخانی رەنگ قاوەیی لەبەر دابوو، سەرو ریشێکی سپیو نەرم، پیاوێکی سۆرو سپیو**





**جوان، دەبوا بەخۆ کووڕکردنەوە بچیتە پێشەوە، بۆ دەست ماچکردنی، هەر بەو جۆرەش بگەڕێیتەوە دواوە. شێخ عوسمانی بیارەو تەوێڵە بوو، لە زووەوە سەفەری ئەستەمبۆڵی کردبوو نەگەڕابووەوە، هەر لەوێ جێگیر ببوو.**

**بەیانی خۆرەتاو بوو نم نم بارانیش دەباری، خەڵکەکە لەدەوری دوکانێکی بچکۆلانە لە دەرەوەی ماڵی شێخ کۆببوونەوە، هی خزمەتکارێکی شێخ بوو بەناوی کاکەحەمە، شتەکانی لەشار دەکڕیو لەوێ بەگران دەیفرۆشتەوە ئەو کەسانەی کە نەدەوێران بچنە نێو بازاڕی سەنتەر لە ترسی پۆلیس، لە سەرەی شت کڕین بووم کوڕێکی قەڵەو قەمسەڵەیەکی ئەستوری پۆشیبوو کە قەڵەوتری کردبوو هاتە لام، دەستی بۆ تەوقەکردن هێنا ناوی خۆی وت ئەتۆ برا نەفەری دلاوەری؟**

**- بەڵێ**

**- کوا ئەوەی دیکە، ئەحمەدە کێیە؟**

**- چووە پێڵاو بکڕێ.**

**- ئەوە فلیمی سووتا بڕۆ وازی لێبێنە.**

**- ئێستا دێتەوە بۆ بەجێیبێڵین؟**

**- کاکە، دلاوەر دەڕوا لێرە بەجێمدێڵن.**

**- قسەم نەما، زانیم کەس بەکەس نییە، هەر خۆرزگار کردنە، کۆڵەپشتمان هەڵگرتوو رۆیشتینە سەر شەقامەکە، لەوێ بە پاس بۆ سەنتەری شار بەڕێکەوتین، دوای نیو کاتژمێر بە کۆڵانەکان ئێمەی بردە کارگەیەکی دروومان، دە کەس وەستابوون دلاوەریش لەبەردەمیان. رۆژی یەك شەممە بوو، بازاڕ نەبوو ئەم کارگەیەش نەفەری خۆی کاری تێدا دەکرد، کلیلی لابوو بە پارە جێگای کردبوونەوە تا کەس نەزانێ کەی دەردەچن ئەگینا ئاشکرایان دەکردو هەمووشیان سنووورداش دەکرانەوە، چونکە قاچاخچییەکان ململانێی یەکتر دەکەن لە نەفەر بردن، یا ئەو کەسانەی بەجێدەمینێن شکایەت دەکەن،**

زۆری پێنەچوو ئیدریسەڕەش هاتە ژووریٚ بەبیٚ سلاّوکردن گوتی: راکەن سواربن‌و کەس قسە نەکات....

ئێمەش تا بەردەرگا بە هێواشی‌و لەسەرخۆ، پاشان بە خێرایی خۆمان هەڵدایە نێو سەلاّحەدینێکی چوار تەنی، چادرێکی لێدرابوو بە پەلە هەمووومان سەرکەوتین، ئیدریس‌و دلاوەر لە پێشەوە سەبر سەبر بەناو کۆلاّنەکان دەرۆیشتن‌و یەك دووکەسی تر سەرکەوتن تا ژمارەمان گەیشتە بیست‌و شەش کەس، هەموو وەکو فەردەی پەتاتە بەسەر یەکتری دادرابووین، ماوەیەکی باش کەس دەنگی لێوەنەهات، دوای ئەوەی یەکێك قاچی سڕدەبوو بەدەنگی کز بەویتری دەگوت، لەسەر قاچی هەڵسیٚ، (ئەلۆ) دەستی بە گۆرانی وتن کرد، ئەوە چییە، هەموو پێکەوە وتیان بێدەنگ بە.

- ئەلۆ: کاکە من هیچ پارەم نییە، هاتووم کەمین هەڵسێنم ئەگەرنا نەیاندەهێنام هەر دەگیرێم، لێگەڕێن با هەندێك گۆرانیتان بۆ بڵێم...

نزیکەی پێنج کاتژمێر بە ڕێگاوە بووین تا سەر سنوور، لە (ئەپسەلە) لەسەر شەقامی سەرەکی وەستاین‌و یەکە یەکە خۆمان فڕێدەداو راماندەکردە نێو کەندێك، تا ماوەیەك دەبوایە لە شوێنی خۆمان بمینێینەوە، چونکە هێشتا دنیا رووناك بوو نەوەك ببینرێین، کاتێك دنیا کەمێك لێڵ بوو بەڕێز رۆیشتین، کەس دەنگی لێوەنەهات تا گەیشتینە سەر جۆگەیەك کە ئاوەکەی وشکی کردبوو، نزیکەی دوومەتر بەرین بوو، دلاوەرو ئیدریس سەریان سوڕما، چونکە جۆگەیەکی دوورو درێژە قووڵ بوو، دەبوایە بۆ بەیانی بگەینە بەتری یۆنان ئەگینا ئاشکرا دەبووین، بە ناچاری بەلەمەکەمان پڕ هەوا کرد، بۆ لە دەستنەدانی کاتیش دەبوایە بەخێرایی بڕۆین، خێرا خێرا بەناو قوڕو لیتاوی سەر سنوور ڕێمانکرد، تا گەیشتینە شوێنێك دوو ژوورمان بەرچاوکەوت کە هی جوتیاران بوو، لەسەر کێڵگەکان بەقوڕ دروستیان کردبوو، کەمێك ماندووبوونمان حەسایەوەو دووبارە بەنێو بڕکە تەماتەو بەروبومی جوتیاراندا دەستمان بە رۆیشتن کردەوە، تا سەر ساتر کە هێڵی





سنووری نێوان تورکیاو یۆنان بوو، تۆزێك لەسەر پشت راکشاین لەنێو قوڕو لیتاوەکەی ساتر کەسمان نەدیت، دیسانەوە بەڕاکردن بەسەر ساترەکاندا رامانکردەوە تا نێو دارستانێك، لەوێش ئاو هەڵسابوو، هەمدیسان کەشتیمان ئامادەکردو پەڕینەوە، بەلاّم ئەم جارەیان زۆر ترسناك بوو، زەلکاوێکی زۆر پیس‌و گەورە هەبوو، هەردوو سەری بەلەمەکە بە کندڕ گرێدرابوو، چونکە کەس نەیدەزانی سەولّ بەکار بێنیٚ بەیەك ئاراستە، تەنیا دەبوایە رابکێشریٚ، ئەوەش مەترسی وەرگەڕانی زۆر بوو، ئیتر بەم بەلەمە شڕو بچووکە رزگارمان بوو، بەم سەرمایە هەموو بە جل‌و بەرگی تەڕەوە، بەڕیٚ کەوتینەوە، کاتژمێر پێنجی بەیانیەو مەیلەو تاریك‌و روونە بەڕاکردن لە شوێنێك دەگەڕاین خۆمانی تێدا حەشاردەین، دەستمان نەکەوت، ناشزانین هێشتا لە یۆنانین یا لە تورکیا، داروبارێك لەبەرامبەرمان بە چڕو پڕی دیار بوو، بەڕاکردن خۆمان گەیاندیٚ، هەر کەسەو خۆی خستە کەلێنێك‌و بێدەنگ بوو، تا کاتی نیوەڕۆ لێی خەوتین، پاشان هەر کەوتینە دەرهێنانی خواردن لەنێو کۆڵەپشتەکانمان، وردە وردە دەنگمان بەرز دەبووەوە، لە هیلاکی شەوو برسییەتی، کەس گرنگی بە سەربازەکانی سەر سنوور نەدەدا، خۆرێکی بەتین هەلاّت، کە ئەمساڵ یەکەم جار بوو ئەم گەرمییەی خۆرم بەر لەش بکەوێت، جلە تەڕەکانمان خستە سەر لقی دارەکان، ناوە ناوە لەژێر درەختەکان دەبووە قاقای پێکەنین، هەندێکیش لەسەر خواردن، بۆڵە بۆڵیان بوو، ئیدریسەڕەش‌و دلاوەری قاچاخچیش زۆر کەمتەرخەمتر بوون لەوانی تر لەم پێکەنین‌و بۆڵەبۆڵە، لەپڕ سیٚ سەرباز گەیشتنە سەرمان، بێدەنگی‌و ترس باڵی کێشا بەسەرمانا، خوایە ئاخۆ چیمان بەسەر بێت، دلاوەر بەدەنگێکی بەرز گوتی هەمووتان بڵێن لە یۆنانەوە هاتووین، تا نەمانگەڕێننەوە ئەستەنبۆڵ، دیار بوو ئەمە تاکتیکی قاچاخچییەکان بوو، ئەگەر دەستگیر بکراینایە دەیانوت لە یۆنان هاتووین، ئەگەر دەرچووبان ئەوا باشتر. ئیتر سەربازەکان بە لولەی تفەنگەکانیان لەبن دڕیو دارەکان دەریانهێنایین، هەموویان بردینە سەر

شەقامە خۆڵەکەی لای دەستە ڕاست، ئێمەش لەدەستە چەپەوە هاتینە سەر جادەکە، ئەویش هەر خۆڵ بوو، لەسەر جادەکە دەست لەپشت ڕایانگرتین، سەربازەکان خودەکانیان لەسەر هێنایە خوارەوەو لەبەردەمی خۆیان ڕاگرتو بە هاوار کردن وتیان چەقۆ، چەرخ، پاکەت، فلچەو مەعجونی ددان......هتد. دوای دەستبەسەراگرتنی شتومەکەکانمان، یەکیان لەپێشەوەو یەکێکیش لە ناوەڕاست ئەویتریش لە دواوە، بەرەو مۆڵگەکەیان بردین، لەمبەر چەند سەربازێك دەرکەوتنو دەستیان کرد بە جنێودان، کەسمان تێیان نەدەگەیشتین، سەربازە تورکەکانیش چەکەکانیان سوار کردو لە پەنای ئێمە جنێویان پێدەدانەوە، ئەو کاتە بۆمان دەرکەوت کە ئێمە لەسەر خاکی یۆنانین، ئەم سەربازە خوێڕیانەی تورك بۆ ڕاووڕوت سنووریان بەزاندبوو، چارەنووسی ئێمەشیان خستە مەترسییەوە، سنووری یۆنانو تورکیا بە یەك تەڵبەند لەیەك جیادەکرێتەوە، سەربازە تورکەکان بە کەلێنە دڕاوو پساوەکانی سیمەکە کە قاچاخچییەکان بڕیبوویان دەهاتنە دیوی یۆنان بۆ دەسگیرکردنی ئەو کەسانەی بە نایاسایی سنوورەکانیان دەبەزاندو بە دوای وڵاتێکی ئەورووپیدا دەگەڕان کە تیایدا جێگیر بنو لە ستەمو گرتنو ژیانی کولەمەرگیو جەوری ڕژێمەکانی خۆیان ڕزگاریان بێت. دوای لێپرسینەوەیەکی زۆر ئێمەیان بردە ژوورێکی دوو بە سێ، بچووکی ژوورەکەو ترسی سنوورداشکردنمان تەواو دڵتەنگو ناڕەحەتی کردبووین، وەکو چۆن دەڵێن سەگی تەنگاو بکەیت ناچێتە ئەم شوێنە، ئێمە کە ژمارەمان بیستو شەش کەس بوو لەو کونەگورگەیان کردبووین، خەریك بوو دڵمان بووەستێت، ئەوەندەی نەبرد وەجبەی (ئەیوبەڕەش) کە قاچاخچییەکی خەڵکی شاری سلێمانی بوو، بە شارەزاو فێڵباز ناسرابوو گەیشتە لامان، سیو هەشت کەسی لەگەڵ بوو، ژوورەکە دوو دەرگای هەبوو نێوانی هەردووکیان نیو مەترێك دەبوو مەترێکیش پان بوو، زیاتر، پێنج کەس لەم بەینە بوو، ئەوانی تریش بەسەر قاچو دەستی یەکتر دەکەوتنو لە هەردوو بەری ژوورەکە دوو



کەرەوێتی باریکی لێبوو، هەندێك لەسەری دانیشتبوونو هەندێکیش لەژێرەوە پاڵیان دابووەوە، شوێنەکە وەکو شارە مێرووڵە دەهاتە بەرچاو، ئەیوبەڕەش سێ ژنی لەگەڵ بوو دایکێكو دوو کچەکەی، لە ئەستەنبۆڵیش هەر بەیەکەوە خانوویان گرتبوو. سەرەڕای بێخەویو بێزاری لە هەموو ڕوویێکەوە، کەچی ڕەشە هەوەسی گاڵتەو گەپی لەگەڵ کچەکان دەبزوا، بەلآم ئەوان ئارەزوویان نەبوو، کەچی لە بێدەسەلآتی دەبوا نەرم بنوێنن، ناوە ناوە بە دەستەکانی ڕوومەتی دەگرتنو ماچی دەکردن، خەڵکەکەش هەندێکیان وەکو فیلم سەیریاندەکردنو پێدەکەنین، دایکیشیان سەرسامو بێدەنگ لەو پیاوانەی دەڕوانی. بەیانی کە چووینە دەرەوە ئەفسەرێکی قوتەی دەموچاو بەخوریکەی ڕەش وەکو بەعسییەکانی عێراق هات، هەموو ئەم ناوەی پێ پاککردینەوە، پاشان بە زیلێکی سەربازی دەچووە ئەو شوێنانەی کە قوڕو لیتەی لێبوو، دەهاتەوە ئەو شوێنەی پاکمان کردبۆوە، جارێکی تریش پێی دەماڵین، چەند جارێك زیلێك هاتە مەیدانەکەو بە پەلە سواریان کردین، ئەوەی لە سواربوونیش دوابکەوتبایە بە لولەی تفەنگەکانیان لێیاندەدان، لە سووچێکی دواوەی زیلەکە لەسەر کۆڵەپشتەکەم دانیشتبووم، لە بەرامبەرم پیاوێکی ڕەشداگەڕاوی تۆزاوی لەسەر چیچکان دانیشتبوو، هەردوو دەستی بەدەرگای دواوەی زیلەکەوە گرتبوو، دۆش دامابوو، یەکێك لە جەندرمەکان هاتە پێشەوەو تفەنگەکەی بە پێچەوانە گرتبوو بە تورکی شیڕاندی: ئەمەنە قۆینۆ .....دوو سێ قۆنداغە تفەنگی سرەواندە پیاوە ڕەشە داخ لەدڵەکەو دەستی کرد بە جنێو پێدانی، دەیگوت ئەوە سەیری چی دەکەیت وا بەتووڕەییو ناپاکی، تومەز ئەم پیاوە بێبەختە هەر بە سروشت دەموچاوی وابوو، ئەم دیمەنە قێزەونەم زۆر لە دلگران هات، کە جوولەمان کرد لێم پرسی: برادەر تۆم لا نامۆ نییە، ئەگەر هەڵە نەبم تۆم دیوە، جا چ بە حەقیقەت یا بەوێنە؟

- کاکەگیان قوڕبەسەرێکی وەك من کەی جێگەی ئێرەیە، لە بەدبەختی نەبێت چیم داوە لەم وەزعە، ناوە ناوە چەند دێڕێکم دەنووسیو ناوم دەنا (شیعر)، هەندێك دەروونم دەحەسایەوە، کاکە من ئیسماعیل خورماڵیم.
- خۆشحاڵم کاك ئیسماعیل، بەداخەوە هەرچەند تاکو ئێستا ئاشنایەتیمان نەبووە، بەلاّم شیعرەکانتم خوێندۆتەوەو ئەوانەی کراونەتە گۆرانیش گوێبیستی بوویمە، شتێکت پێبڵێم دروست بوونی ئەم وەزعەو ئەو ژیانە نالەبارو راکەڕاکەو تێهەڵدانە لە ئەنجامی تاوانی ئێمە نییە، بەڵکو ئاکامی کردەوەکانی بەعسی فاشیو پاشانیش گردبوونەوەی دەیان کاسەلێسو ناپاکو گیرفانبڕ لە دەوری شۆڕشی گەلی کوردو بەرپابوونی شەڕی براکوژیو دووبارەکردنەوەی سیاسەتی بەعسی فاشی لە کوردستانداو برسی کردنی خەڵكو ئاوارەکردنیان، ناچار دەیەهای وەکو ئێمە بیرمان لە رۆیشتنو بەجێهێشتنی نیشتمان دەکردەوە، لەم قسانە بووین گەیشتینە نێو شاری ئەبسەلە کە لەسەر سنوورە، لەوێش بۆ بارەگای سەربازیی ئەم شارە، لە دەرگای دواوە سەربازێك ناونووسی دەکردین، هەر کەسەو ناوێکی بە دڵی خۆی لە خۆی نابوو، زیاتر ئەو ناوانەیان ئەدا تا لەبیریان نەچێتەوە، بۆ نموونە تایەر تۆفیق، ئەحمەد حەسەن بەکر، منیش سابیر کوردستانیم وەك ناوێك بۆخۆم هەڵبژارد، بەلاّم کوڕێك لە رقی سەربازەکانو بە مەبەستی گاڵتەپێکردنیان ناوی خۆی نابوو (خوشك ...) کاتێك گوێمان لەناوەکەی بوو کە بە سەربازەکەی دەوت، گەلێك پێکەنین، پاش ماوەیەك گەڕانەوە پارەمان لێوەرگرن بۆ کرێی پاس، کە پاسەکە هات ناوەکانیان بانگ دەکردین ئینجا سەردەکەوتین، کاتێك گەیشتە ناوی کوڕەکەو خوێندیەوە خوشك... کەس وەلاّمی نەدایەوە، چەند جارێك دووبارەی کردەوە تا کوڕەکە بە شەرمەزاریو بە پەلە گوتی: بەڵێ، بەرەو پاسەکە رۆیشت. دووبارە گەڕاینەوە ئەستەنبۆڵ خێرێکمان لەسەر بوو سنوورداش نەکراینەوە، بەلاّم خەمی نێو شارمان هەبوو بە تایبەتی گەراجی پاسەکان، کە گەیشتین هەر بەخۆ فڕێدانو





راکردن دابەزین، لەگەڵ چەند کەسێك پێکابێکمان گرت کە چادری هەڵدابوو تا ماڵی شێخ هەمدیس بۆناو حەشامەتەکە، کە هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا نەکرابوو، تەنها جێگەکەمان گیرابوو، لە شوێنەکەی من پیاوێکی سمێڵ رەشی کەتەی چوار شانە لێیڕاکشابوو، سلاّوێکم لێکرد زۆر بەگەرمی وەلاّمی دامەوە، دیاربوو کوڕەکەی تەنیشتی ئێمەی دەناسییەوە تێیگەیاندبوو ئەم شوێنە شوێنی ئێمەیە، ئەمیش تۆزێك ئەملاو ئەولای خۆی چۆڵکردو گوتی: فەرموو براکەم، لێم پاڵدایەوە دوای خەوێکی باش هەڵسامەوە، کاتی نانخواردنی ئێوارەبوو، پاش نانخواردن پیاوەکە خۆی پێناساندم: برات سامان دەرچووی زانکۆی تەکنەلۆژیای بەغداد، منیش هەروەها، کۆڕمان گەرم بوو، گوتی: من هەر چەندە شارەزای رێگای یۆنان نیم، بەلاّم رێگاکە بێنمە بەرچاوی یەکێك کە جێگەی بڕواو متمانە بێت، بەهونەری خەوتن (پاراسایکۆلۆژی)، پاشان هاتە سەر ئەوەی کە زۆر هونەری تر  دەزانێتو لە بواری زانستیش توانای داهێنانی هەیە، هەر بگاتە ئەوروپا پارەیەکی خەیاڵی دەست دەکەوێت، جا چ لەرێگای فرۆشتنەوەی فیکرو بیرە نوێیەکانی بێت یاخود خۆی داهێنەریان بێت، بە یارمەتی کۆمپانیاو فێرگەکان، تا سەعات دووی شەو کاك سامان باسی بلیمەتی خۆی بۆ کردم، شەوی داهاتوو کەوتە باسکردنی فەلسەفەی ئیسلامی، باسی وجودو عەدەمی بۆ دەکردم، بڕوای بە بوونی یەزدان نەبوو، کەوتە موناقەشە لەگەڵ کوڕەکەی تەنیشتی، خزمەتکارێکی ماڵی شێخ هاتەلامان، کوڕەکە بە خزمەتکارەکەی وت کەناوی دڵشادبوو، ئەوە سامان دەڵێ: خوا نییە؟  پێش ئەوەی دڵشاد قسە بکات، سامان گگوتی: کاك دڵشاد من چۆن کوفری وا گەورە دەکەم، ئەمە بە هەڵە لێمتێگەیشتووە، من مەبەستم ئەو خەڵکانەیە کە باوەڕیان بە خوا نییە. ئیتر وازیان لێهێناو ئەم جارەش رزگاری بوو، ئەگینا لە ماڵی شێخ قاو دەدرا. دوای سێ رۆژ ئەیوب دەرکەوتەوە، دیسان ئەحمەد دیار نەبوو، بەهەمان شێوە بە رێکەوتینەوە، ئەمجارە پێش ئەوەی بگەینە شوێنی دابەزین، ئۆتۆمبێلێکی رینۆو ماتۆڕێك رێگایان پێگرتین،

خۆیان وا نیشاندا کە میتی تورکین، ئەوانەیش گەر بتگرن یەکسەر بۆ زاخۆ ڕەوانەت دەکەنەوە، دوای هێنانو بردنێکی زۆر بە پێنج سەد دۆلار ڕێککەوتین کەدەستگیرمان نەکەنو ڕێگای گەڕانەوەمان بدەن، لەبەردەم ئەوان رووەو ئەستەمبۆل سوڕاینەوە، کە لەبەرچاو ون بوون تاریكو روونی بەیانیش بوو ئۆتۆمبێلەکە وەستا، خۆمان هەڵدا خوارێ تا لە جادەکە دوورکەوتینەوە، ئۆتۆمبێلەکەش یەکسەر ڕۆیشتو ڕێگایەکی ترمان گرتەبەر، لەبەر ئەوەی لە ڕێگاکەی تر ئاشکرا ببووین دەرچوونمان زۆر ئاسان نەبوو، لە تەواوی ڕێگاکە تۆزێك ئیسراحەتمانکرد، لە شەشی ئێوارە تا سێی شەو پێش ئەوەی بگەینە سەر ئاوی گەورە لەبەری یۆنان بە ڕێگاوە بووین، چونکە ئەم زێیە بەخاکی تورکیاو یۆناندا تێدەپەڕێت وەکو خابوور. لەبەر نەشارەزایی قاچاخچییەکان لەم ڕێگایە، کەوتینە کەمینی کۆماندۆی یۆنانی، بەلاْم چ ڕێگایەك، لەگەڵ هەر جوولەیەك ڕێژنەی گوللە دەباری، ترسناکترین ڕێگای تورکیاو یۆنان بوو، نیو کاتژمێر لە شوێنی خۆمان نەجوولاین، بە بلاجکتۆر کردبوویانە ڕۆژی رووناك ، دوای هاتنی کۆماندۆی زیاتر بێدەنگ رووەو مۆڵگەی دواوەیان بردین، لەوێ لێکۆڵینەوەیەکی زۆر توندیان لەگەڵ کردین، ملوانکەو هێتفۆنی چەند کەسێکیان برد، ئەوانی تر ترسان یەکسەر پارەو ملوانکەو ئەنگوستیلەی زێڕیاندا بەو کەسانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە، لەم کاتەدا کۆماندۆیەك (تەتۆ)ی بینی کە پارەو شتومەکی لایە بانگی کرد، داوایان لێکرد شتوومەکەکانیان بداتێ، تەتۆش خۆی گێلکرد ئەوەندی پێنەچوو هاوار هاواری تەتۆ ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆیشت، بە سێ کۆماندۆ دارکاریان دەکرد تا رووتیان کردەوە، بەلاْم هاوارەکەی هی لێدانەکەی نەبوو، بەڵکو هی رووتکردنەوەکەی بوو، بە دووان گرتبوویانو یەکێکیش جلەکانی دادەکەند، تەتۆ بەروگوتی پشتی لەدیوار کردبوو بەهەردوو دەستەکانی گەڵو گونی شاردبووەوە، ناوە ناوەش پێی دەوتن خوشك .... ئەوانیش بەبێ ئەوەی تێبگەن چ دەڵێ بەر شەقو تێهەڵدانیان دەدا دوای پشکنین ڕێگای تەتۆیان دا





جلەکانی بپۆشێتەوە، تەتۆ بەجنێودانو تف ڕۆکردن هاتە ناو چوارگۆشەکەی ئێمە کە بە ریز دروستمان کردبوو، ئەوانەی شتەکانیان لای تەتۆ دانابوو داوایان کردەوە، ئەویش بەدەنگی گەورەو بەرز هاواری دەکردو دەیگوت من لەسەر ئێوەو لەبەردەمتان ڕەزیلو سەفیلو دارکاری کراوم، کەچی هێشتا زات دەکەن داوای شتەکانم لێبکەنەوە!.

- فەلاح مەسیحی: تەتۆ هەزار دۆلاری منیشیان بردووە ئەی چی بە قاچاخچی بدەم، ئەو پارەی لەمن دەوێ.

- تەتۆ: ئەوە موشکیلەی خۆتە، لەسەر قاچاخچی، چیتر قسەم لەگەڵ مەکە، با دیسان نەمگەڕێننەوە .

بەیانی زوو ئێمەیان بە پاسێکی بچووك بردە بەندیخانەی فێرێ کە شارێکی بچووکی سەر سنووە، ئەمیش وەکو تورکیا شوێنێکی زۆر بچووك بوو تەوالێتێکی تێدابوو، پەنجەرەکەی داخرابوو، چونکە پێش ئێمە شکاندبوویانو رایانکردبوو، بۆیە زۆر ئاگادارمان بوون. ژوورەکە پێنج کەسی تری لێبوو، کوڕێکی موو زەردی لێبوو حەمەسووریان پێدەووت خەڵکی سلێمانی بوو، دیاربوو قاچاخچییان بوو، دوای کاتژمێرێك پاسێکی پۆلیسی جام سیمکراو ی پڕ لە خەڵك گەیشتن، ئەوانیش لە ناوەڕاستی یۆنان لەکاتی سەرکەوتنیان بۆناو شەمەندەفەر لە ئەسینا گیرابوون، ژمارەیان زۆربوو، بۆیە دایاننەبەزاندن، لەوانە بوو ببێتە هەراو هۆسەو بەم چەند پۆلیسە وەزعەکەیان بۆ کۆنترۆڵ نەکرێ، ئاگاداریان کردین کە کۆڵەپشتەکانمان لەدەرەوە دابنێین، بەلاْم من نوردیەك نانی عەرەبیم دەرهێنا، ئەوانی تر هەموو شتەکانیان بردە بەردەم دەرگاکە، جگە لە خواردەمەنی، جلوبەرگو پێڵاوی تازەی تێدابوو بۆ کاتیدابەزین لەناو شار، ئیتر کۆڵپشتەکانیان برد، هەر ئەو بردنە بوو چاومان پێنەکەوتەوە، ئێمەیان هێنایە دەرەوەو لەحەوشەکە دانیشتین، ئەفسەرەکە سۆندەیەکی هێناو دەستیانکرد بە تەڕکردنمان، نازانم خاوێنی دەکردینەوە یا دەیویست سەرمامان بێت،

هەرچەندە بەری یۆنان زۆر گەرم تر بوو لەچاو تورکیا. لەبەر زۆری خەڵك نەیانهێشت زۆر لەویٚ بمینێینەوە، بۆیە سواری پاسێکیان کردین‌و رووەو سنوور بەڕێیان خستین، بەرەو شوێنێك رۆیشتین کە سەربازی تورکی لێنەبێت، بێدەنگ دابەزین‌و بۆ تاقیکردنەوە سێ کەسیان بە بەلەمێکی راوچیان رەوانەی ئەمبەر کرد تا گەیشتن هیچ نەبوو، کاتێك دابەزین بووە راکێش راکێشێك، کە لە ئاکامدا هەرسێکیان بوونە قوربانی، گەڕاینەوە ئەو شوێنەی کەلێی گیرابووین، ئەم هێنان‌و بردنە شەوی داهێنا، لەویٚ کەس نەبوو دەبوایە بەراکردن بچینە بەری تورکیا، چووینە ئەمبەر کەمێك دانیشتین، پارچە نانێکم دەرهێنا دە کەس لە دەورەم کۆبوونەوە، هەریەکەو پارچەیەکی بەرکەوت رووەو مۆڵگەی سەربازی تورکیا بەڕێکەوتین کەس دیار نەبوو، چونکە ئەوەندە لە خۆمان بێزار ببووین دەمانویست دەستگیرمان بکەن، کەسێکمان نەبینی تا بزانین لەبەری یۆنانەوە هاتووین، یاساکە وابوو لەکویٚ بگیرێیت رەوانەی ئەو شوێنەت دەکەنەوە، ماوەیەکی زۆر رۆیشتین بەدەم قسەکردن‌و فیکەلێدانەوە، کەچی لەبەری تورکیا هەناسەت بدابوایە ئاشکرا دەبوویت. چەند سەربازێك دەرکەوتن لایتیان لێدا کە ئەو هەمووکەسەیان بینی واقیان وڕماو لە شوێنی خۆیان وەستان‌و سەیریان کردین، جاران راماندەکرد ئەمجارە پێدەکەنین، بەرەو روویان چووین، میلی تفەنگەکانیان لێمان راکێشاو بە دەنگی بەرز وتیان (دوور) هاتنەلامان‌و سەیریان کردین، بەلایانەوە نامۆ نەبووین، هەر سەرو شکلی جاران بووین دایاننیشاندین، چەند پاکستانیەکمان لەگەڵ بوو، دایانە بەر پۆستالآن، گوایە ئیشی قاچاخی تلیاك دەکەن، کەس لە پاکستانیەکان توانای رۆیشتنی نەمابوو لەبەر لێدان. گەڕاینەوە بەردەم بارەگای تورکان، لەویٚ ئەفسەرێکی سەرسەری لێبوو لەنێو قاچاخچییەکان ناسراو بوو، زۆری لێدەترسان، کەمێك پێی رابواردین‌و هەر بەم شەوە سەربازەکانی تێگەیاند کە لە شوێنێکی تر رەوانەی یۆنانمان بکەنەوە، وەکو رانەمەڕ بە پێش خۆیاندایین هەر کەسێك دوا



بکەوتایە شەپازللەیەکیان تێهەڵدەدا، بۆیە وەکو گاڕان هەرکەسە خۆی دەخزاندە ناوەڕاست بەرەو پێشەوە تا گەیشتینە نێوکەندێکی پڕ لە دڕك‌و داڵ‌و قووڕ، لەویٚ پاڵیان نا بەوانەی کە لە ریزی پێشەوە وەستابوون‌و هەموویان خستینە ناو چۆمەکە، لەمبەریش بورجێکی ئێشکگری هەبوو، بەم سەرمایە زیاتر لەنیو کاتژمێر لە شوێنی خۆمان دوو دوو پشتمان پێکداو دانیشتین، تا لەمبەر ئاشکرا نەبین. ئەمبەرە تورك‌و ئەوبەریش یونانی، وەکو کورد دەڵێ (دارێکت پێیە هەردوو سەری پیسە) پاش ئەم هەموو ماندووبوون‌و رێ بڕین‌و هیلاکی‌و خۆشاردنەوەیە، وەلێ ئەفسووس دیسان کەوتینەوە کەمین، تەنیا ئیدریسەڕەش‌و شاخۆڕەش دەرچوون. ئەمشەویشمان لەوێندەر بە نائارامی بەسەربرد، بەیانی بە پاسی خەتی سنوور ئێمەیان بردەوە نێو بەندیخانەی فێریٚ تا ئێوارە، ئێوارەش پاسەکانی خەت گەڕانەوە بۆسەر سنوور، لە رێگا هەمووومان پێکەوە قسەمان دەکردو پێدەکەنین خەمی گرتنمان نەمابوو، پۆلیسەکە زویر بوو دەمانچەکەی دەرهێناو یەك دوو فیشەکی تەقاند، بووە فیکە لێدان‌و هەرایەك، یەکێك دەیووت: هەبیٚ‌و نەبیٚ کەرکوك رزگاربووە. ئەوەی تریان حکومەت هاتەوە. یەکێکی تر شیراتۆن گیرا. نەوەڵلآ بووك گواستنەوەیە. هەر کەسەو قسەیەکی دەکرد، گوللەکە کێشەکۆژ بوو، جا ئێمە لە سەدو شەش ناترسین بەو دوو تەقەیە دەترسێین، ئەم بەزمە تا سنوور بەردەوام بوو، پۆلیسیش بێدەنگ بوو لەو شوێنانەی پولیسی تورکی لێنەبوو دوو دوو بەڕێیان کردین، ئەمجارەیان لەلای تورکەکان گیراین، ئێمەیان بردە بارەگایەکی گەورەی سەربازی‌و لەویٚ لە کۆگایەکیان ئاخنین، شەو درەنگ بوو دوو سەرباز هاتنە ژوورو کۆڵەپشتی ئەوانەیان پشکنی کە دوای ئێمە گیرابوون، کۆڵەپشتەکانیان نەدزرابوو نەسوتابوو، یاخود نەبردرابوو. ئەوەی بەردەستیان کەوت بردیان وەکو گوێزان، مەعجونی ریش تاشین‌و ددان، کەلوپەلی دیکە، کەس قسەی نەکرد نەوەك تێی هەڵبدرێت، بەیانی زوو یەکێکیان خۆی پێنەگیراو گوتی: کوڕە جەماعەت ئەو تالآنچییانە

شەوێ حەفسەد دۆلاری منیان دزیووە لەناو مەعجونی ردێنم دانابوو□! یەکێك لەوانەی زمانی تورکی دەزانی لەگەڵی چوونە لای ئەفسەرێك، ئەفسەرەکە پێی وتبوو ئەگەر درۆ بکەی دەتکوژم، لەگەڵ لێدان. سەربازەکانیان هەموو ریز کردن، سەربازە دزەکەیان دەست نیشان کرد. ئەفسەرەکە پێی وت: برۆ شتەکانی شەو بێنەوە. . . سەربازەکە شتەکانی هێنایەوە. کاتێك مەعجونەکەیان پچڕاند پارەکەی تێدابوو! هەر لەوێ سەربازەکەی بەر شەقانداو بەندی کرد، بە کوڕەشی وت پارەکەت ئەوەتە نیوەت دەوێ یان فڕێت بدەینە دەرەوەو هیچت نەدەینەوە؟ کورد دەڵێ: (زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە قازانج حیسابە). کوڕە بەنیوەکە رازی بوو. رۆژ خۆشبوو ئێمەیان بردە بەر هەتاو زیاتر لەسەعاتێك لەبەر ئەم خۆرە دانیشتین، ناوە ناوە یەکێك دەبۆرژاو خەو دەیبردەوە بەلایەك دادەکەوت خێرا راست دەبووەوە، لەناکاو چەند سەیارەو ئۆتۆمبێلێکی سەربازی دەرکەوتن پاسەوانەکان خۆیان فڕێدایە خوارەوە بەملاو ئەولا بلاوبوونەوە، چەند ئەفسەری پلەداری ئەستێرەو گوڵە گەنمو شێر لە شان دابەزین، خەڵکەکە هەموو هەستانەوەو بە ریز وەستان، تەنیا منو کوڕێکی تر توانای هەستانمان نەبوو، خۆمان تێکنەدا، وتمان چیە یان ئەستەمبۆل یان یۆنان، جەنەڕاڵی بێشەرەف لەنێو ئەو هەموو خەڵکە سەری لە ئێمە هەڵکێشاو بانگی کردین، بە تووڕەیی قسەی لەگەڵ کردین هەر واماندەزانی گوێز دەژمێرێ، بانگی یەکێکی کرد لەوانەی زمانزانبوون داوای پێناسی لێکردین. من هەر پێناسی زانکۆم پێبوو، ئەویش رەنگی زەردبوو کاتی دەرچوونم لە هەولێر بۆ بازگەکانی هەولێر بەکارم دەهێنا هەر زوو بەرێیان دەکردم.

- جەنەڕاڵ: خەڵکی کوێن؟
- عێراق
- چ شارێك؟
- هەولێر

٦٢





- جارێکی تر کوێ؟
- ئەربیل
- ئەی بۆ تورکی نازانی؟
- خۆ من تورك نیم.
- درۆ دەکەیت تۆ خەڵکی عێراق نیت تۆ پەکەکەیت؟
- نەخێر، خەڵکی ئەربیلم.

ئیتر وەکو پیشەی هەمیشەییان وای لە قەڵەمدا، کە من خەڵکی کوردستانی عێراق نیمو پەکەکەم، دوو سەرباز بۆ لام هاتن، پێش ئەوەی قۆڵم بگرن پیرەمێردێك کە خەڵکی کەرکوك بوو تورکی باش دەزانی، گوتی ئەوە لەگەڵ ئێمەبوو لە عێراق پێکەوە هاتینە تورکیا. کە ئەمەی وت کەسێکی تریش هاتە دوان، ئیتر وەك بڵێی دیلێك بۆ خوا رزگار دەکات، پێناسەکەی سوتاندمو رێگایان پێدام. ئەوەی تر نفووسو جنسیەی پێبوو. چەند قسەی بێ مانای بۆ کردن، پاشان گوتی گەر بتانگەڕێنینەوە عێراق جارێکی تر دێنەوە؟ هەر هەمان پیرەمێرد هاتە قسە: وەڵڵا گەورەم سەد جاری دیکە رەوانەی زاخۆمان بکەنەوە، هەر دەگەڕێینەوە، چونکە عێراق جێگەی ژیانی تێدا نەماوە، هەموو بەها پیرۆزەکان لەژێر پێلاون، سەرکردەکانی ئەوێ مەبەستم لە دارودەستەی رژێمی بەعسە، تا هەندێك لە لێپرسراوە کوردەکانی لای خۆماشمان، گەورەترین نەخۆشیان بلاوکردەوە، هەموو خەڵکیان کردووە بە دوژمنی یەکتر، ماڵێك نییە کوژراوێکی نەبێت لە لایەنێك، کەم خێزان هەیە ماڵی وەبەر تالان نەکەوتبێت یا زیانێکی پێنەگەیشتبێ، بۆیە ئێمە لەو بارودۆخە زۆر نیگەرانو ناڕازین، هەر لەبەر ئەوەشە رێگای هەندەرانمان گرتۆتەبەر، جا یا ئەوەتە دەگەینە ولاتێك یا دەمرین.

کات نزیکەی دووی پاش نیوەڕۆ دەبوو، زیلە رەزا قورسەکان هاتنەوە بەردەمان بەبێ ئەوەی بزانین بۆ کوێ دەمانگوازنەوە. قاچاخچیەك گوتی جەماعەت گەر بەرەو دەستە چەپ رۆیشت ئەوە بەرەو یۆنانە، گەر بەرەو

دەستە راستیش رۆیشت، بەداخەوە بەرەو ئەستەمبۆڵە، بەلاّم سەیارەکان بە هیچ لایەك لایان نەدا، راست رۆیشتین، كەس نەیدەزانی بۆ كوێ دەمانبەن، دوای سێ سەعات گەیشتینە بارەگایەکی تری تورکەکان، لەوێش شەوێك بە برسیەتی ماینەوە، هێشتا چارەنووسمان دیار نەبوو، رۆژەکەش تا ئێوارە هەر هەتاو هەبوو، تاریکی هێشتا باڵی بەسەر هەموو رووناکی دانەکێشابوو، ناوە ناوە بانگیان دەکردین لە زیلەکە سەر کەوتینەوە وای لێهاتبوو هەر کەسەو شوێنی خۆی دەناسیەوە، ئاژوێرەکانیش چیتر پێمان نامۆ نەبوون، ماوەیەکی زۆر رۆیشتین ئاراستەکەش هیچ شوێنێکی لێ مەزەندە نەدەکرا، دوای ئەوە لە پردێکی پانو بەرین پەڕینەوە، وتیان کوڕینە ئەوە ئاوی گەورە بوو، بەرەو یۆنانە، ئەم شوێنە ترسناکترین شوێنە لە رێگای نێوان تورکیاو یۆنان، یاخود ئەو رێگایەی دەچێتە ئەسینا ئاوی گەورەیە واتا زێی گەورەیە. لە لێواری رووبارێك وەستاین، دیاربوو چیتر رێگای ئۆتۆمبێل نەمابوو. پێش دابەزینمان بە دووربینی شەو سەیری دەوروبەرەکەیان کرد، ئارام بوو دایانبەزاندینو رووەو رووبارەکە، لەوێش سەربازەکان بە ریز وەستابوون بۆ شۆڕکردنەوەمان، رووبارەکە قوڵیەکەی هەر مەترێك دەبوو زۆریش بەخوڕ بوو لەمبەری رووبارەکەش ئاو هەڵسابوو، تەواوی ناوچەکەی داپۆشی بوو ئاو تا ئەژنۆمان هاتبوو، لەناو ئاوەکە کۆبووینەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ وەجبەکانی تر تێکەڵ نەبینو ون نەبین، تەنیا یەکێك نەبێت زۆر بانگمان کرد هیچ سەدایەکی نەبوو پێدەچوو هێشتا لە رووبارەکە نەپەڕیبووەوە، دلاوەریش نەیدەویست دواکەوین نەوەك ئەوانیتر پێش ئێمە بڕۆنو رێگاکە ئاشکرابێت، چونکە زیاتر لە سێ چوار وەجبە خەڵك تێکەڵاوی یەکتربوون، جگە لەو کەسانەی بەتەنیاو بێ قاچاخچی هاتبوون. ئەم خەڵکە هەموو بەیەکەوە بەناو ئەو ئاو قووڕو لیتەیە رووەو ئەو دارستانە چڕەی لەمبەرەوە دەهاتە پێشمان رێچکەی کردبوو، دوای رۆیشتنی چەند سەد مەترێك گەیشتینە سەر رێگایەکی خۆڵ کە بەینەکەی لەگەڵ دارستانەکە بە جۆگەیەکی وەستاوی بۆگەن



جیادەکرایەوە کە بەرینیەکەی دوومەترو درێژیەکەشی دیار نەبوو چەندە، بۆیە تەنیا بەلای راستو چەپو دەمانتوانی بڕۆین، یەکێك هەر لە خۆیەوە گوتی: دەستەڕاست یۆنانەو دەستەچەپیش بولگاریایە، تورکیاش کەوتۆتە پشتمانەوە، لەسەر قسەو بڕوای ئەم کەسە، دەستە راستمان گرتوو رۆیشتین بەبێ ئەوەی کەس بڵێ بۆکوێ دەچن.. چەند سەعاتێك رۆیشتین هیچ شوێن پێیەکمان نەدۆزییەوە، هەر دارستان بوو، ئاوڕماندایەوە جگە لە خۆمان کەسیتر لە دوامانەوە نەبوو، بوو بە هەڵڵاّ گوتیان: ئەمە رێگایەکی چاکە، چوار کەس بە مین گیانیان لەدەستدا، ئەمە رێگای بولگاریایە، بەناچاری بەردەوامبووین، چونکە رۆژمان بەسەرردادەهات بەناو قرچە قرچی دارەکانو وەرینی گەڵاکان بەسەرو گێلاکمانو راکردنی ناوە ناوەی ئاژەڵێك کە نەماندەزانی چ جۆرێکیشە، رەنگە ترسناکیش بووایە، کەچی هەمووومان بیرچووبووەوە، لە ترسی بێئابڕووییو خراپ مامەڵەکردنی جەندرمەکان لەگەڵمان، واماندەزانی ئەوا لە پارکی گڵکەندی هەولێرینو بەم شەوەزەنگە پیاسە دەکەین، کەس نەبوو چەند جارێك نەکەوێتو چڵەدارێکی لە دەموچاو نەچەقێت، خۆ پێکدادانو بەسەر پێی یەکتر کەوتن ئەوە هەر شتێکی ئاسایی بوو، هەریەکە دەیویست زیاتر لە قاچاخچییەکە نزیك بێتەوە نەوەکو جێبمێنێت یا لەو دارستانە چڕو تاریکەدا ون بێتو ئاژەڵی دڕندە بیخۆن.
دوای نزیکەی چوار سەعات رۆیشتن، زێتر لە پازدە هەزار درەختمان لە دوای خۆمان جێهێشت، چەند تیشکێك لەپەنای درەختەکان دەردەکەوتو ون دەبوو، نێوانی ئێمەو ئاراستەی تیشکەکە گۆماوێکی دوورو درێژو پڕ لە قەوزەو بۆقو چڵەدار بوو، ویستمان بپەڕینەوە، یەکێك بۆ تاقیکردنەوە پێی خستە نێو گۆمەکە بۆ ئەوەی بزانێت قووڵە یان نا، پێی خلیسکاو کەوتەگۆماوەکەو یەکسەر نوقمبوو، کەچی مەلەوانیش بوو، بەلاّم جێگەی مەلەوانی نەبوو، ئینجا بەدارو بە ریز دەست بەیەکەوە گرتن تا رزگارمان کرد نیوە مردوو بوو رەنگی سپی هەڵگەڕابوو دوای کاتژمێرێك بە لێو تەتەڵە

کردن گوتی: کوڕە کەس نەچێت زۆر قووڵەو هەمووش پیساییە. . ! بە باریکەڕێیەکدا ڕۆیشتین تا گەیشتینە کۆتایی گۆماوەکە، شەو کۆتایی هات، بەڵام گۆماوەکە هەر درێژ دەبووەوەو ڕووناکی پاشەکشەی بە تاریکی کردو شوێن پێمان کە بە یەکڕیزە پێکمان هێنابوو زێتر ئاشکرای دەکردین، وەڕینی سەگەکان ئاگاداری کردینەوە کە چیتر کاتی ڕۆیشتن نەما، پێویستە خۆمان حەشار بدەین، گۆماوەکەش تەسك دەبووەوە هەر لەتەك ڕێگاکە قامیشەڵانێکی زۆر چڕ هەبوو خۆمان خستە نێو قامیشەڵانەکە، بێ ئەوەی بزانین وشکە یان تەڕ، چونکە کاتمان بە دەستەوە نەمابوو، جگە لە ترسی گیران، قاچاچچیەکەمان گوتی: هەر کەسە جێگایەك بۆ خۆی بکاتەوە ئێستا پۆلیسی بولگاری بە خۆیو سەگەکانیان دێن، ئەوەتە لێرەوە ڕەبایەکانیان دیارە، هەرکەسەو شتێکی لەژێر قامیشەکان ڕاخستو کەوتنە خەو، کاتژمێر دوازدە لەگەڵ وەڕینی سەگەکان خەبەرمان بۆوە، وامانزانی گیراوین، زۆر لێمان نزیکبوون گەر سەگەکانیان بەرەڵاکردبایە پارچە پارچەیان دەکردین، بەڵام ئێمەیان نەدەبینی کەس دەنگی هەناسەی نەدەهات، چاوەڕێ بووین ئێستا یا تۆزێکیتر ڕاماندەکێشنە دەرەوە، دوو سێ کاتژمێر ڕابورد لەسەر یەك لا تەنیشت پاڵمان دابۆوە، ئەوەی کە چاوەڕێمان نەدەکرد ڕۆیشتن بوو، چونکە کارێکی سەخت بوو، نەمانزانی بۆچی ئەوەی بیرمان چوبایە تەنها کاریگەری (ئایەتول کورسی بوو) کە بە ڕەتل دەڕۆیشتین، دوای ڕەوینەوەی ترسی پۆلیسو سەگەکان، یەکێك قسەیەکیکرد، یەکێکیتر بێدەنگ بە کاکی خۆم.

ئەویتر تۆ حەقت نەبێت.

یەکێکی دیکە لەمسەر: ئەوە چیتانە؟

هەردووکیان بەیەکەوە: تۆ خۆت تێکەڵ مەکە.

دووبارە هێمنی باڵی کێشایەوە ناومانو خەوتینەوە، تا تاریكو ڕوون، هەر زوو بوو بۆ ڕۆیشتن، بۆیە نەختێکی تریش پاڵماندایەوە، ئەم کاتژمێرە زۆر بێدەنگ ڕابورد، بیرم بۆ ئەوە دەچوو (باشە ئێستا وجودی ئێمە چییە لە سەر

٦٦





ئەم زەمینە، چ سودێکمان هەیە بۆ کۆمەڵگا، ئەدرێسی ئێمە لە فەرهەنگی مرۆڤایەتی چییە، کەس هەیە بیرمان بکاتو ئەوەی بیرمان لێدەکاتەوە چۆنو بە چ شێوەیەك، تۆ بڵێی ئاگاداری ئەم بارودۆخەی ئێستای ئێمە بن؟؟! تۆ بڵێی بزانن کە ئێستا لەسەر سنووری سێ دەوڵەت لەناو گۆماوی بۆگەنو پیسایی ئاوا بەو شێوەیە گیرمان خواردوە، پاڵکەوتوین)، لە ناکاو دڵدار گگوتی: ئەوەتا فڕۆکەیەك، هەر خۆی وەڵامی دایەوەو گگوتی: بۆ کوێ دەچی هەردەبێ سوار بم.

نەوزاد: خۆزگە ئێستا لەلای براکەم دەبووم لە لەندەن.

دلاوەر قاچاچچی: ئیدریسەڕەشی خوێڕی ئێستا لە ئەسینایە، ئای کە دەگەچییە، هەی ناپیاو، کاك بارزان، دکتۆرو مامۆستاشیان پێدەوت سەفەرێك گەیشتبووە ئیتالیاو سنووورداشی زاخۆ کرابۆوە لە داخان دەستی بە جنێودانو کوفر کردن کردبوو.

قاچاچچی: کەس دەنگی دەرنەچێت، سەیرێکی ئەو دەوروبەرە دەکەم بزانم ئێمە لە کوێین، کەمێك دوور کەوتەوەو بە پێکەنین گەڕایەوەو گوتی: کوڕە ئەوەتە ڕێ هیچ ئاوی لێنیە، ئەوە گڵۆپەکانی ڤێرێیە ئەوەندەی بەوە دڵخۆشبوو باوەڕناکەم بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ئەوەندە دڵخۆشبا. شەوێك بە هەڵە ڕۆیشتین، لە نزیك چاڵە پیساییەکە گەڕاینەوە کە هەموو شوێنی کشتوکاڵی بوو، بەروبومەکەی لەژێر پێمان وێرانبوو، بە چەند کاتژمێرێك گەیشتینە ڤێرێ، لەبرسان کەس توانای ڕۆیشتنی نەمابوو لەم کاتەدا ڕێککەگوتی وەجبەیەکی تریشمان کرد کە جەنگۆی قاچاخچیی هێنابوونی، وەکو ئێمە پێنج جار گیرابوون، بەڵام ئەوان تەواوی ڕێگایەکەیان بڕیبوو، ئینجا گیرابوون نەك لەسەر سنوور. وەجبەکەی تری چوار کەس بوون لە قاچاچچییەکان دابڕابوون، ئەوانیش ژنێكو منداڵێكو دوو گەنج، هەر چاویان بە ئێمە کەوت زۆر دڵخۆشبوون، یەکێکیان گوتی: کوڕە لەگەڵ خۆتانمان بەرن بەتایبەتی لەبەر خاتری ئەم ژنو منداڵە، دوێنێ مێردەکەیو

کوڕێکی لە ئاوی گەورە خنکان، هەرچەندە پیاوەکە مەلەی دەزانی، بەڵام لەتاو کوڕەکەی خنکا فەقیرەی هەتا لێمان دیار بوو هەر هاواری دەکردو ناوی شێخەکانی دەهێنا، ناوە ناوەش لەناو ئاوەکە نوقوم دەبووو بەدیار دەکەوتەوە، بەچەند دەقیقەیەك لەبەر چاومان ونبوو، خەڵکی کوردستانی ئێرانن. ئێمە هەموومان دۆش داماین دڵمان نەدەهات سەیری ژنەش بکەین، کەچی ژنە پێدەکەنیو وایدەزانی بۆ سەیران هاتۆتە ئەم شوێنە، کەسیشی لەئاودا نەخنکاوە. ...! بیرمان لە پەیداکردنی خۆراك دەکردەوە، جەنگۆی قاچاخچی گوتی: جەماعەت من دەواجنێکی مریشك پێدەزانم، لەوێ دە دوازدە مریشك دەبەینو دەچینە پشت ئەو تەپۆلکانەی پێشەوەو لەوێ ئەگەر ئاگریش بکەینەوە کەس نایبینێت، بەدوای جەنگۆ کەوتین زیاتر لە سی کەس دەبووین. دوای سەعاتێك گەیشتینە نزیك دەواجنەکە دەبووایە لە سێ چوار کەس زیاتر نەچنو بە راکردنیش خۆیان بگەیننە دەواجنەکە، پاش نزیکەی دە دەقیقەیەك بە لۆژە لۆژ بە دەستی خاڵی گەڕانەوەو دەمانبیست دەیانگوت کوڕە ناڕوات نا... ئەو هەتیووە، کە لە تاریکی هاتنە دەرەوە باشتر دەبینران دلاوەر؛ کوڕە خوێڕینە ئەوە چییە، کەس گۆلکی دزیوە، ویژدانتان قبوڵ دەکات؟ ئەی ویژدانی تۆ قبوڵ دەکات ئەو خەڵکە لە برسا بمرن؟ گۆلکەکەمان بە سینگەوە لێنابوو، هەر لەوێ کەمێك دوور کەوتینەوە کوڕێکی شەقلاوەیی لەگەڵ جەنگۆ هاتبوو کە دەموچاوی سوتاو بوو، دەیوت شوفێری کۆستەر بووم لە خەتی شەقلاوە سەیارەکەم ئاگری گرتو لەمردن رزگارم بوو، قەسابیشی دەزانی گوتی: کاکە ئەم گۆلکە ناڕوات: راوستن ئێستا بە دە دەقیقە کەوڵی دەکەم. کەوتە وێزەی گۆلكو، بە ماوەیەکی کەم کەوڵیکردو پێستو سەرو پێچکەکەیو ریخۆڵەکەیمان لەژێر زەوی شاردەوە، گۆشتەکەشمان پارچە پارچە کردو بەسەر خەڵکەکەمان دابەشکرد، هەر کەسەو بەشە گۆشتی خۆی هەڵگرتوو رۆیشت رووەو ئەو گردو دۆڵانە. دوو کاتژمێر شەو مابوو بریارماندا چیدیکە نەڕۆین تا خواردن دەخۆین، ئاگرمان دەکردەوەو وەکو





مرۆڤی نیاندرتاڵ گۆشتەکەمان فرێدەدا نێو ئاگرەکە، پاشان بە سوتاویو خۆڵەمێشی دەرممان دەهێناو دەمانخوارد، باوەڕم وایە هیچ پارتیزانێك نەگەیشتۆتە ئەم رادەیەو ئەم جۆرە بارودۆخە نالەبارەی ئێمە، چونکە ناوچەی خەباتی پارتیزانەکان لەناو دانیشتوانەکەی خۆیانن، هیچ نەبێ بە ئازادی لەو ناوچەیە دەسووڕێنەوەو خەڵکەکە یارمەتیو کۆمەکیان دەکەن. کەچی هەرکەسێك دەبینین بە خێرایی پۆلیسمان لێ ئاگادار دەکاتەوەو ئەوانیش بێ بەزەییانە دێنو دەمانگرن هەروەك تاوانێکمان بەرامبەریان کردبێ، دوای خواردنی گۆشتی خۆڵەمێشاویو بێ خوێ هەریەکەو ژێر دیوارێکان خۆش کرد بۆ نووستن، ناوچەکە پڕبوو لە دارسنەوبەر، ژنە مێرد خنکاوەکەو کوڕێك لەوانەی لەگەڵی بوون، بەبێ شەرمو بێ رێزگرتن لە هەموو دابو نەریتێکی مرۆڤایەتیو کوردەوارییو بۆ خاتری مێردو منداڵەکەی کە دوێنێ شەو لەوێ خنکانو کەس تەرمەکەشی نەدۆزینەوە، چوونە پاڵ یەكو تا بەیانی خەریکی رابواردنو ماچو موچو ...بوون. دووبارە خۆمان کۆکردەوەو دۆڵاو دۆڵ رۆیشتین بە ئاستی هێڵی شەمەندەفەر دڵخۆشیمان بەو هێڵە تەنیا ئەوە بوو کە ئەم رێگایە یەك هێڵی شەمەندەفەری هەیە لەمسەر بۆ ئەو سەری یۆنان گەر لە هێڵەکە دوور نەکەویتەوە ون نابیت، بەڵام لەترسی پۆلیس زۆرجار قاچاخچییەکان رێگای شاخاوی دەگرنەبەر بۆ زیاتر دڵنیابوونیان لە گەیاندنی خەڵکەکە. بەم ئاراستەیە رۆیشتین ناوە ناوە ئەمبەرو ئەوبەری شەقامە سەرەکیەکەمان دەگرت، ئەگەر لە هەر لایەك ئاوەدانیمان بهاتایە سەر رێگا خۆمان دەپاراستو دوور دەکەوتینەوە.

زۆرمان نەمابوو بگەینە گوندی ئیسلامی کە وێستگەی دووەمی ناوچەکە بوو دوای ڤێرێ دانیشتوانی گوندەکە دانیشتوانەکەی زۆربەی ئیسلام بوون، کە لەگەڵ داگیرکردنی ئەو شوێنە لەلایەن عوسمانیە داگیرکەرەکانەوە لەوێ جێگیر ببوون، لە لێواری هێڵەکە بەچەند مەترێك قامیشەلانێکی تێکچڕژاو

هەبوو، لەولاتریش زەویەکی کشتوکاڵی، جووتیارەکان خەریکی کێڵانی بوون، بۆیە شەوان تراکتۆرەکانیان هەر لەوێ جێدەهێشت. دلاوەری قاچاخچی گگوتی ئەمشەو لێرە دەمینێینەوە، چونکە بەرۆژ ناتوانین لەم گوندە دەرچین ئەم ناوچەیەش ترسناکە، بەڵام هیچ چارمان نییە، پاش کەمێکی تریش جووتیارەکان دێن سەر کارەکانیان ئەوەتە ئیشیان لێرەیە، بۆیە پێویستە کەس قسە نەکات تا ئێوارە کە جووتیارەکان بۆماڵەوە دەگەڕێنەوە، ئەگینا دەگیرێین، جا ئارەزووی خۆتانە، کەوتینە قوڵایی خەوەوە، کاتێك لەگەڵ پرخەپرخی نەوزادی قادر مستەفا کە لە تەکم نوستبوو بەخەبەر هاتم، رۆژ لە تاقی ئاسمان بوو، بۆقەکانی دەوروبەرمان بە کۆرس دەیانقیراند. نەڕەنەڕی تراکتۆرەکەش کە زەوی دەکێڵا لێمان نزیك دەکەوتەوە، گەر بهاتبایە بەو ئاراستەی کە گرتبوویەبەر نەسوڕابایەوە زۆربەمانی دەپلیشاندەوە، نەوزاندم خەبەرکردەوە، سەری بەولاو بەملادا گرت یەکسەر گوتی کوڕە چی بووە، دەورمان گیراوە؟

گوتم: نەخێر نەگیراوین، بەڵام لەوانەیە بگیرێین گەر لەم پرخەپرخە بەردەوام بیت، کوڕە نەهێڵیت دەنگ بێت: جا چیبکەم خۆ قوڕگت ناگرم بتخنکێنم، بەم بەزمە ئەم رۆژەشەمان بەڕێکرد، هێشتا نازانین ئاخۆ تاکەی ئەم بارودۆخە بەردەوام دەبێت‌و چارەنووسمان بەرەو کوێ... لەگەڵ ئەوەش ئێمە وەجبەی گرێنتی‌و ئێکس پرێس بووین، چونکە پارەمان زیاتر دابووە قاچاخچی، ئێوارە دوای رۆیشتنی جوتیارەکان بەرێکەوتینەوە چەند کەندو کۆسپ هەیە کوتامانەوە، قاچەکانمان شل‌و شەکەت بوون. جگە لەو گۆلکە ساوایەی کە هەمووومان گۆشتەکەیمان خواردو هیچمان بۆ کاتی داهاتوو هەڵنەگرت، هیچ شوێنێکی تریش نەدەهاتە رێگامان تا خواردنی لێ دەستبکەوێت‌و مەترسی نەبێ لەسەر ژیانمان، هەر کەسێك ئێمەی بەدیبکردبایە جا شوان بووایە یا گاوان یا هاوولاتیەکی ئاسایی یا سیخوڕ ئەوا یەکسەر پۆلیست لێ ئاگادار دەکەنەوەو دەستگیرت دەکەن.



لەدەشتاییەك دەڕۆیشتین خانووی جوتیارێکمان هاتە پێش، قاچاخچییەکە گگوتی دوو کەس بچن ئەگەر خواردنی لێبوو بیهێنن، رزگارو ئیبراهیم چوون کاتێکی باشیان پێچوو هەر نەهاتنەوە، ئێمەش وردە وردە لە خانووەکە نزیك دەکەوتینەوە، کاتێك دیمان ئەوا سەیری ژوورەکە دەکەن‌و دەستە وەستان وەستاون، ئیتر هەر ئەوەندەمان زانی شووشەی پەنجەرەکەیان شکاندو پێنج شەش کەس پەلاماری ژوورەکەیاندا، جگە لە سەموونێکی ڕەق‌و غازێکی بچووکی چێشت لێنان هیچی تری لێنەبوو، ئەمجارە بەرەو گوندی مەسیحی کە وێستگەی سێیەمی ناوچەکەیە رۆیشتین، کە دوای گوندی ئیسلامی‌و ڤێرێ دێت، گەیشتینە نزیك گوندەکە سەگوەڕ دەستی پێکرد. لە ترسان لێمان بوو بە ڕۆژی قیامەت دەنگیان ئەوەندە بەرز بوو دەتوت بەرامبەر بڵندگۆ دەڕەون، دەستمانکرد بە ڕاکردن بەناو قووڕو لیتەدا، کەس نەما سەرمان لێهەڵنەکێشێ، لەگەڵ بینینی هەرکەسێکیش خێراتر غارماندەدا تا کۆتایی گوندەکە، لەوێ بیرێکی ئاو هەبوو لە دەورەکەشی کۆڵی ئاوخواردنەوەی مەڕو ماڵات دانرابوو، بە پەلە بوتلێکی نایلۆنەکانی کە هەڵمانگرتبوو پڕ ئاو کرد، رۆیشتین تا تەواوێك دوور کەوتینەوە هەمدیس خانوویەکی ترمان هاتەوە بەردەم ئەمجارە کەس پرسیاری نەکردو یەکسەر بەکۆمەڵ چووینە ژوورەوە پڕ بوو لە سندوقی شەراب هەموویان بە شەربەتی تێگەیشتن، دڵدار کە ئیسلامی بوو پێش ئەوەی بزانێ چییە نیو بوتڵی بەجارێ فڕ کرد، کاتێك بوتلەکەی لەدەم کردەوە زیاتر لە بوتڵ‌و نیوێك ڕشایەوە، تەتۆ سێ بوتڵی فڕ کردبوو دەیوت ئەمڕۆ ڕۆژی منە خۆ من عەیامێکە لەو مەشروبە حەیاتە بێبەش بووم، ئەی خوایە بەقوربانت بم بۆ ئەو نیعمەتەی کە بۆت ناردین. .ژنە دوو قومی لێداو دەستی بە ڕشانەوە کرد. باش بوو کەس نەهات بە دوامانەوە ئەگینا کەسمان نەیدەتوانی هەنگاوێ ڕابکات‌و زۆر بە ئاسانی لە داوێ دەکەوتین. بەرەو بەرزاییەکانی ئەو شوێنە سەرکەوتین کە لە ناوەڕاستەوە ئاخوڕێکی ئاژەڵانی لێبوو سەیرمان کردن هەمووی بەراز بوو، چەند دەبەیەکی گەورەی پڕ لە

شیر دانرابوو، هەر کەسەو ئاوەکەی خۆی ڕشتو دەبەکەی خۆی پڕ کرد لە شیر، دوو جار فڕی دەکردو پڕی دەکردەوە. ویستمان دەبەیەکی گەورە لەگەڵ خۆمان بەرین کەچی بۆمان هەڵنەگیراو کەوتە خوارەوەو هەمووی ڕژا. دوای تێکەڵ بوونی ئەو شیرو شەرابە هەموومان ئیسهال بووین، هەر بە پەڵە لە شوێنەکە دوورکەوتینەوەو هەموومان کەوتینە سەر ئەرزەکە هیلاك‌و بێ تاقەت، سەرەڕای ژانەسك. پاڵکەوتین تا دوو ڕۆژ کەس خەبەری نەبووەوە. کاتێك هەڵساین هەموو لەشمان ئاوسابوو ئەوەندە پێشکە ئازاری دابووین، کە سەیری ڕۆژژمێرە بچووکەکەم کرد (٢٨،٤،١٩٩٦) بوو بەرامبەر یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان، ساڵانی پێشوو لەم ڕۆژەو لەو کاتەدا لەبەر دەرگای ماڵ دەوەستاین بۆ پێشوازی‌و جەژنە پیرۆزە لە دۆست‌و هاوڕێ‌و هاوسێکانمان، ناوە ناوەش ئاوڕی ئەملاو ئەولای کۆڵانەکەمان دەدایەوە، بەڵکو کچێکی هاوسێمان ببینین لەو کاتەی جەژنە پیرۆزەیان لەیەکتر دەکردو بە تیلە چاوێکیش سەیریان دەکردین‌و لە قاقای پێکەنینیاندەداو خۆیان دەخزاندەوە ماڵ، بە قیافەو هەیکەل هیچ خەوشێکیان نەبوو بە هەڵسوکەوتیش وەکو منداڵ وابوون، لەم خەیاڵانەدا بووم یەکێك لە گرووپەکەی خۆمان لەگەڵ ژنەکە شۆڕبوونەوە پەنای درەختەکان.

نزیکەی دوو کاتژمێرێکیان پێچوو، گەڕانەوە ژنە هەر لە دوورەوە بۆنی لێدەهات، جگە لەوەی چەند ڕۆژە ئاو بە لەشی نەکەوتووەو ئەم هەموو حاڵەتەشی بەسەر بێت، بۆنێگی گەنیوی لێدەهات، لەکوڕەمان پرسی شوورەیی نەبوو بەگەڵ ئەو ژنە کەوتیت؟

کوڕەکە: جا ژنە خۆی داوای کرد، خۆ منیش ناڵێم نەء..... یەکەم جاریشم بوو، جا کەس لەسەر هەلی وا بازی داوە. .

دووبارە وەکو مێروولە بەڕیز بەو دۆڵانە شۆڕ بووینەوە سێ چوار سەعات ڕۆیشتین بووە هەڵڵا، بووەستن بووەستن... کە سەیرمان کرد ژنە دەگریێ‌و دەڵێ ناتوانم بڕۆم هەردوو قاچم لە ڕۆیشتن کەوتوون، ئەگەر یەکێ





هەڵمنەگرێت ناتوانم بڕۆم. هێشتا تەواو قسەکەی لە دەم دەرنەچوو بوو زۆربەیان ئامادەیی خۆیان نیشاندا ژنەکەش رووی لە یەکێکیان کردو گگوتی دە بەقوربان یارمەتیم بدە، خەڵك لەڕێگا هەمیشە سەیریان دەکردن، پاشان لە شوێنێك حەسابنەوە، ژنە داوای لە کوڕە کرد تۆزێ قاچەکانی بۆ بشێلێ ئەمیش چاکەتەکەی داکەندو قۆڵی هەڵکردو دەستیکرد بە شێلانی قاچەکانی، هەر واتدەزانی ئەم پیاوە ئیشوکاری هەر مەساج‌و شێلان بووە، گەر لە کوڕە بگەڕابایانە تا بەیانی ڕانی ژنەی دەشێلا! یەکێك هاتە قسەو گوتی: کاکە گیان پێمان ناڵێی دەتەوێ چی بکەی. ئێستا کاتی ڕۆیشتنە نەك مەساج! کوڕە هەندێك خۆی گیفکردەوەو گوتی: ئاگات لەبەر دەمی خۆت بێت.

ئەویش گوتی: هەستە بابە هەستە، ئەم ئیشە تەواو نابێ، کە ڕۆژ داهات ئەوەندە بیشێلە تا دڵتان دەحەسێتەوە. باش بوو بێ مناقەشەی زیاتر کەوتینەوە ڕێ ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتین لە ناوچەیەکی تر نزیك بووینەوە چەند کەسێ چوون بۆ شت کڕین دوای چەند دەقیقەیەك بە ڕاکردن هاتنەوەو هاواریان کرد هەڵێن پۆلیس هات، کە ئاوڕمان دایەوە بینیمان لە دووری چەند سەد مەترێك لە دوای ئەوان چوار پێنج پۆلیس دێن دەستمانکرد بە ڕاکردن‌و خۆحەشاردان، پاشان لەدارستانێکی دوور لە ناوچەکە یەکترمان دۆزیەوە، دووانیان لەوانەی بۆ شت کڕین چوبوون گیرابوون، لەقووڵایی دارستانەکە ماینەوە، نم نم باران دەباری، بۆ خۆ گەرم کردنەوە ئاگرێکی بچکۆڵەمان کردەوە لەو شوێنەی کە دارەکان لێك دوور بوون، دەبوایە زۆر ئاگادار بین نەوەك دارستانەکە گڕ بگرێت، کەوتینە خەو، لە شیرین خەودا بووین، گوێمان لە هاوارێك بوو گگوتی کوڕینە سوتام فریام کەون. قەمسەڵە گڕگرتووەکەی داکەندو فڕێیدایە ناو پوشوپەلاش‌و گەڵا وەریوەکان، ئەمیش گڕی گرت، ئاگرەکە گەورە بوو هەر یەکە لە ئاست خۆیەوە خۆڵی بە ئاگرەکە دادەکردو بەدار بڵاوەیان بە ئاگرەکە دەکرد خەریك بوو دارستانەکە گڕ بگرێت، باش بوو ژمارەمان زۆر بوو ئەگینا

نەماندەتوانی ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەین. قاچاخچی: ئەوە چ بێ عەقڵێك بوو ئەو ئاگرەی گواستەوە؟  کەس قسەی نەکرد، ئەوەی ئەوجارە دەست لە ئاگر بدات لێرە بەجێی دێڵم. لەبەر گڕی ئاگرەکە دەبۆرژاینو خەریك بوو جارێکی تر خەو دەیبردینەوە، ژنە یەکێکی تری لەگەڵ خۆیداو خۆیان خزاندە نێو تاریکی دارستان، یەکێك هەر لە شوێنی خۆیەوە گگوتی: ئەوە چییە؟ ئێرە شوێنی رابواردنە؟

ئەوەی تریان: ئەوە چوارەمینە!

یەکێکی تر لە سووچەکە: منیش دەچم.

ئەوەی ئەو سەر: خێراتە..

یەکێکی تر لەنێوەڕاستەوە: براینە کەس بەزەیی بەو ژنە سۆزانییە نەیەتەوە.

ئەمەی ئەولایان: ئەو هەرایە چییە ئەوەی دەیەوێت با لەگەڵی بچێت، ئەگینا حەقتان چییە.

مامۆستا کەلە هەموویان گەورەترو بەتەمەنتر بوو گگوتی: جەماعەت چاوەکەمن هەتا سەرەی منیش دادێت ئیشەکە تێك مەدەن، پاشان چی دەکەن بیکەن.

قسەکردن لەم بارە سوودی نەبوو، ژنە بەردەوام بوو لە دۆشینی یەکە یەکەی گەنجەکان تا دەهات ژمارەیان زیادی دەکرد، وەکو بڵێی نیازی پێشبڕکێی زایەندی هەبێ. ئەوەی ڕاستی بێ جوانییەکەی ئەوە نەبوو سەرنجی کەس ڕابکێشێ هەر لە قەڵە ڕەش دەچوو، بەڵام بەژنو باڵاو قیافەکەی بەجۆرێك جوان بوو بەتایبەتی بەو پانتۆڵە تەسکو تریسکەی بەری، لەگەڵ ئەو تیشێرتە تەنکو ئاویەی ژێر قەمسەڵەکەیەوە، زۆر زەحمەت بوو بۆ ئەو کەسانەی ئارەزوویان هەبوو خۆیان پێ کۆنترۆڵ بکرێ لەم چوڵەوانیەدا. ڕۆژێکی تریش بەم جۆرە رابرد. ئێوارە ڕێچکەمان کرد بە شلو خاوی دەرۆیشتین وەکو ئەوەی لە جەنگێکی گەورە هەڵاتبین ئاوا ماندووو هیلاك



بووین، وردە وردە ڕێگاکە درێژ دەبۆوە بە هۆی هێواشی ڕۆیشتنمان، سەرەتا بەهیچ شێوەیەك نەدەبوا لەنزیك ئاوەدانی خۆمان حەشار بدەین، کەچی ئەمجارە لەتەك دێیەك لە ناوەڕاستی کێڵگەیەکی کشتوکاڵی کە زەلکاوێکی بچووك بوو دڕیو دارێکی زۆر دەوری دابوو چواردەوریان سیم کردبوو، ئینجا بەخۆڵ دەورەیان گرتبوو، بە ژماردنی ئەو بۆقانەی کە لەسەر سینگو دەوروبەرمان هەبوون ئێوارەمان داهێنا، دەبوایە بە خێرایی ناوچەکە جێبێڵین، ئەوەندەی هێزمان تێدابوو خستمانە گەڕ تا گەیشتینە شاری (ئەلیکساندەر پوولی) شارێکی گەورە دیار بوو فڕۆکەخانەکەی بە بەردەوامی فڕۆکەی تیا دادەبەزیو هەڵدەفڕی. کار لەوە دەرچووبوو بە هیچ شتێکی تر بڕوا بکەینو زیاتر ڕێگا ببڕین، لە هەناسەدان زیاتر توانای هیچی ترمان نەمابوو، هاتینە سەر ئەو باوەڕەی کە دابەزینە ئەو شارەو لەوێ بە شەمەندەفەر بڕۆین یاخود سنوورداشمان بکەنەوە، چونکە لامان باشتر بوو لەو هەموو ئازارە، قاچاخچییەکە گەلێك هەوڵیدا لەو فیکرە پەشیمانمان بکاتەوە کە بۆی دەرکەوت قسەکانی دادناداتو لەم شارەش هەموویان دەگیرێن، گیرانی ئێمەش جگە لەوەی کە بۆ خودی خۆشمان زیان بوو لە هەمان کاتیشدا بۆ ئەویش زیانێکی گەورە بوو چ لە رووی مادیو چ لە رووی مەعنەویەوە، بۆیە گگوتی: کاکە دەچم شتتان بۆ دەکڕم، هەندێك پارەی کۆکردەوەو دوو کەسی لەگەڵ خۆیدا برد کە دوو وشە یۆنانی فێر ببوون یاخود بڵێین نەفەرە بە خۆڕاییەکان ئەوانەی بەبێ پارە هاتبوون گەر بشگیرابان ئاسایی بوو پاش دوو سەعات گەڕانەوە هەر لە تاریکی شەو سپیەتی عەلاگەکانمان بینی تێکرا شاگەشکە بووین، هەریەکە چەند دەستە کێكو بەدوان یان سێیان بوتڵێکی گەورەی کۆلا یان ڤانتای بەرکەوت، ئەمجارە زۆر بە گورجی کەوتینە ڕێ کۆڵمان نەدا تا چیای نزیك تونێڵی یەك کە ئەم تونێلانە لەلای ئێمە زۆر بەناوبانگ بوون هەموو کوردێ لەم ڕێگایە بەناویدا تێدەپەڕێ پێش ئەوەی بگاتە چیاکە، بەناو گوندێکدا ڕەتبووین خانوویەکمان

بینی پڕبوو لە کەروێشك‌و مریشك، دوو کەس بەخێرایی لەسەر دیوارەکە چوونە ژوورەوە، زۆر بە خێراییش هاتنە دەرەوە.
کوڕە ئەوە چییە؟ سەگێکی لێبوو زۆر نەمابوو بمانخوات.
ئەمجارە کۆمەڵێ بەیەکەوە چووینە ژوورەوە، هەر کەسەو پڕی دەدایە مریشکێك‌و لە شوێنی خۆی سەری لادەبڕی، تاکو بێدەنگ بن، کەروێشکێك لەژێر پێی کوڕە مەسیحیەکە ڕایکرد ئەمیش هەوڵی گرتنی نەدا، کوڕە بۆچی نەتگرت؟
مەسیحیەکە: ئەو کەروێشکە منداڵی هەبوو، گوناحە□
کۆمەڵێ کەروێشك‌و مریشکمان لەگەڵ خۆدا هێنا لەگەڵ خوێ‌و مەنجەڵ ڕووەو چیایەکە بەڕێ کەوتین، لە دۆڵێکەوە بەرەو ناوقەدی چیاکە کە تاڤگەیەکی زۆر سەرنجراکێشەری لێبوو هەر لەوێوە بنەگامان دانا سەرجەم مریشك‌و کەروێشکەکانمان دابەشکرد، هەریەکەو چاوەڕێی ئەوی تری دەکرد بۆ وەرگرتنی مەنجەڵ. ژنە دوو مریشك‌و کەروێشکێکی بەخۆی‌و کوڕەکەی‌و گەنجێك بردو نوقمی پەنا بوون، ئێوارەش هەر کەسەو خۆی لەناو ئاوەکە هەڵدەکێشا بۆ پاکبوونەوەی چڵکی ئەو هەموو ڕۆژەی کە بە ڕێگاوە بووین، کاتێك دەچووینە ناو ئەو ئاوە سازگارە نەك هەر شێلوو دەبوو، بەڵکو دەبوو بە زێراب، بەڵام زوو پاك دەبۆوە بەهۆی لەبەر ڕۆیشتنی، ئینجا ژنەکە بەتانیەکی دایە دەست کوڕەکە تا پەرژینی بۆ بکات، تا تەواو بوونی ژن‌و منداڵەکە کوڕەی پەرژینکەر چاوی لەسەر هەڵنەگرت.
ئاسایی کەوتینەوە سەر سکەو بەنێو پەلە بەردەکانی سەر سکەو بە ئاراستەی تونێلەکە ڕۆیشتین دنیا بوولێڵ بوو، تەواو شەو باڵی نەکێشابوو، بۆیە ترسی کەمینمان هەبوو لە ڕێگای سەر چیایەکە واتە پشتی تونێلەکە، پاش کەمێکی تر تونێلی دووەم هاتە پێشمان. ڤاچاخچی سەیرێکی سەعاتەکەی کرد، یەك‌و نیو بوو گوتی: نیو سەعات ماوە شەمەندەفەر بێت دەبێ بە راکردن بەناو تونێلەکە تێپەڕین، ئەگەر شەمەندەفەریش هات خۆتان بدەنە بن دیواری



تونێلەکە، بەراکردن‌و دڵەڕاوکێ بەنێو ئەنگوستەچاوی تونێلەکە بووە خۆ پێکدادان‌و بەربوونەوە، لەم دیوو هاتینە دەرەوە، لە ڕۆخی سکەکە دانیشتین دوای دە دەقیقە شەمەندەفەر وەکو عیزرائیل دەرکەوت بە پەلە خۆمان فڕێدایە نێو گیاو گۆڵی پشت سکەکە تا شوفێری شەمەندەفەرەکە نەمانبینێت نەوەك پۆلیسمان لێ ئاگادار بکاتەوە.
گەر شەمەندەفەرەکە لە تونێلەکە بهاتایە دەیکردە قەسابخانە. دوای ماوەیەك ڕۆیشتن تونێلی سێیەم هاتە بەردەممان کە زۆر لە یەکەم‌و دووەم درێژتربوو نەمانتوانی هیچ ئاگرێك داگیرسێنین هەمووی دەکوژایەوە، بەسەرە لەدوای یەکتری پشتی یەکتریمان گرتبوو هێواش هێواش دەڕۆیشتین هیچمان نەدەبینی زیاتر لە چارەگە سەعاتێك بەم دەردەسەریە ڕۆیشتین، کە لەمسەریش دەرکەوتین وامانزانی ڕۆژە ئەوەندە ڕووناك بوو بە بەراورد لەگەڵ توونێلەکە، سەرەڕای ئەمەش لەمدیوە ئێمە لە ناوەڕاستی چیا بووین، کەچی لەودیو لەسەر زەویەوە چووینە ژوورەوە، هەر ئاسایی بەسەر ڕێگاکە شۆڕبووینەوە تا ژێر پردی سێرپیانێك لەوێندەر چاوەڕێمانکرد تا ڤاچاخچی دەنگوباسێکی ناوچەکە وەردەگرێت، زۆر ماندوو بووین هەر کەسە لە شوێنی خۆی ڕاکشابوو، یەکێکیش بوتڵێکی باغەی کۆکا کۆلای خستبووە ژێرسەری کە سەری دەخستە سەر یا سەری لەسەر هەڵدەگرت قرچە قرچی لێ بەرزدەبۆوە، مامۆستاش ئەوە سێیەم جاری بوو خۆی لەم ڕێگایە بدات گوتی: ئەم قرچە قرچە چییە وامەکە؟! یەکێکی تری بێئاگا دووبارەی کردەوە.
مامۆستا: سەخیف نالێم وامەکە؟
- جوێن مەدە کوڕە!
- مامۆستا: جوێن دەدەم‌و چاویشت دەردێنم!
- مادەم ئەوەندە کەری دە ئەو گونەی دەگری، یەك قسەش بکەیت هەموو لموزت دەشکێنم‌و سنوورداشت دەکەمەوە.

بە ناوی سنورداش دەمی مامۆستای گرت. لەگەڵ قاچاخچی کەوتینەوە رێ بۆ ماوەیەکی تر ڕۆیشتین، ڕووبارێکی بچووکمان هاتە پێش پەڕینەوە (ماهیر) نەیتوانی بپەڕێتەوە، چونکە قاچی هەتا سەر ئێسقان سوتابوو، ڕۆژێ جارێك نایلۆنەکەی دەگۆڕی ئەوەی بیدیبا دەیوت دەبێ قاچی ببڕێتەوە، ماوەیەکی برد تا بە پشت پەڕاندیانەوە زۆر بێزاربوو، سەرەڕای ئەمەش ئیبراهیم دەڵێ: ئەگەر ناتوانی بڕۆیت لەچی دەگلاڕێیت هاتووی بۆ ئێرە، ئەویش بێ سڵەمینەوە دایە بەر مستان زۆر چاکی لێدا، ڕزگاری هاوڕێی هاتو لەسەری هەڵدا، ئەویش نەیکردە نامەردیو چەند مستێکی سرەواندە ئەویش، لەوانەیە خۆی هەرگیز شتی وای بەسەر نەهاتبێ، کەچی ئامادەبوو گیانی خۆی لەسەر دابنێ، هەر لەبەر ئەم هاوڕێتییە سەفەری بە فڕۆکەی ڕەتکردبۆوە، پارچە نانێکی هەبوایە دەیکردە دوولەت بەزۆریش هەر بەیەکەوە دەنووستن، جارێکیان لەناو کیسەخەوبوو ئیبراهیمیش ئاسایی ویستی بچێتە لای پێیووت: چییە .... خوانەخواستە خۆ بە نیاز نیت بەو جلە تەڕانەوە بێیتە ناو کیسەکەوەبوو بە هەراو هۆسە قاچاخچییەکە زۆر هەوڵیدا بێدەنگیان بکات، کەچی سوودی نەبوو، لە رقان بە دەنگێکی گەورە هاواریکرد خوشکی ئەو کەسە.... کە ئێوە ناگرێ. دووبارە ئارامی گەڕایەوە ناومان تا گەیشتینە نزیك گوندێك کە دوو رێگای هەبوو، هی ناوەوەو دەرەوە ئێمە خواردنمان نەمابوو رێگای ناوەمان گرت، جەنگۆش خۆیو نەفەرەکانی هی دەرەوەیان گرتەبەر. ئیتر جیابووینەوە. لەنێو گوندەکە ئاهەنگێکی گەورە ساز کرابوو کۆمەڵێك ماتۆڕیش پێشبڕکێیان دەکرد، کەس بەکەس نەبوو، هەر کەسە شتێکی لەگەڵ خۆی هێناو بەراکردن تا چیای سپی کە دوا وێستگەمان بوو رامانکرد، کە گەیشتین بەراستی چیایەکی سپی بوو بەم شەوە تەواوی چیاکەت دەبینی لە ژێرەوە تا لوتکەکەی، ناوەکەی پڕ بە پێستی خۆی بوو. بەهەر شێوەیەك بێت سەرکەوتینە سەرەوە وەکو شەوەکانی تر دوای خواردنی ئەو شتانەی کە هێنابوومان بەدوای شوێنێك گەڕاین بۆ خەوتن، لەپەنای



بەردێك پاڵمدایەوە کەوتمە شیرین خەوەوە، لەو خەوەمدا بە شەمەندەفەر لەگەڵ رەفعەتە کوێرو چەند کەسێکی دی لە حاجی ئۆمەرانەوە بە هەریرو شەقلاوە بە گۆرانی وتن بەرەو هەولێر دەچووین، لە پێش شەقلاوە شەمەندەفەر هەر لەخۆیەوە گۆڕاو بوو بە تراکتۆر، رەفعەت ئەوە چیە فیلمی هیندیە یەکسەر تەلەفۆنی گیرفانی دەرهێناو تەلەفۆنی بۆ براکەی کرد لە هۆڵەندا: دلێر برام ئەوە من لە کوێم وەرە قوربانتبم ..........

لەگەڵ جوولانەوەی کەسێك لەپشتم بەئاگا هاتم بە هێواشی سەرم هەڵگرتو رووم وەرگێڕا (ژنە)م بینی خۆی خەواندوە لە خۆمم پرسی: ئەوە چیە.. من بەکێ تێگەشتووە ...؟ بۆ هاتۆتە ئێرە. .؟ خۆ من تا ئێستا قسەیەکم لەگەڵ نەکردەوە!!!

یەك دووجار کۆخیم تا خەبەری بکەمەوە سوودی نەبوو دووبارەم کردەوە، ئینجا لەسەرخۆ چاوە سوورەکانی هەڵێناو گوتی: دەزانی ئەمڕۆ هەوا زۆر ساردە، لەگەڵ قسەکردنیش وەکو کرم خۆی قەدو بچووك دەکردەوە!

- دەڵێم ئەوە چۆنە هاتوویتە ئێرە؟

بۆ پێت ناخۆشە. .؟

- نەخێر..نەخێر، بەڵام لام سەیربوو لەم هەموو شوێنە ئێرەت دۆزیەوە؟

کەمێك بێدەنگ بووین پشتم تێکردو ویستم بخەومەوە، لەناکاو لەگەڵ خۆ وەرگێڕان ئانیشکێکی زۆر بەهێزی لە پشتمدا، وامزانی شاخەکە رووخا، رێکەوتێکی زۆر سەیر بوو خەوی چەند ڕۆژی داهاتووشی رەواندمەوە.

ئەویش لەسەرخۆ دەستی بەپرچیدا هێناو گوتی: ببوورە نەمزانی، لە خەویشم کردی.

- خەوی چی هەموو هەناوت بەردامەوە.

- پێکەنیو گگوتی ئەی ئەگەر گوللەت پێکەوتبا چیت دەکرد؟.

رووم وەرگێڕاو سەیرێکم کرد دیاربوو نیازی باش نەبوو، لێم پرسی: دەتوانم پرسیارێکت لێبکەم؟

- فەرموو .فەرموو.

- باشە تۆ بیری پیاوەکەت‌و منداڵەکەت ناکەیت؟

یەکسەر دەموچاوی گۆڕاو هیچ شوێنەوارێکی پێکەنین لەسەر ڕووی نەما، حەزم نەکرد ئازاری بدەم بەبیرەوەریەکانی، بەلاّم هەڵسوکەوتی وایکرد پرسیارێکی لەمجۆرەی ئاراستە بکەم. هەڵساو بەدەنگێکی پچڕ پچڕو پڕ لە گومان گوتی: دەزانی من ئەوەندە بێ وەفا نیم، بەلاّم پیاوەکەی خۆم خۆشنەدەویست، گەر خوا بەگوناهی نەنووسێت دەڵێم پێم خۆشبوو، چونکە ئەوە دە ساڵە من لە ئەشکەنجەدام. ڕاستیەکەی من بە زۆر شوم پێکردبوو، لەم دە ساڵەی رابردوودا چرکەیەك خۆشیم نەدی، ئەو شەوانەش کە دەهاتە لام وامدەزانی ڕۆحم دەکێشن، شازدە ساڵ لەخۆم گەورەتر بوو سەرەتا خەڵك کە ئێمەیان بەیەکەوە دەبینی وایاندەزانی باوکمە، دوای چەند ساڵێ لە خەفەتان وام لێهات لەو گەورەتر دیاربم کە منداڵیشم بوو بە تەواوی ئەستێرەی ژیانم کوژایەوە، ئەو حەزی لە منداڵی زۆر بوو تا گەنجایەتی خۆم لە بیر بچێتەوەو چیدیکە سەیری لاوەکان نەکەم، کە خەونم پێیانەوە ئەدی، ئێستاش من ئەو ژنە خراپە نیم کە ئێوە بیری لێدەکەنەوە، بەڵکو ئەوە ڕەواندنەوەی کابووسی دە ساڵی رابردووی ژیانمە، بیرکردنی شەوە پڕ هاوارە خنکاوەکانمە، لەم ساتەدا کوڕەکەی هات: دایە ئەو پیاوانە دەڵێن خۆتان بۆ ڕۆیشتن ئامادە بکەن، شەوی داهاتوو دەبووایە دابەزینە نێو شار، بۆیە پێویست بوو خۆمان پاککەینەوەو ڕیشمان بتاشین وەکو ئینسانە سەرەتاییەکان پارچە ئاوێنەێکمان دۆزیبۆوە سەیری خۆمانمان دەکردو ڕیشمان لە بەرامبەر دەتاشی. ئێوارە بە خۆشۆڕکردنەوەو خلیسکان‌و گلۆربوونەوە خۆمان گەیاندە ژێرەوە، دەبوا ئەمشەو بگەینە دوا وێستگە کە شاری (ئێگزەنتی) بوو، چونکە هیچ شوێن‌و جێگایەکی دیکە نەبوو قاچاخچی شارەزای بێت، سەرەڕای ئەوەش کە زۆر دوور بوو لەمە زیاتر نەدەتواندرا بە پێ بڕۆین، بۆیە ئەو شەوە بەڕاکردن دەڕۆیشتین هەرچیەکیشمان پێبوو



فڕێماندا تا گەیشتە چاکەتەکانیشمان، دوای چوار پێنچ سەعات گەیشتینە دەروازەی شار، بەلاّم شار چ شار، تەنیا ئەو شەوە بەقەد ساڵێکی هەر سێ شارەکانی کوردستان گلۆپ داگرسابوو، ئەوەندە رووناك بوو دەبووایە هەر دە دەقیقە جارێك خۆحەشاردەین، کۆلاّن کۆلاّن تا ناوەڕاستی شار لەوێش بەژێر پردێك بەناو ئاوێکی پان‌و بەرینی تەنك تێپەڕین، کەس نەبوو دووجار بەرنەبێتەوە لەناو ئەم ئاوە قەوزاوییە نەکەوێتە سەر پەلەبەردەکان، کە ناخۆشترینیان بوو هاتە ڕێمان، بەرەبەیان بەسەر گردێك سەرکەوتین کە بە لۆفە بوو سەرەوەشی کەنیسە بوو لەنێوان لۆفەی سێیەم‌و چوارەم بلاّوبووینەوەو خۆمان شاردەوە، کەوتینە خەو، ئێوارە مامۆستا بارزان‌و رزگارو ئیبراهیمی هاوڕێی، خۆیان ئامادەکردو ڕۆیشتن پێویستیان بە ئێمە نەمابوو، وتیان: ئێمە شارەزاین‌و ئەوە یەکەمجاریشمان نییە، بۆ لەگەڵ ئێوە بگیرێین گوناهمان چییە!

قاچاخچی بۆ تەلەفۆنکردن لەگەڵ ئەو شوفێرەی کە لەگەڵی ڕێکەوتبوو بمانباتەوە (مایخۆی) دابەزی بوو، کە هاتەوە بە خێرایی دوو دوو ئێمەی بردە خوارەوەو لە سوچێك سەرکەوتینە نێو سەیارەیەکی ئیسعاف بە چەند دەقیقەیەك ئێمەی بردە بەردەم ماڵی خۆی، لەوێش بۆ ژووری دواوە. ئەمە دوا خاڵی بە پێ ڕۆیشتنمان بوو، ئەو ماڵەی کە چووین تورکە جنگەکان بوو لەمێژبوو لە یۆنان گیرسابووەوە، لەگەڵ قاچاخچییەکان ڕێکەوتن بە پارە نەفەریان بۆ رزگار بکەن، ئەم پەیوەندیەش لە ڕێگای کچی پیاوەکە لە ئەسینا دروست ببوو، کچەکە لە گازینۆیەك کاری دەکرد ببووە برادەری کوردەکان، پاشانیش برادەری شێرۆ سەلیم، ئەو کاتە شێرۆ سەلیم چەقۆکێشی ئەمۆنیا بوو، کە سەنتەری ئەسینایە، کچەش هەر چەقۆکێش بوو، لە چەند کەسێکی دابوو، کچێکی قەڵەوی گورج‌و گۆڵ، دوو ساڵ کەوتبووە بەندیخانە دوای ئەوەی شێرۆ لە ئەسینا سنووردراش کرا کچەش بەربوو، پاشان منداڵێکی بوو، بەلاّم کەس نەیدەزانی ئەو منداڵە هی چ پیاوێکە، بەچوار پێنچ کەس دەچوو

لەوانەی کە برادەری بوون، دوای ماوەیەك دوو مەنجەڵی گەورەی چێشت هات یەکێ برنج ئەوەی تر فاسولیا لەگەڵ سەموون، هەتا سکمان گرتی خواردمان. دلاوەر هاتو گوتی: کێ پارەی حازرە بەڕێی دەکەم؟ بووە هەڵڵا، چۆن دەبێ جیاوازی بکەی؟

- دلاوەر: کابرا پارەی دەوێ بێ پارە کەس ناباتو دەرماندەکات. سێ کەس وتیان: ئێمە پارەمان حازرە یەکەو هەزار دۆلاریان لەدەستی دلاوەر کرد. ئەمان لەگەڵ دوو کوڕی مەسیحی دیکە لە ئەسینا پارەی بدەنە ئیدریسەڕەش، ئەویش پارەی لەگەڵ خۆی بێنێتە ئێرە، تەتۆو کوڕێکی تر پارەی ئەو تۆیان نەبوو لەگەڵ خاوەن ماڵەکە ڕۆیشتنە وێستگەی شەمەندەفەرو دەرچوون. ئێمەش بەیانی کە ئیدریس هات، بە ئۆتۆمبێلی کابرا لەژێر کوشینەکان خۆمان حەشاردابوو شوفێرەکەش تەختەدارێکی لەسەر دانابووین، دوای چوار سەعات گەیشتینە شاری سالۆنیکی، کە دوای ئەسینا گەورەترین شاری یۆنانە، لەوێش کابرا بلیتی شەمەندەفەری بۆبڕینو هێڵەکەی بەرەو ئەسینا دەڕوات لەگەڵ شەمەندەفەرەکە نیشانداینو بەجێیهێشتین، لە شەمەندەفەرەکە سەرکەوتین، هەر کەسەو ژمارەی خۆی دۆزیەوە کە لەسەر بلیتەکەو کوشینی شەمەندەفەرەکە ژمارەکە نوسرابوو، بەراوردمان دەکردو دادەنیشتین، بێ ئەوەی جوولە بکەین نەدەبووایە بۆ هیچ لایەکیش ئاوەڕ بدەینەوە نەوەك بناسرێین، لە دەستەچەپ لای جامەکە دانیشتم نەوزادیش لەلای راستم دانیشتبوو هەر سەیری دەکردم کە ئاوڕم لێدایەوە بەدەمی کراوەو چاوی زەق بەردەوام بوو لەسەیرکردن، گوتم ئەوە تەماشای چی دەکەیت؟ دەڵێی هەرگیز نەتبینیوم؟

- خۆ تەماشای تۆ ناکەم.

- ئەی تەماشای چی دەکەیت؟



- دەتۆ سەربەرز بکەوەو سەیرێکی دەرەوە بکە بزانە چی دەبینیت! سەیرم کرد کچێك کوڕێکی بەڕێدەکرد، دەستیان لەملی یەك کردبوو دەمیان لەنێو دەمی یەکتر بوو.

- ئەوجا ئەوان یەکتر ماچ دەکەن ئەتو بۆ وا سڕ بووی؟

- دەزانی ئەتۆش قسەی سەیر دەکەیت، توخوا هەرگیز لە ژیانت لە کوردستان نەك لە سەر شەقام، بەڵکو لە تەلەفزیۆنیش فیلمی لەو چەشنەت بینیووە، وازبێنە با نەختێك سەیریان بکەم بزانم چی دەکەن. تا شەمەندەفەرەکە جوولەی کرد نەوزادیش بەردەوام بوو لەسەیر کردنی ئەو دیمەنە رۆمانسییە، لەنێو شار دەرچووین تەنیا مەترسی ئەوەمان مابوو دوای جێهێشتنی تەواوی سنووری سالونیکی، دلاوەر هەڵسایەوەو گگوتی: لێرە بەدواوە هیچ ترسمان نییە لەنێو شەمەندەفەریش خواردن هەیە، ئەوەی پارەی پێماوە دەیەوێت شتێ بکڕێت با پارە کۆبکەینەوە، هەریەکەو بایی کۆلایەكو پسکیتێکی پێمابوو، دوای شەش کاتژمێر گەیشتینە وێستگەی کۆتایی کە سەنتەری ئەسینا بوو، بێ ئومێدانە دابەزینو بەڕیز رووەو مەڵبەندی کوردەکان بەناو شاردا ڕۆیشتین، بە هەموو لایەکدا دەمانڕوانی نەماندەزانی سەیری باڵەخانە یان دوکانو بازاڕو خەڵکەکەی بکەین، بەتایبەتی ئافرەتەکان بەجلوبەرگی ئەوروپی، گوناهمان نەبوو، یەکەم جارمان بوو بە ئازادیو بەتایبەتی لەو پایتەختە ئەوروپیە بسوڕێینەوە، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ هەولێر بەراورد ناکرێت لە هیچ بارێکەوە، جگە لەو خۆشەویستیو سۆزەی لە هەولێر هەمان بوو، چەند سوچو کۆلانێك ڕۆیشتین تا گەیشتینە پارکی ئەمۆنیا کە سەنتەری ئەسیناو کوردەکانە، پارکێکی زۆر گەورە نییە شەقامێکی بەبەردەم دادێت لە هەردووبەر دوکانە، لەلای چەپی پارکەکە کافیتریایەکی دوو نهۆمی لێیە کوردەکان ناویان ناوە کافیتریای بولغاری، ئەمە تەنیا شوێنی چاوپێکەوتنی قاچاخچیەکانو دانیشتنی خەڵکەکە بوو، لە پشت پارکەکە بەچەند مەترێك پارکێکی تری هەبوو بۆ خەوتن، خەڵکەکە بەکارتۆنو دارو

فایبەر خانووی بچووکیان بۆخۆیان دروست کردبوو، سەرەتا چەند کەسێك لەوێ دەخەوت، چونکە کوردێکی زۆری لێنەبوو کۆلانێك بەودیوی پارکەکە چایخانەی بارزان بوو، پیاوێکی کۆیی بوو خۆی بە ناسیاوی مام جەلال دادەنا، لەم چایخانەیەیە خواردنیش هەبوو، ئێمەیان بردە ئەوێ بۆ نانخواردن دوای ئەوەی نانمان خوارد هەر یەکەو لەگەڵ برادەرێ یان ناسیاوێ چووینە ناو پارکەکە، منو دڵدار لەگەڵ دڵسۆز رێکەوتین چووینە ماڵی خالید خۆشناو کە هاورێیەکی دڵسۆز بوو، قاچاخچی جەوازات بوو، بە یەکەوە خانوویان گرتبوو. ئێوارە نەجمی برای هاتەوە لەگەڵ هاورێیەکی بەنێوی ئەیوب جینگەنە، بوتلێك وێسکیان داناو کەوتنە خواردنەوەی، دڵداریش شانبەشانی ئەوان بەرماڵەکەی هێناو دەستی کرد بە نوێژکردن، ئەو نوێژانەشی قەڵاکردەوە کە لە رێگا نەیتوانی بوو بیانکا، کە کۆتایی بە نوێژەکەی هێنا سەیرێکی ئەو دووانەی کرد بە شێوازێکی رەخنەگرانە گوتی کوڕە ئەو شتە پیسە چییە دەخۆنەوە بیر لە رۆژی قیامەت ناکەنەوە؟

- نەجم: ئەوە چییە لەسەر بەرماڵ دانیشتووی‌و وەعز دەدەی!

- ئەیوب جینگەنە: دڵدار وەرە فرێکی بنۆشە، ئەگەر بە درێژایی تەمەنت نوێژت کرد چ دەڵێی بڵێ.

ئەیوب هەر خۆی گوتی نا نا مەیخۆ، چونکە بەشی خۆمان ناکات، بە پێنج هەزار دراخمامان کڕیوە. بەیانی رۆیشتینە ئەمۆنیا چەند کەسێکی لێبوو لەبەر گەرما زۆربەیان تا ئێوارە هەر دەخەوتن سەرەڕای گەڕانەوەی ئەو مسروفە، لەم رۆژە کوڕێکی سلێمانیمان بینی کە هاورێی دڵسۆز بوو ناوی دڵشاد بوو پرسیاری خانوومان لێکرد بۆ من، چونکە خانووەکەی خالید زۆر بچووك بوو، جگە لەوەی زۆریش بوون، دڵشاد گگوتی: وەرە لای ئێمە خانووەکە دوو ژوورە کرێکەشی هەرزانە، لە شوێنی کارکردنیش نزیکە. بۆ شەوەکەی بەگەڵ دڵشاد کەوتم، لە رێگای ماڵی، بە بەردەم خانووێك تێپەڕین، خانووێکی ئاسایی گلۆپێکی شەستی لەبەردەم بوو وەکو هەموو ماڵەکانی لای



خۆمان، دڵشاد گگوتی با سەرێك لەمانە بدەین. منیش بێ پرس لەگەڵی چوومە ژوورێ. لە دەرگای یەکەم چووینە ژوورێ، لەنێو راڕەوەکە گلۆپی رەنگاوڕەنگ داگیرسابوو هەموو شتێکی دەبریسکاندەوە چەند قەنەفەیەکی کۆن دانرابوو دووکەسیشی لێبوو، بێ قسە دانیشتین، دوو کچی قژزەردی چاوشین تەنیا مایۆیان لەبەر بوو هاتنە بەردەممان دوو سێ جار لەبەردەم ئێمە بە لەنجەو لار خۆیان جولاندەوە تا تەواو خۆیان نیشانداین، یەکە یەکە سەیریان کردین تا بزانن کێ لەگەڵیان دەچێتە ژوورێ کەس نەچوو، رۆیشتن، ئێمەش رۆیشتین.

- دڵشاد: ئەم ئەسینایە پڕە لە ئافرەتی لەشفرۆش‌و سۆزانی جۆرێکیان هەن پووڵیشت پێدەدەن تەنیا لەگەڵیان رابوێری. چەند برادەرێکم هەبوو فێری ئەم کاسبیە ببوون‌و هەر بەو کاسبیەش سەفەریان کرد، کە گەڕاینەوە ماڵێ سێ کەس دانیشتبوون سەیری تەلەفزیۆنیان دەکرد، سڵاومان کردو دانیشتین، دوای سەعاتێك یەکێکی تریش هاتەوە، زۆر بێزار بووم، بەڵام ئارامم گرت، کۆنە بەتانیەکی لێبوو وەکو هی ئەوانی تر بەخۆم داداو خەوتم، بەیانی لە مەیدانی کرێکاران وەستابووم، کوردێکی زۆریشی لێبوو، یۆنانیەك لە کرێکار دەگەڕا کەس لەگەڵی نەدەڕۆیشت، کوڕێکیش بەنێوی کامەران هاتە لام، گگوتی: ئەم پیاوە دووکرێکاری دەوێت بۆ نیو سەعات کەس نایێت، چونکە نازانن کارەکە چییە دەترسێن ئیشەکە گران بێت، بۆ منو تۆ نەچین، خۆ کابرا نامان خوات؟ لەگەڵ کابرای یۆنانی رۆیشتین، دوو کۆڵان لە مەیدانی کرێکاران دوور بوو، لەبەردەم دەرگا بەلەمێکی دار لەسەر دەم دانرابوو، دەیویست بیخاتە سەر عارەبانە، دوایی بیخاتە سەر ئۆتۆمبێلەکەی، ئێمەش بەلەمەکەمان وەرگێرا ئەمیش بەسیم لەدواوە رایکێشا سەر عارەبانەکە، هەمووی دە دەقەی نەخایەند. پارەکەمان وەرگرتو گەڕاینەوە مەیدان بە پێکەنین، دیار بوو جەماعەت زۆر سوویان لێببووەوە. یەکێك لەدواوە دەستێکی لەشان دام کە ئاوڕم دایەوە، کوڕێکی سورکەڵەی لاواز بە شۆرتو

تیشێرتێك گگوتی: تی شێلس زولیا؟  واته (كار دەخوازی) سەرم بۆ لەقاندو بەگەڵی كەوتم هەر لەهەمان شەقام لە دەرگایەكی بچووك، چووینە هۆڵێكی گەورەی دارتاشی، دووكەس كاریان دەكرد مەكینەیەكی گەورەی ئۆتۆماتیكیش بۆ نەخشاندنی تەختەكان لەپێشەوە دانرابوو، تەوقەمان كردو ئیشەكەیان نیشاندام، كە لەگەڵ ئەو كوڕەی هاتە دوام بۆ كار، ئەو تەختەی دادەنا دوای دوو سێ دەقیقە دەینەخشاند، منیش هەڵمدەگرت، ئێوارە گەڕامەوە، لای جەماعەت، گفتوگۆیەكی توندبوو لەنێوان دڵشادو پیاوێكی كەركوكی بەتەمەنو ریشدار، چەقۆیەكی لەدەست بوو دەیگووت: بەگیانی باوكم دەیكوژم. دڵشادیش كوڕێكی بچووكی لاواز لەچاو ئەو دەتگووت مشكە، لەسەرخۆ دەیگووت: كوڕە ئەم چەقۆیە هەڵگرە هەی بێ ڕەوشت، دوایی لەخۆتی رادەكەیت، سەردار كەركوكی هاتەلامان، خانووێكی لەجیرانی ئێمە هەبوو، قاچاخچی شاحینە بوو لەنێوان ئیتالیاو یۆنان یان ئەڵمانیا. تەلەفۆنێكی لەدەست بوو، دوای شەڕەكە هەندێك ئارام بووەوە سەردار دەستی كرد بەتەلەفۆن كردن، دوو سەعات لەگەڵ هەولێر، سەعاتێك لەگەڵ كەمپەكانی ئەڵمانیا. . سوید ... هتد. سەگێكی بچووكیشی هەبوو، كاتێ ئیشی باشباو شاحینە لە كۆنتڕۆڵ بەسەلامەتی دەرچووبا، ملوانكەی زێڕو جلو بەرگی پۆشتەی دەپۆشیو. . گۆشتی قوگوتی بۆ سەگەكەی دەكڕی، بەلاّم ئەگەر وەجبەی بگیرایا ئەوا سەگەكەی لەسەر گوفەكو زبڵدان دەسوڕایەوە ،خۆشی دەستی دەكرد بە فرۆشتنی شتومەكەكانی، زمانە یۆنانیەكەی زۆر باش بوو پێنج مانگ لە گرتووخانە گیرابوو، چونكە كاتێ لە سنووری توركیا گەیشتبووە یۆنان گوتبووی من (میت)ی توركیم. ئەوانیش یەكسەر بە فڕۆكە رەوانەی ئەسینایان كردبوو، دوای لێكۆڵینەوەیەكی زۆر قسەكەی درۆ دەرچووبوو، بەلاّم لەگەڵ ئەوەش هەر بەندیان كردبوو. دواتر دەستی لەگەڵ پۆلیسی یۆنانی تێكەڵ كردبوو شكاتی لەكوردەكان دەكرد، ئەوەی كارێكی خراپی بكردایە، كە سەردار دەهاتە ناو پارك قاچاخچیەكان، یان ئەوانەی



دەرمانیان دەفرۆشت هەڵدەهاتن، دەڵێن ئێستا لە سویدە. بەیانی كە بۆ كار دەڕۆیشتین، قاوەی تاڵمان دەخواردەوە كە عادەتێكی ئاسایی رۆژانەبوو، پاشان مانشێتی چەند رۆژنامەیەكمان دەخوێندەوە، ئینجا دەستمان بەكار دەكرد تا سەعات دوو، دوای تەواو بوونی كار راستەوخۆ بۆ ئەمۆنیا رۆیشتین بۆ دۆزینەوەی خانووێكی تر، تاقەتم نەما چیتر لەنێو فشەفشو درۆی ئەمانە بمێنمەوە، لەنێو پارك ئاشنایەتیم لەگەڵ فارس پەیدا كرد، كە كوڕێكی هەولێری بوو لە گەڕەكی كوران دادەنیشت، پێنج كەس لەخانوویەك بوون سێیانیان نیازی سەفەریان هەبوو، بۆیە دەیویست برادەری تر بدۆزێتەوە تا كرێكەی لەگەڵ بدات، ئەوەبوو ئێوارە بەدرەنگەوە بەمیترۆ بە ئاراستەی (پیریۆس) لەوێش بەپاس رۆیشتین سێ وێستگەبوو، لە شوێنێكی بەرز لەسەر گۆشەیەك لە بالكۆنەكە بەشێكی گەورەی شارت دەبینی، لە ئەسینا خانوویەكی دوو ژووری گەورە، مووبەق، گەرماوو حەوشێكی گەورە، كەم كەس خانووی وای بەدەست دەكەوت، فارس كە خاوەنی خانووەكە بوو كارێكی باشی هەبوو لەمێژیش بوو لەیۆنان بوو، یاسین كە هاوڕێو هاوسێیان بوو لەهەولێر، بێ ئیش بوو، ئەوانەی لەسەر سەفەر بوون هیمدادو ئیسماعیلو فاروق بوون، هەرسێكیان بەرگدروویيان دەكرد زۆر گاڵتەچی بوون، شەو تا درەنگ نەیاندەهێشت كەس بخەوێت، بەیانیانیش تا درەنگ كەس خەبەری نەدەبووەوە، دڵسۆزیش لەگەڵ دڵداری برای بریارپاندا لەگەڵ ئەوان سەفەر بكەن بە شاحینەی ئاسۆس كەركوكی كە كوڕێكی مووزەردی پرچ درێژ بوو، زۆر بەدەگمەن دەهاتە نێو خەڵكی ئەگەر بشهاتایە خۆیو كچەكەی برادەری لە دوورەوە دەوەستان، چەند كەسێك لەوانەی نەفەریان بۆ كۆدەكردنەوە پارێزگاریان لێدەكردن، بە چەند مەترێ لەدووری ئەوان دەوەستان، بەلاّم دیار بوو پارەی كەسی نەدەخوارد زۆر گرێنتی بوو گەر وەجبەی بگیرابوایە دووبارە دەیبردنەوە یا پارەكەی بۆ دەگەڕاندنەوە نەك وەكو سەردار كەركوكی پێش ئەوەی خەڵكەكەی ببردبا پارەكەی لێدەخواردن، جەماعەت چوونە

شوێنی دیاریکراو لەوێش بە سەیارەی خۆیان بۆخانووی تایبەتی نەفەرات، وەکو ئاسۆ ئاسایی دوو رۆژ دەمانەوە، ئینجا دەڕۆیشتن، خالید خۆشناو هەواڵی بۆ ئاسۆ نارد کە سەفەر بە دڵسۆز نەکات، چونکە پارە قەرزارە، رزگاری هاوڕێی دلاوەر، ئاسۆی ئاگادار کردەوە کە دڵسۆز شەش هەزار دۆلاری دلاوەری لایە هی نەفەران، دلاوەریش گەڕاوەتەوە تورکیا ئاگای لێنییە، بە هەرحاڵ سەفەرەکەی دڵسۆز پەکی کەوت، دوای سێ رۆژ بە پێکەنینو قوڕگی گیراو، سلاّوی کرد زۆر نائومێد بوو دوو ساڵ بوو لەیۆنان بوو، پێشتریش دوو ساڵ لە تورکیا بەسەری بردبوو، هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە هەژدە ساڵ، خەمی لەوە دەخوارد کە سەفەرێکی زۆر بێ مەترسی بووە، چونکە ئاسۆ خۆی لەگەڵ دابوو، دوای پێنچ رۆژ کوڕێك هاتەلامانو پرسی: کێ دڵسۆزە؟

- دڵسۆز: فەرموو برا منم، فەرموو ئەوە پارەکەتە ئاسۆ لای منی جێهێشتبوو، ببوورە ئەگەر کەمێك دواکەوتبێت، وتم نەوەك ئاسۆ بگەڕێتەوە. واقمان وڕما کێ هەیە ئەمڕۆ پارەی لابێتو بیگەڕێنێتەوە، جا قاچاخچیش بێت؟ بەیانی تا لەکار گەڕامەوە دڵسۆز لەگەڵ یاسین چووبوونە ئەمۆنیاو لە رزگاریان دابوو، پاشان لە پارکەکە یەکترمان بینی، دانیشتبووین کاتێ خالید هات، سلاّوی لە دڵسۆز نەکرد، دوایی کە هاتە قسە گگوتی: دڵسۆز پێشتر زۆرم خۆشدەویستی، بەلاّم کەبێ من سەفەرت کرد لەبەر دڵم کەگوتی، بۆیە نەمهێشت ئاسۆ قاچاخچی بتبات، ئێستاش لە رزگارت داوە، لەبەر من نەبێت خەڵك حیسابی دیکەت بۆ دەکەن. خالید خۆشناو کوڕێکی زۆر هێمنو لەسەرخۆ بوو لە کاتی قسەکردن زمانی دەگیرا، بەلاّم سەیرەکە ئەوە بوو خوێندەواری نەبوو ئیشی جەوازیشی دەکرد، کاتێ یەکێ دەهاتە لای شەرمی دەکرد بڵێ نازانم بنووسم، قەڵەمو کاغەزی دەردەهێنا کەمێك لەکابرا دوور دەکەوتەوەو هەندێك خۆی خەریك دەکرد، گوایە ناوی دەنووسێت لەگەڵ ئەو شتانەی پێویستە بۆ جەواز، پاشان کە کابرا دەڕۆیشت، یەکێکی بەدوا دەنارد دووبارە ناوی دەنووسیو بۆی دەهێنا، ماوەیەکیش پێشمەرگە بوو لە ریزی





(ی. ن. ك) لە تیپی هەشتاو پێنجی بەڕانەتی کە عەلی مەسیفی سەرتیپ بوو، رۆژی دواتر چوومەوە ماڵێ سێ کەسی نامۆم لەوێ بینی، پێش ئەوەی بپرسم دڵسۆز هاتە قسەو گگوتی: ئەو قۆندرەیە هەڵۆ قاچاخچی لە تورکیا بەگرتنی داوە، ئەوانەش برای هەڵۆن. کوڕێکی تورکمانی خەڵکی کەرکوك بوو، لە تورکیا ناوی هەڵۆیان دابووە (میت) موخابەراتی تورکییان وا تێگەیاندبوو کە هەڵۆ هاوڕێیانی (پەکەکە)ی گواستۆتەوە یۆنان، لە دادگاش لەبەردەم حاکم شاهێدی لەسەر دابوو، بەلاّم براکانی هەڵۆ هێشتا منداڵ بوون هەستیان بەگەورەیی کێشەکە نەدەکرد، دوایی نەیاندەزانی چ بکەن بۆ ئازاد کردنی. بەیانی خۆمان بۆ سەر دەریا ئامادەکردو رۆیشتین، کە گەیشتین وامانزانی خۆپیشاندانە خەڵکێکی زۆر بەدوای یەکتری کەوتبوون، کەچی دوایی دەرکەوت کوردەکانن یاری دەکەنو یەکتر دەخەنە نێو ئاوو شەڕە خۆڵ دەکەن، ناوە ناوەش بە کۆمەڵ بەدوای یەکێك دەکەوتن، ئەویش لەترسان بەسەر خەڵکەکە بازیدەدا کە لەبەر تیشکی خۆر راکشابوون زەندقیان دەچوو پڕ بە قوڕگیان دەیانقیژاند، یەك لەوانە ئەیوب جینگەنە بوو پرچێکی درێژو لولی هەبوو بەدووان دەیانگرت یەکێکیش خۆڵو لیتاوی دەریای لەنێو پرچی دەکرد، هەر جارێکیش کچێك تێدەپەڕی بیست کەس بەیەکەوە کە دەکاتە چل چاو سەیریان دەکرد، لە گەڵیەکیش ملیان دەسووڕاند ئەمەش سەدان جار دووبارە دەبۆوە، چونکە سەر دەریا بوو هەر هەموو ژنەکان بە مایەو سوخمە بوون، یاخود دەچوون بۆ گەرماو تا بە (فرنەکان) رابوێرن، مەستی ئەو پیاوانە بوون کە شزوزی جنسیان هەبوو. دەچوونە گەرماو کە زیاتر لە دە گەرماوی هەبوو، جگە لە دوشەکانی دەرەوە، هەر دەگەیشتنە بەردەم گەرماوەکان دوو سێ فرنچی لە دەورەیان کۆدەبوونەوە، یۆنانیش خوا لێیان تێك نەدات فرنی ئەوەندە زۆرە هەر سوچی کۆلاّنێك رووی تێدەکەی تووشی فرنێك دەبیت، رەنگە خەڵکی بە موبالەغەی بزانێت، بەلاّم هیچ شوێنێك بەقەد یۆنانیەکان ئەم ئارەزوویان نییە، پیاوی ئاسایی، کرێکار،

پۆلیس بەڕێوەبەری پۆلیس، قەشە کە پیاوی ئایینیە، پارەکەش هەر خۆیان ئەیدەن، بەگوێرەی قسەی خەڵکەکە، سینەما لەهەموو ولاَتێك جێگەی حەسانەوەو سەیر کردنی فیلمی دڵداری، سێکسو ترسو ... هتد، تەنیا زایەندی نەبێت، کەچی لە سینماکانی یۆنانی جگە لە فیلمی سێکسی باسێکی تر نییە، ئەو پۆستکارتانەی لەبازاڕ دەفرۆشرێن زیاتر سێکسینو زۆربەشی هی توخمی نێرینەن، بەگوێرەی پەیکەرەکانیانو شوێنەوارە کۆنەکانیان ئەم نەریتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆن، کە سەیری فەیلەسوفەکانیان دەکەن بەهەمان شێوە ژیاون، جا سوقرات یا ئیقلیبادیسی هاوڕێی خۆشەویستی بێت.
ئێوارە کە گەڕاینەوە لەنێو پاس کۆنترۆڵ هەبوو بۆ ئەو کەسانەی بە رەش یا بێ بلیت سەرکەوتوون، لە کوردەکان سێ کەس بە رەش سەرکەوتبوون، دووانیان هەر ئەوکاتە پارەکەیاندا کە دەکاتە پارەی مانگێکی پاس، ئەگەر هەموو رۆژ سەرکەویت. سێیەمیشیان گوتی پارەم نییە زیاتر نیازی ئەوە بوو پارەکە نەدات، ئەوانیش بردیان بۆ مەرکەزی پۆلیس. کە گەیشتینەوە پارك وەجبەی جەنگۆ دیسان گەیشتنەوە ئەسینا، گوتی دلاوەر لە رێگایە لەسنووری تورکیا دەرچووە، پەنجا کەسی هێنا بوو، بەلاَم نیوەی گیرابوون، دڵسۆز زۆر دڵخۆش بوو، چونکە چاوەڕێ بوو دلاوەر هەندێك پارەی بداتێ.
جەنگۆ قاچاخچی ناوی تەواوی (جەنگاوەر) بوو سەرو شکڵی جێگەی پرسیار نەبوو کە بۆچی ئەم کارە دەکات، بەلاَم کە قسەت لەگەڵی دەکرد بیروڕاکانی لە قاچاخچی نەدەچوو، کە زیاتر چووینە ناو باسە کۆمەلاَیەتییەکان دەرکەوت کە جەنگۆ پیشەیەکی تری هەبووە کە بەشەرمەوە باسی دەکرد، ئەویش دەرچووی کۆلێژی زانیاری بوو، تەواوی ئەم چوارساڵەی کۆلێژ زۆر بە خراپی ژیاوە، بۆیە ئەوەندە بێزار بوو. لەسەر حسابی ماڵەوەش سەفەری کردووەو ڕووبەڕووی ئەم کارە بۆتەوە، بۆ یارمەتیدانی ماڵەوە، چارەنووسی خۆی دەخستە مەترسیەوە لە هەر سەفەرێك کە دەگەڕێتەوە تورکیا نازانێ چارەنووسی چی دەبێ، دەگیرێت یان دەخنکێ یان دەکوژرێ.



- جەنگۆ: بەلاَم کەس لەمە ناپرسێ وادەزانن قاچاخچیەتی بەس پارە وەرگرتنە، بڕوا بکە کاتێ دەگەینە ڕێگای یۆنان ئەوەندە بێزار دەبین هەزار تف لەخۆمانو لەو پارەیە دەکەین کە وەریدەگرین، ئەم کارەش بە هەموو کەس ناکرێ، چونکە دەبێ ئەو کەسە دڵی نەبێ یان زۆر دڵڕەق بێ، ئەگینا سەرکەوتوو نابێ، من هەر لە کۆلێژەوە دڵم مرد، لێپرسراوەتی زۆرە دەبێت زۆر بە نهێنی کارەکە ئەنجام بدەیت، ڕێگاکەت زۆر ئەمین بێت، زۆر ئاگاداری نەفەرەکان بیت، بەجێنەمینێنو پەشیمان نەبنەوە لە ڕێگا، دەبێ خۆت زۆر بە جەرگو ئازاو شارەزا نیشان بدەیت، ئەمە جگە لەو هەموو کێشانەی دێنە پێشەوە کەس نازانێ، کە دەگەیتە ئەسینا ڕێگا کۆتایی دێت کێشەی پارە دەست پێدەکات، هەیە دەڵێ پارەم نییە کە بەڵێنیشی داوە پارە بدات نازانیت چ هەڵوێستێ وەربگریت، چونکە گەر ئەو نەیدات هی تریش چاو لەو دەکەنو نایدەن، بۆیە یا دەبێ ئەو کەسە بگەڕێنیتەوە تورکیا یاخود هەموو سەرو گێلاکی بشکێنیت، تا ئەوانی تریش بترسن یاخود لە ماڵەوە بەندی بکەیت تا پارەی بۆ دێت، بەلاَم من فرسەتی دەدەمێ ماوەیەك کار بکاتو پارە پەیدا بکات.
ئێوارە گەڕامەوە ماڵی یاسین گگوتی: برادەرێکی زۆر خۆشەویستت هاتووە، زۆر بەدوات دا گەڕاین دیار نەبووی، زۆر موشتاق بوو بتبینێت....
- ناوی چی بوو ...؟
- ناوی نازانم. بەلاَم کوڕێکی رەشتاڵەی پرچ گروازەیە.
خوایە دەبێ کێ بێ؟ هیچ برادەری وام نییە، کەسیشم بەخەیاڵ دانایەت، ئێوارەی رۆژی دوایی چوومە پارك چاوم گێڕا هیچ دەموچاوی وانەبوو تازە بێت بۆم، کەمێك وەستام یاسین هات یەکێکی لەگەڵ بوو تەماشام کرد سولەیمانە، مانگێ جارێك گەر بمدیبووایە، ئەویش لەدوکانی سەرتاشخانە بۆ سەرتاشین دەچووم، ئەمیش بێکار بوو هەر لەم دوکانە دادەنیشت، کە منی بینی ئەملاو ئەولای ماچ کردم، زۆر بە گەرمو گوڕی هەواڵی پرسیم وەك

بڵێی براکەم گەیشتبێت، منیش ئاسایی وەکو ئەو پرسیارم لێکرد، باسی ڕێگام لێپرسی، ئیتر وا باسی کرد کە هەر بۆ ناوەکە قاچاخچیان لەگەڵ بووە، ئەگینا هەر بەخۆی شتەکانی ئەنجامداوەو یارمەتی برادەرەکانی داوە، دیار بوو جێگای نەبوو گوتی تەنیا ئەمشەو جێگەم بۆ بدۆزنەوە تا بەیانی تەلەفۆن بۆ ئەمریکا دەکەم، دراوسێیەکی زۆر خۆشەویستم لەوێیە بەڵێنیشی پێداوم چی بڵێم بۆم جێبەجێ دەکات، بزانم دوو هەزار دۆلارێکم بۆ نانێرێت، بەڵام چۆن بەدەستم دەگات .......؟

- یەکەم جار بزانە بۆت دەنێرێت، ئینجا مشوری بەدەست گەیشتن بخۆ.

لەلای حەکیم مەسیفی جێگەم بۆ کردەوە لەنێو پارك، کە زۆر زەحمەتیش بوو، بەڵام بەهۆی برادەرایەتی یارمەتی دام. بەیانی تەلەفۆنی کرد دراوسێیەکەی داوای لێبوردنی لێکرد کە وەزعی باش نییە، لەگەڵ ئەوەش هێشتا لەسەر بەڵێنی خۆی ماوە پەنجا دۆلاری بۆ ڕەوانە بکات. لە چایخانەی بارزان دانیشتبووم کوڕێك هاتە لام سڵاوی کردو پرسی: ئایا تۆ خزمی سولێمانی؟، منیش گوتم: نەخێر هەر وا دەیناسم، گوتی: ئاگادارم کە یارمەتی دەدەی، هەوڵبدە زیاتر ئاگات لێبێت زۆر هەژارە، لە ڕێگا لەگەڵ من بوو زۆر نەمابوو شێت بێت زۆر دەگریا، بەهەر دوو دەستی لەخۆی دەداو دەیگوت جێممێڵن من زیاتر ناتوانم بڕۆم، محەمەد سەرسپی قاچاخچی بەلێدان لەگەڵ خۆی دەهێنا تا جێنەمێنێت. ڕۆژێك لەنێو پارك سەری بوتڵی غازیان پێگۆڕیبوو، جگەرەی داگیرساویشی لە دەست دەبێ، ئیتر گڕی گرتبوو هەموو لەشی سوتابوو، کە چوومە لای لە نەخۆشخانە. گوتی: بەچاو چووم، چونکە بە ڕگوتی خۆم شوشت لەبەر چاوی خەڵك لەشو لاریشم زۆر جوان بوو، بۆیە تیری چاوەزار لێیدام. لە دوای ئیش لەپارك پیاسەم دەکرد، محەمەد چاوشین بە پەلە هاتو گوتی: بڕۆ ماڵێ جەماعەت چاوەڕێت دەکەن. کە گەڕامەوە، دلاوەرو دڵسۆزو کوڕێکی بالآبەرزم بینی دانیشتبوون، سلاّوم لێکردن، پێکەنین، گوتم: ها.. چیتان کرد بۆ مەسەلەی سەفەر کردن؟



- دلاوەر: هیچ، بەڵام ئەو برادەرە هێشتا لە ئەمریکا پارەی بۆ نەهاتووە چوار ڕۆژە چاوەڕێ دەکەم، دەبووایە پێش ئەوەی بگەمە ئەسینا پارەکەی بگات، کەچی ئێستاش نەگەیشتووە، جا نازانم (د. سەربەست) نایەوێت پارە بدات یا مامی لە ئەمریکا بۆی ڕەوانە ناکات.

شەو کوڕە خۆی پێمان ناساند، ناوی شێروان خەڵکی بادینان بوو تەمەنی بیستو پێنج ساڵان دەبوو، بە قسەی خۆی مامی لێپرسراوێکی پارتی بوو لە ئەمریکا، پێشتر لە ئیبراهیم خەلیل فەرمانبەر بووە، مووچەی مانگانەی پێنج هەزار دیناری عێراقی هەبووە، ئارەزووی شوکولاتە بوو، بەقسەی خۆی تەنیا لە تورکیا دوو هەزار دۆلاری بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ بەشوکلاتە سەرفکردبوو، بەردەوام پێدەکەنی، دەنگی زۆر خۆش بوو کاتێ گۆرانییەکانی محەمەد عارفی دەوتەوە ناوە ناوە دلاوەرو دڵسۆزیش بۆ پێکەنین، پێیان دەگووت توخوا کاك شێروان سترانێکمان بۆ بڵێ ....؟ ئەگەر دەشزانی هەستانێکی فەرهاد زیرەکمان بۆ بڵێ ....؟

شەو چوونە دەرەوە تەلەفۆن بۆ مامی شێروان بکەن، شێروان بە مامی گوت: هێشتا پارەکە نەگەییشتیەو دواکەوتووە، بۆیە من ئێستا لەلای دلاوەر بەندکراوم، بۆ ئەوەی مامی پارەکە زوو بنێرێت، گوتی: جێگەم زۆر ناخۆشە. پاشان تەلەفۆنیان بۆ (د. سەربەست کرد) ئەویش زۆر تووڕە بوو، چونکە ئەو کوڕە ئەمانەتی ئەو درابوو، ئەو خۆی وا دەردەخست کە یارمەتی خەڵك دەدات، کەچی ناسیاوی خۆی فڕێداوە، گوتی: ئەمشەو، ڕەوانەی بکەنەوە، ئەگینا تووشی کێشە دەبن؟ دلاوەریش، گوتی: پارەکەم بۆ بنێرە ئێستا ئازادی دەکەم، ئەویش گوتی باشە بەیانی پارە دەنێرم. شەو درەنگ محەمەد چاوشین هات کە کوڕێکی بچووکی جوان بوو برادەری یاسین بوو، لەگەڵمان دەژیا، گوتی: دلاوەر ئێستا ئەو کوڕەی بنێرەوە، ئەگینا دەگیرێین، سبەینێ (د. سەربەست) پۆلیس دێنێتە سەرتان، ئەوەتە فریادو ڕزگار لە مەقەر گیراینە، چونکە برادەرتن...!

- دڵسۆز: محەمەد مەترسێ دکتۆر فشەکەرە ....
- یاسین: وەڵڵا بەرەڵڵای بکەن باشترە.
منیش وتم دلاوەر مەسەلە ترس نییە، بەڵام ئێرە هەولێر نییە، کێشەکە بە عەشاییری چارەسەر بکرێت، چونکە ئێمەش بە ئاگری تۆ دەسووتێین بێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەکمان بە مەسەلەکەوە هەبێت تەنیا لەبەر ئەوەی تۆ لێرە دەخەویت، کوڕەکەشت هێناوە، ئیتر بەقسەی کەسیان نەکرد، فارسیش کە خاوەن خانووەکە بوو، گوتی: وەڵڵا دکتۆر بێتە پێش دەرگا دەیدەمە بەر کەللەو شەقازللە.
بەیانی تەلەفۆنیان کردەوە دکتۆر گوتی پارەکەم داوەتە محەمەد چاوشین، ڕۆژی شەممە بوو لە مانگی ئۆگوست، دەڕۆیشتمە پارك بۆ پیاسەکردن، دڵسۆزیش هاتو گوتی منیش دێم، بە ڕێکەوت محەمەد چاوشینمان بینی دڵسۆز داوای پارەی لێکرد.
- محەمەد: دکتۆری سەگباب درۆ دەکات، ئێستا تەلەفۆنی بۆ دەکەم، دیار بوو دکتۆر بەدرۆ ئەم قسەیەی کردبوو، لەم کاتەدا ئازاد میسری کە ئەندامی حزبێك لە حیزبەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان بوو لەگەڵ دڵسۆز قسەی کردبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، گوتی با بچین بۆ لای دکتۆر، دڵسۆزیش گوتی وەرە لەگەڵم، بەڵام من لام پەسند نییە، چونکە ئەمان خۆیان بەدوای تۆدا دەگەڕێن چۆن ئێستا تۆ بە پێی خۆت دەچیتە بەردەستیان؟.
- قەیناکە خۆ تۆ ناگیرێیت بۆ دەترسێی؟
کە چووینە لای، لەبەر دەرگا وەستابوو ئازادیش بەتەنیا لەگەڵی قسەی کرد، یەکسەر گوتی: کاك ئازاد ئیشەکە لەبەر دەستی من نەماوە کەوتۆتە دەست پۆلیسی یۆنانی، پاشان ڕۆیشتینە ژوورێ پڕبوو لە خەڵك فریادیش لە ناویاندا دەست بەسەربوو، نەیاندابووە پۆلیس، چونکە پەیوەندی بە (حیزب)ێکەوە کردبوو، بەڵام ڕزگار لەلای پۆلیس دەستبەسەر بوو کە هەردووکیان بێتاوان بوونو لەسەر یەك مەسەلەش بانگهێشت کرابوون، چووینە ژووری دکتۆر





ئاڵایەکی کوردستانی لەسەر مێزەکەی بەردەمی دانابوو، گوتی: ئەمەتا وەرەقەی بانك بۆ ناردنی پارەکە، کەچی دلاوەر پێم دەڵێت ڕاست ناکەیت، بە شەرەفم دەبێت هەموو لەشی بشکێنم، ئینجا حەوت ساڵ بیخەمە ژوورەوە، پاشانیش سنوورداشی تورکیا بکرێتەوە، ئەو دڵسۆزەش نازانم کێیە لەگەڵی، بە ڕێکەوت لەو کاتەدا ئازاد ناوی دڵسۆزی هێنا!
- تۆ دڵسۆزی؟
- نەخێر من عوسمانم .
هاتەوە سەر قسەکانی ئەوانە بە مافیا حیسابیان بۆ کراوە پۆلیس لەهەموو کونو کەلەبەرێك بەدوایاندا دەگەڕێت، بزانم چی دەکەن؟
- دڵسۆز: ئاخر دکتۆر چۆن وادەبێت؟.
- وەڵڵا ئاوایە، بە شەرەفم، بە هەموو موقەدەساتم دەبێ ئەوەیان لەسەر نەچێت، ئاواشم لەسەریان نووسیووە کە لە پۆلیسخانە سزایەکی باش بخۆن.
دکتۆر زمانی یۆنانی زۆر باش دەزانی هاوڕێتیشی لەگەڵ گەورە لێپسراوانی پۆلیس پەیدا کردبوو.
ئازاد هەستی کرد دڵسۆز ئاشکرا دەبێتو دەگیرێت، پێیەکی لەپێی داو، گوتی با بڕۆین، زۆر سوپاس دکتۆر، هیوادارین کێشەکە بە ئارامی چارەسەر بێت.
کە چووینە دەرەوە سلاّومان لە فریاد کرد، بەڵام لەگەڵی نەوەستاین یەکسەر ڕۆیشتین، کە گەیشتینە سەری کۆڵان یەکێ لە دواوە هاواری کرد دڵسۆز؟
- یەك دەقە دکتۆر ئیشی پێتە؟ گوتم: دڵسۆز هەڵێ خۆت دەربازکە. شەش حەوت کەس لەوانەی لە مەقەر بوون بە غاردان هاتن، ئێمەش کە بینیمان هەڵاتین تا تەواو لەو شوێنە دوور کەوتینەوە، من تاقەتم نەما وەستام، دڵسۆزیش بەردەوام بوو لە ڕاکردن هەموویان لەتەکم تێپەڕین کەس دەنگی نەکرد، جا نازانم هەر دڵسۆزیان دەویست یاخود....
لە پارك محەمەدم بینیو گوتم ئەوە ڕزگاریان بردووە لەگەڵ خۆیان بۆ ئەوی ماڵەوەیان نیشاندا یاسینی فەقێر لەگەڵ شێروانو هیمداد گیراون، دلاوەریش

نازانم. دوای دوو سەعات بێسەرو شوێن بوونی دڵسۆز هەواڵ هات کە لەمەقەر گرتویانە لەوێش دراوەتە دەست پۆلیس، ئێوارە کە فارس لەکار دەگەڕێتەوە بێ ئاگاو بێتاوان دەیگرن ئەوی بڕۆیشتبوایە لای ئەم خانووە دەگیرا. شەو چوومە شوقەی قوتابیانی زانکۆ لای زمناکۆ، کە خوێندکاری زانکۆ بوو لەوێ لەنێو ساڵەی شوقەکە دلاوەرم بینی، ئەوە چ دەکەی لێرە چۆن نەگیرای، بەڵکو ئەوانیتر بەردەبوون.

- دلاوەر: هەی ..... دکتۆر سەربەست ......، بۆ تەلەفۆن هاتمە دەرەوە کە گەڕامەوە بینیم سەیارەی پۆلیس لەبەر دەرگا وەستاوە، یەکسەر گەڕامەوە، هاتمە ئێرە لێرەش دەبێ بڕۆمو تەلەفۆنێك بۆ براکەم بکەم کە لێپرسراوی سوپایە لەنێو ریزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە هەولێر، بزانم فاکسێك بۆ دکتۆر ناکات. دوای سێ رۆژ خۆحەشاردانو خۆشاردنەوە ناچار بوو بگەڕێتەوە تورکیاو ئەوانی تریش (رزگار، دڵسۆز، فارس، یاسین) دوای هەشت مانگ گیران، ئینجا درانە دادگا، ساڵێك بەند کران، کەواتە ساڵێكو هەشت مانگ بەبێ تاوانو گوناه لەیۆنان بەند کران، پۆلیسی یۆنانی لەهەر کێشەیەکی نێو کوردەکاندا کێی بگرتایە بەندی دەکرد، گوناهبارو بێ گوناه، هیچ لێپرسینەوەیەکی تەواویان لەگەڵ نەدەکردن، بۆیە بڕیارمدا سەفەر بکەم، چونکە کوردەکان زۆر کێشەیان لەنێوان خۆیان دروست دەکرد بۆ نموونە لەنێوان قاچاخچییەکان، لەنێوان هەولێریو سلێمانی هەندێك جاریش کوردو ئەلبانی، لەگەڵ سەردار کەرکوکی رێککەوتم بۆ ئیتاڵیا بچم، کە گەیشتینە ئیتالیا ئنجا پارەکە بدەین، هەر بەم شەوە پێویستیەکانی رێگام ئامادەکرد بەگەڵیان کەوتم، سەیارە تا نێو گەراجی شاحینە لە شوێنێکی تاریكو چۆڵ دەرگای پشتەوەی کردبۆوە، بە پەلە سەرکەوتین، ئێمە هەشت کەس بووین، کە سەرکەوتین پڕ بوو لە خەڵك، دواتر چەند کەسێکی تریش هات، تا بەیانی دانیشتین، ئینجا بەرەو (پاترا) کە بەندرێکی گەورەی یۆنانە بەرامبەر بە ئیتالیا بە رێکەوت، مانگی هەشتە زۆر زۆر گەرمایە، شاحینەش





ماددەیەکی پلاستیکی بارکردبوو، زیاتر گەرم ببوو، لە پاترا سەردار لە پشت چادر دەیگوت لە کۆنترۆڵ، بێدەنگ بن، دوو فلینە بەفریشی بۆ کڕیبووین یەکێك گوتی: سەردار ئەی نەتوت پانکەتان بۆ دێنم؟

- سەردار کوڕم پانکەی چی، هەر دەمویست ئیقناعتان بکەم. زۆریش پێکەنی، دڵیشی زۆر خۆشبوو پارەیەکی چاکی وەرگرتبوو.

ئێوارە شاحینە رۆیشتە ناو کەشتی ، دوای زنجیرکردنی بە کاتژمێرێك کەشتیەکە کەوتە جوولەو هەستمان کرد بەندەرەکەی جێهێشت، شەو خەوتین بەیانی لەبەر ئارەقەو گەرمی هەناسە خەبەرم بۆوە، هەر کەسەو گرمتە بەفرێکی لەژێر سەری دانابوو، تەنیا پانتۆڵیان لەبەر بوو تەنانەت هەندێك پانتۆڵەکەشیان داکەندبوو بە شۆرت دانیشتبوون، لەگەڵ توانەوەی بەفرەکەو زیادبوونی پلەی گەرما هەوای ناو شاحینەکە کەمتر دەبوو، وردە وردە هەناسەمان تەنگ دەبوو دەنگە دەنگ پەیدابوو ئیتر هەوا تەواو بڕا، دوو کەس بوورانەوە هەندێکیان میزیان دەهاتو لە بوتڵە بەتاڵەکانیان دەکردو سەرەکەیان قەپات دەکرد، ئەفغانییەك زۆری تێنو بوو، بەبێ ئاگا بتڵێکی هەڵگرتوو خستیە سەردەمی مژێکی لێدا هەر ئەوەندە گەیشتە قوڕگی هەمووی هێنایەوەو پرژاندی بەسەرو چاوی ئەوانەی بەرامبەری، بوو بە پێکەنین لەم وەختەش ئەوانەی بوورانەوە چەند ئاویان پێداکردن سوودی نەبوو، هاتینە سەر ئەو رایەی کە چادرەکە کون بکەین، هەندێکیان لایان پەسند نەبوو، لەبەر کەشفو ئاشکرابوونمان، مادام بەرگە ناگرن بۆ سەفەر دەکەن، چاوی دەرهاتو دەمرد. ئیتر لەم قسانەدا بووین یەکێك نەك هەر کونی کرد بەڵکو سەریشی بردە دەرەوە، ئەوەی سەریشی بردایە دەرەوە نەیدەتوانی جارێکیتر بیهێنیتەوە ژوورێ، وەك ئەوەی دەمێ ژێر ئاو کرابێ، هەریەکە هەوڵیدەدا کەمێك سەر بێنێتە دەرەوە هەوا هەڵمژێت، یەکێك چووە دەرەوە لەسەر چادرەکە دانیشت دووان سێیان هی تر هەر هەمووومان چووینە سەر چادرەکە بە حیساب پازدە کەس دەبووین، بەڵام لەسەر

چادرەکە بیست‌و نۆ کەس دەبووین، یەکێکیش لە خوارەوە بوو کە کوڕێکی ئەفغانی بوو لاتەنیشتێکی چادرەکەی تەواو دراندبوو، کەسمان بڕوای نەما گیرانمان مسۆگەر بوو، بۆیە سەیدۆ بە پێی پەتی خۆی فڕێداو دوو سێ شولاقی چاکی لێداو گوتی برادەران من خوا حافیز، دەڕۆم خۆم دەشارمەوە. ئاوی ئارەقەو بەفر لە شاحینەکە دەچۆڕایەوە، سەر چادرەکەش تەواو تەڕ ببوو بە درێژایی شاحینەکە خەڵك راکشابوو زۆر هیلاك بووین کەس توانای خۆشاردنەوەشی نەبوو، زۆری نەبرد سەیدۆ بە راکردن هاتەوە، چوار قووتی کۆلای لەدەست بوو بە شاحینەکە سەرکەوت، لەدوای ئەم چوار پۆلیسی ناو کەشتیەکە هاتن، دیار بوو سەیدۆ رۆیشتبووە چێشتخانەی کەشتیەکە کۆلای دزیبوو ئەوانیش دیتبوویان‌و دوای کەوتبوون، چونکە خەڵکی وا پیس‌و کەم‌و رەزیل لەو دنیایە هەن، کە پۆلیسەکانمان بینی هەمووومان بە پەلە خۆمان لە چادرەکە شۆڕ کردەوە، دانیشتین ئەوانیش دەرگای دواوەی شاحینەکەیان کردەوە یەك یەك دایان بەزاندین‌و ئێمەیان بردە بەر فێنککەرەوە سەرژمێریان کردین سی کەس بووین، نەیاندەزانی چیمان لێبکەن، هیچ جێگەیەك نەبوو بۆ ئێمە، نەیاندەویست کەس بمان بینێت تا ناوی کەشتیەکەیان نەزڕێت، بۆیە ئێمەیان لە گەراجی سەیارەکان هێشتەوە، لەم سەین‌و بەینە سەیدۆ‌و عەبۆ لەنێو شاحینەکان بزربوون، سوورە بە پۆلیسی گوت من دەچم دەیاندۆزمەوە ئەویش بەهاوار کردن‌و جنێودان بە سەیدۆ سەیدۆ‌و عەبۆ عەبۆ رۆیشت، سەیدۆ‌و عەبۆ هاتنەوە سوورە ونبوو، ناچار ئێمەیان بردەبەر دەرگای کەشتییەکەو کاپتنەکە هات زۆر رێزی لێنایین داوای لێکردین بەس بێدەنگ بین‌و خۆمان نەشارینەوە، چیمان بوێت بۆمان بێنێت، دوو کەسی نارد بەدوای سوورە، بڕیاریشیدا خواردنمان بۆ بێنێت چارەکە سەعاتێکی پێنەچوو خواردن هات، هەر یەکەو نیو مریشك‌و مۆزێك‌و سێوێکی بەرکەوت تێرمان خوارد، سابوون‌و تایتیان بۆ هێنایین خۆمان پاك کردەوە، کاتێك دوو پۆلیسەکەی بەدوای سوورە دەگەڕان هاتنەوە سێ کەسی تریان





دۆزیبۆوە، ئەوانیش لەبەر ئێمە ئاشکرابوون، سوورە تەواو خۆی ونکرد پۆلیسەکانیش وازیان لێهێنا.

وردە وردە خەو دەیبردینەوە هەرکەسە لە شوێنی خۆی پاڵکەوت، دوو سەعاتێك نووستین کە خەبەرم بووەوە تەنیا شەش کەس لە تەنیشتم مابوون، ئەی خوایە ئەوانی تر دەبێ چییان بەسەرهاتبێ؟ بە پەلە خۆم گەیاندە شاحینەیەك، کە سەرکەوتم بینیم پڕبوو لە شوگوتی، قاچێکم بردە ژوورەوە، دەنگێ بەرز بۆوە یەکێك خۆی لەژێر شووتیەکان حەشار دابوو، یەکێکی تریش شووتیەکی بە هەردوو دەست گرتبوو سەروچاوی خۆی پێ دەشاردەوە، لایداو گوتی: کاکی خۆم تکایە ئاشکرامان مەکە، بڕۆ خوارێ. منیش گوتم: شاحینەی بابتە؟ ئەمجارە زۆر بەبێ زەوقی گوتی: هەیهوو، دەوەرە سەرکەوە هەتا ئاشکرا نەبووینە. کەمێکی پێچوو دوو کەسی دیکە هاتن‌و خۆیان خستە ژێر شووتیەکان، تا دەهات ژمارەمان زیاد بوو، دوای چەند دەقیقەیەك نەوشاد لە خوارەوە هاواری کرد، کوڕە چاوەکەم وەرنەدەرێ سوودی نییە، با دارکاریمان نەکەن هەر دەتاندۆزنەوە، ئەفسەرەکە پێی گوتم بانگیان بکە، ئەگینا شوفێری شاحینەکانیان لێ ئاگادار دەکەینەوە. گوێمان پێنەدا زیاتر بێدەنگ بووین، تا شۆفێری شاحینەکە خۆی هات، لە پشتەوە سەرکەوت‌و بە یۆنانی بانگی کرد، کە بێینە دەرەوە هیچ سوودێکی نەبوو تەماشای کرد جێگەی شووتیەکان وەك خۆی نەمابوو، دڵنیابوو خەڵکی تێدایە، ناچار بوو بێتە ژوورەوە، دوو هەنگاوی هاوێشت لەگەڵ هەنگاوی سێیەم یەکێك هاواری کرد، دیار بوو قاچی لەسەر شوگوتی سەر سکی دانابوو، لەگەڵ ئاشکرابوونی ئەم ئێمە هەر ئەوەمان بۆکرا بە راکردن خۆمان بگەیەنینە ناو جەماعەت‌و خۆمان ون بکەین ئەگینا بەر شەق‌و کۆڵەمست دەکەوتین. کاپتنەکە هاتەوە، زۆر بەتووڕەیی گوتی: نەمگووت خۆتان مەشارنەوە یارمەتیتان دەدەین‌و خەبەری پۆلیسی ئیتالیا نادەین، بەڵام ئێستا ناچارتان کردین پێیان رابگەیەنین. پۆلیسی ئیتالی بەدڵڕەق‌و توندو تیژ

ناسراون. ئێمەیان بردە سەرەوە، ژوورێکی ئاسایی لەگەڵ ژوورێکی تایبەت بەخۆیان کە شوێنی دانیشتن بوو، قەنەفەو مێزێكو تەلەفزیۆنێکی بچووکی لێبوو، ژوورەکەی تر چوار قەڵەوێرەی لێبوو، گەرماوێکی تێدابوو تا گەیشتینە بەندەری ڤینیسیا هەمووومان خۆمان شوشت، جگە لە سێ ئەلبانیەکەو پێنج ئەفغانیەکە نەبێت، بەدیار تەلەفزیۆنەکەوە دانیشتبوون، عەبۆی هەولێری لەگەڵ ئاهەنگی سلێمانی بووە شەڕیان، ئاهەنگ بە دوو جێگە سەری شکا بەری چاوی شینو مۆر بوو دەموچاوی هەموو خوێن بوو، پۆلیسی ئیتالی هات ئاهەنگیان بینی، سەریان سوڕما دەموچاوی هەموو خوێن بوو پرسیاریان کرد کە کێ  لێیداوە ئەمیش دەستی خستە سەر عەبۆ، پۆلیسەکان قۆڵی عەبۆیان گرتو بردیان، کە هێنایانەوە بێتاقەت بوو دیاربوو لێیان دابوو دەیگوت: بەس بگەینە یۆنان خۆم دەزانم چ کارەساتێك بەسەر ئاهەنگ دێنم.

پۆلیسەکان هاتنەوە بانگی سێ ئەلبانیەکەیان کرد، لەپێش ئێمە بەر کێبلانیاندا زۆر رقیان لە ئەلبانیە، چونکە زۆربەیان قاچاخچینو چەکدارن. دوای زیاتر لە شەش سەعات لە بەندەرەکە وەستاین هەموو ڤینیسیامان لێدیار بوو، چونکە ئێمە لەبەشی هەرە سەرەوەی کەشتییەکە بووین لە پەنجەرەکە سەیرمان دەکرد، هەموو کەسەکانی نێو کەشتییەکە دابەزین بە هەموو ناسنامەیەك، بە سەگو پشیلەکانیانەوە، تەنها ئێمە بۆمان نەبوو دابەزین، چونکە نەناسنامەمان هەبوو نە ئەو وڵاتە کە بۆی دەچووین هی خۆمان بوو نە ئەوەشی بۆیدەگەڕاینەوە، نەکەسیش زمانی ئێمەی دەزانی یاخود بیستبی، کە دەتگووت کوردم واقیان وڕدەما چەند جارێك دەیانگووتەوە کور، کورد، ئەی وڵاتەکەی خۆتان؟

کوردستان، ناوەکەیان بەلاوە رێکبوو لەگەڵ نەتەوەکە، بەڵام  نەخشە نەبوو، بیسەلمێنێ بۆ نموونە یۆنانیەکان نەخشەو ناسنامە، یا ئیتالیەکان، هتد ئێمەش دەبووا نەخشەو ناسنامەی عێراقی نیشانیانبدەین، ئەو کاتە بە





عەرەب لە قەڵەم دەدرێین یا تورك یا فارس یا سوری ئیتر بێزاریش دەبووی لەو چیرۆکە بۆ هەموو کەسێك بگێڕیتەوە کەکورد چیەو لەکوێ هاتووە، بوونی لەو کەونە چییە؟!

بەهەمان رێگا گەڕاینەوە سیو پێنج سەعات لەدەریای ناوەڕاست ماینەوە، کە گەیشتینەوە پاترا دونیایەك رۆژنامەنووس هاتن سەدان وێنەیان گرتین، لەگەڵ دوو سێ کەس چاوپێکەوتنیان کرد، پاشان بۆ بەندیخانەیان رەوانە کردین، شەوێك تیایدا ماینەوە دوایی ئێمەیان بردە بنکەی سەرەکی پۆلیس، هەرچەندە ئەمانیش شوێنیان نەمابوو، بەڵام هەر چۆنێك بێت لە بەشی پشتەوەی بنکەکە دوو ژووری بچووكو راڕەوێکی درێژی تەسکی هەبوو ئێمەیان لەوێ کۆکردەوە، رەنگە بەندیخانەی گەورەو هەمەجۆریان هەبێت، بەڵام حاڵەتو کێشەی ئێمە روون نەبوو کە چ یاسایەك، بڕیارێك بەسەرمان جێبەجێ دەبێ یا دەچەسپێندرێت، بۆیە کێشەکەیان بە هەڵواسراوی هێشتەوە، تا رۆژی دادگاییکردنمان، پێنج شەممە بەیانیەکەی زوو بە پاسێك بۆ دادگایان بردین، دوای دوو سەعات پێیان گوتین ئەمڕۆ دادگایی ناکرێن تا رۆژی دوو شەممە هەر لەوێ تورکێکی یۆنانی لێمان نزیك بۆوە داوای کرد ببێتە وەرگێڕمان، پاش کێشمە کێشمێکی زۆر رازی بووین، بەڵام  چۆن وەرگێڕێك ئێمە هیچ تێنەگەین، چونکە لە عەدنان کەرکوکی زیاتر کەسی تر تورکی نازانێت، ئەویش یۆنانی دەزانی پێویستی بە تورکی نەبوو، ئەم تورکە لەکێشەکەی ئێمەی دەزانی، گوتی ئێوە هەمووتان وەکو یەکن دەشبێت یەك قسەبکەن، بۆیە دەتوانن هەر دەمتان بجولێنن من قسەکە بۆ حاکم دەکەم، ئێمەش دەبوا بمان گووتبا خۆمان چادری شاحینەکەمان دڕاندو شۆڕبووینەوە ناوی، بۆ ئەوەی شۆفێرەکان نەگیرێنو نەکەونە بەندیخانەو تووشی سزا نەبن، هەر لەوێش ئەوانەی پارەیان دابووە پشتیوان چاوشین یا سەردار کەرکوکی ترسان لەوەی سنورداش بکرێنەوە، تەلەفۆنیان بۆ سەردار کرد یارمەتییان بدات کە ئازاد بن، سەردار لە وەڵامدا گوتی: ئەی هەتیووینە ئەوە سنووورداش

نەکراینەوە، وەڵڵا وامزانی ئێستا لە تورکیاینە، پارەکەم هەموو خەرج کرد، بەڵام ئینشائەڵڵا دەتانگەڕێننەوە تورکیا، هیچی تر تەلەفۆن مەکەن، ئەوە موشکیلەی من نییە.

ئیتر ئومێدی گەڕانەوەمان بۆ ئەسینا نەما، مەگەر بە رێککەوت یا ئەوەتە شەنسێکی گەورەمان هەبێت، بە دڵتەنگیو شێوایییەوە گەڕاینەوە بەندیخانەکە دوای نانخواردنی ژەمی نیوەڕۆ عەبۆ سەتڵێکی زبڵی هەڵگرتو پاکی کردەوەو خستییە نێوان هەردوو رانیو دەستی کرد بە تەپڵ لێدانو گۆرانیشی گوت، هەرچەند وتمان بێدەنگ بە نەوەك دوایی ئازارمان دەدەن، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو، عەبۆ بەردەوام بوو لە بەزمو رەزمی خۆی، تەپڵ لێدانەکەی ئەوەندە خۆش بوو سەرنجی سەیدۆشی بە جۆشو خرۆش خستو ناچاری کرد بەندەکانی بۆ تەواو بکات، دوایی ئەوەی بەندی تریان بۆ نەهات هەر لەسەر هەمان ریتمو ئاواز دەستیان کرد بە جنێودان بەیەکتر، بەردەوامی ئەم کەشە سەرنجی ئەوانی تریشی راکێشا تا وایلێهات هەموویان خزانە ئەڵقەی تیپەکەو وەکو کۆرس بەدەنگی بەرز دەستیان بەگۆرانی گوتنو هەڵپەڕکێ کرد. کار گەیشتە شوێنێك کە تەواوی خەڵکی گەڕەکەکە گوێبیستی ئاهەنگەکەمان دەبوون، چونکە شوێنی ئاهەنگگێڕانەکەمان کە بێ هیچ بۆنەیەك بوو سەری والأبوو، ئەم بەزمە نزیکەی دوو سەعاتی خایاند، هەرچەندە پۆلیسەکان لە دەرگایان دەداو هەڕەشەیان لێدەکردین، کەچی هەر بەردەوام بوو تاکو تیپەکە خۆیان بێزار بوون. ماوەیەك بێدەنگی باڵی بەسەر شوێنەکە کێشا تا کاتی نانخواردنی ئێوارە، ئنجا کۆڕی سیاسی دەستی پێکردو هەر کەسە بە یاری خۆیدا هەڵدەگوت:

- سەیدۆ: باسی هەر کەسێك دەکەن بیکەن، بەڵام قبووڵ ناکەم باسی شێری گەورە بکەن.

- دڵشاد: بەسەری باوکم ئەوەی ناوی سەرۆك بێنێت چی خراپە بەسەری دێنم!.





- سەیدۆ: هەی سلێمانی فشەکەر ئێوە کەی پارتی بووینە؟

- دڵشاد قسە بە من بڵێ، بەڵام رازی نابم باسی سەرۆك بکەی.

بەیانی دووبارە بوونەوەی رووداوەکانی رۆژی پێشوو بوو تا ئێوارە، داوایان کرد رێگای تەلەفۆن کردنیان پێبدەن، دوو سێ کەس رۆیشتن بۆ تەلەفۆنکردنو گەڕانەوە، ئینجا کوڕە ئەفغانییەکە رۆیشت، دوای پێنج دەقیقە پاسەوانەکە بەتووڕەیی دەرگاکەی داخستو گوتی ئەویان رایکرد، شوێنی تەلەفۆنەکە کەوتبووە نزیك دەرگای سەرەکی بارەگای پۆلیس کە هەمیشە والأبوو، ئەمیش بەهەلی زانیبوو رایکردبوو، چونکە پاکستانیو ئەفغانی رەوانەی وڵاتەکانی خۆیان دەکرانەوە، وەکو ئێمە نەبوون، لە ئەتڵەسە جوگرافیەکان وڵاتیان لابرابێت. حاڵەتێکی گرژ لەناو بارەگاکە دروست بوو، ترسو سەرسامیەکی زۆریشی بۆ ئێمە هێنا، هەستمان کرد بڕواو متمانەی خۆمان لەدەستداوە، پۆلیسی یۆنانیش بەوە ناسرابوون گەر تووڕە بن یاخود ترسیان لەکەسێك یا کۆمەڵێك هەبێت بێ دوودڵی رەوانەی سنووری تورکیای دەکەنەوە. دوای چوار پێنج کاتژمێر دەرگای بەندیخانە کرایەوەو کوڕە ئەفغانییەکەیان فڕێدایەوە ژوورێ، دەرگاکەشیان داخست، بەڵام ئەو کوڕەی یەکەم جار بۆ تەلەفۆنکردن چوو ئەوە نەبوو کە گەڕاندیانەوە ئەوە نەبوو، بیناسیتەوە، چونکە ئەوەندەیان دارکاری کردبوو بەدەستێکی سەری خۆی گرتبوو بەدەستەکەی تریشی سکی، دوو پاکستانی دەستیان گرتبوو دەیانهێنایە ژوورێ، کاتێك عەبۆ شەقەزلەیەکی لەبنا گوێیداو شاپێکی تێهەڵدا، سەیدۆش تاکە پێڵاوێکی تێگرت، دەستیان کرد بە جنێوپێدانی. سەگبابەی دەیەوێت سنووورداشمان بکاتەوە، کێ جارێکی تر دەمانهێنێتەوە، هەر جارێك خێرمان پێدەکەنو نایکەن بە دوو. سەیدۆو عەبۆ لە تورکیا بە خۆڕایی گەیشتبوونە یۆنان، ئەم جارەش بێپارە رەوانەیان کردبوون، چونکە هیچ پووڵیان نەبوو توانای پەیداکردنیشیان نەبوو، جگە لەقسەی قۆڕو

هەڵسوکەگوتی کۆمێدی توانای کارکردنیان نەبوو، بۆیە دەترسان لە گەڕاندنەوەیان بۆ تورکیا وەك هەر کەسێکی ئاسایی.

پۆلیسێك هات، بانگی عەبۆی کرد نەوشادیش وەکو وەرگێڕ لەگەڵی رۆیشت. پۆلیسەکان پێنج هەزار دۆلاریان لەگیرفانی ئەفغانیەکە دۆزیبۆوە، ئەمیش لەترسان وتبووی هی عەبۆیە، لەکاتی لێکۆڵینەوە پۆلیس بە عەبۆ دەڵێت ئەو پارەیە هی تۆییە؟ عەبۆش پرسیار لەنەوشاد دەکات: گەر بڵێم هی منە پارەکەم دەدەنێ؟ نەوشادیش دەڵێ: نەخێر دەیانەوێت بزانن ئەم پووڵە زۆرە هی کێیە، رەنگە حیسابی قاچاخچی بۆ بکەن. عەبۆش دەڵێ دەی باشە بڵێ ئەم پارەیە هی ئەم نییە.

ئەم ئێوارەیە زۆر بێدەنگ بوو هەر کەس لەشوێنی خۆی دانیشتبوو چاوەڕێی هاتنی بەیانیان دەکرد، لەگەڵ عەدنان کەرکوکی لەژووره دوو مەتریەکەی لەسەر پارچە دۆشەکێکی کۆن دانیشتبووین سەیری نووسینەکانی سەر دیوارەکەمان دەکرد بەتایبەتی ئەوانەی کە بەکوردیو عەرەبی نووسرابوون، عەدنان خەریکی گێڕانەوەی سەربردەی ژیانی خۆی بوو، کەچی من هەر رستەی یەکەمم لە قسەکانی کەوتە بەرگوێ (لە کاتی کارکردنی لە تورکیا وەستا گەورەکەی مافیا بووە داوای لەو کردوە ببێت بە پاسەوانی، ئەوی تر بە خوێندنەوەی نووسینەکانی سەر دیوارەکە خەریك بووم لەشوێنێك نووسرابوو (پۆلا مەسیفی نەمر هەموو شتێکی بەچاوی خۆی بینی)، لەلایەکی تر خەڵکی هەموو گەیشتنە سویدو ئەڵمانیاو نەرویج، تۆ تازە لێرەی... ها...ها...ها { لە سوچێکی تر (یان نەمان، یان کوردستان)، (بعید عنك حیاتی عژاب)، (ئای لاڤ یو ....)

بەیانی زوو بانگیانکردینو بەڕیز بۆ دەرەوە لەوێش بۆ ناو پاسێك سەرکەوتین تا بەر دەرگای دادگا، کە رۆشتینە ژوورەوە لە راڕەوەکە پیاوێکی پاکو خاوێن بە قاتو بۆینباخەوە هاتە بەردەممانو گوتی: ئێوەن کوردەکان



کە بە نا یاسایی رۆیشتوون، وانییە؟ من پارێزەرم لە رۆژنامە، کێشەی ئێوەم خوێندەوە هاتوومە بێ هیچ بەرامبەرێك بەرگریتان لێبکەم.

چووینە نێو هۆڵی دادگا هۆڵێکی پانو بەرین بوو، چەند کەسێك دانیشتبوون، ئێمەش لە دەستە چەپی هۆڵەکە روونیشتین، تەواوی کورسیەکانمان پڕ کردەوە، دوای نیو سەعات دادگەرەکان هاتن گورج هەڵساینەوەو بە هێواشیش دانیشتینەوە، یەکە یەکە ناوەکانیان خوێندەوە ئینجا بانگی وەرگێڕەکەیان کردو چەند قسەیەکیان لەگەڵ کرد، ناوی یەکەم خوێندرایەوە بەرەو رووی دادگەرەکان رۆیشتو لەبەردەمیان لەتەك مێزێك بەپێوە وەستا.

- تۆ کوردی عێراقی؟
- بەڵێ.
- بۆچی بە قاچاخ سەفەر دەکەی؟
- چونکە بە یاسایی ناتوانم؟
- بۆ ناتوانیت؟
- چونکە لە وڵاتی ئێمە رژێمێکی دیکتاتۆری هەیە بەناوی بەعس سەرۆکەکەشی هەموو دونیا دەیناسێت ناوی سەدامە، ئەم رژێمە ترسو نیگەرانییەکی گەورەو بەهێزە لەسەر تەواوی ژیانی ئەم خەڵکە ستەمدیدەیە بەتایبەتی ئێمەی کورد، هەلی سەفەر کردمان بە قاچاخ نەبێت بۆ نییە.
- چۆن لەم شاحینەیە سەرکەوتیت؟
- قاچاخچییەکە دەستنیشانی ئەمەی کرد لەسەرەوە درزێکی لە چادرەکە کرد، ئێمەش شۆڕ بووینەوە ناوی.
- شۆفێری شاحینەکە لەوێبوو؟
- نەخێر نەمانبینی.
- ئەی ئاگادار بوو لەوە؟
- نەخێر
- چۆن دەزانی ئاگادار نەبووە؟

- چونکە ئەگەر ئاگادار بوایە چادرەکەمان کون نەدەکرد، بەڵکو بە دەرگاکە سەر دەکەوتین.
- جا کێ دەڵێ بە دەرگاکە سەر نەکەوتوونە؟
- من دەڵێم. 
- ئەگەر قسەکانت راست نەبێت رووبەڕووی سزای توند دەبیتەوە.
- قاچاخچییەکە کێ بوو؟
- پیاوێکی ئێرانی بوو.
- جێگەو شوێنی پێدەزانی؟
- نەخێر هیچ شتێکی لە بارەوە نازانم.
- چۆن لەگەڵی رێکەگوتی؟
- بە دوو هەزار دینار لە ئەسینا تا ئیتالیا.

بەم شێوەیە ئەوانی تریش بانگ کرانو یەکە یەکە رووبەڕووی هەمان پرسیار کرانەوە.

دوا کەس پرسینەوەی لەگەڵ کرا، پێش ئەوەی دادپرسەکان گفتوگۆ لەنێون خۆیان بکەنو بۆچوونەکانیان بگۆڕنەوە، ئەو پارێزەرەی پەیمانی بە ئێمەدابوو بەرگریمان لێبکات دەستی بەرزکردەوەو هەڵسا، ماوەیەکی تەواو بەرگری لێکردین رەخنەیەکی زۆری لە دەستەڵاتدارانی یۆنان گرت بەرامبەر بە پەناهەندە کوردەکانو گوتی (ئەوەتا هەموویان لە پارك‌و بن دیوارەکان دەخەون، لە کڵێسەکانیش نان دەخۆن تا بڵێی باری گوزەرانیان ناخۆشە، کەچی ئێستا دەتانەوێت حوکمی گەڕانەوەیان بەسەردا بچەسپێنن بۆ وڵاتێکی فاشی وەك تورکیا کە هەموومان دەزانین چ کارەساتێکی بەسەر میللەتی کورد هێناوە. جا هیوادارم رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت ئینجا بڕیاری لەسەر بدرێ).

کە گەڕاینەوە بەندیخانە لە بارەگای پۆلیس دڵنیا نەبووین لە وەرگێڕەکە کە پێی گوتین: مەترسێن ئێوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەسینا. ناچاربووین لە پۆلیسەکان پرسیار بکەین ئاخۆ چیمان لێدەکەن، ئەمانیش هەمان قسەیان



دووبارەکردەوە. جا نازانم (کێس)ەکەی خۆمان بوو رزگاری کردین یا بەرگری ئەو پارێزەرە بوو کە زۆر مرۆڤانەو دڵسۆزانە بەرگری لێکردین.

بەیانی کاتژمێر (نۆ) دەبوو بەڕیز پەنجەمۆریان پێکردین‌و وێنەیان گرتین، پسولەی مانەوەی سێ مانگیان بۆکردین، ئەو ئەفسەرەی پسولەکەی پێدەداین بە پێکەنینەوە پێی دەگوتین: دەبێت لەماوەی ئەم سێ مانگە رێگایەك بۆ خۆتان بدۆزنەوەو ئێرە جێبێڵن‌و بڕۆن.

ئیتر بێ ترس گەڕاینەوە ئەسینا بە پاس‌و شەمەندەفەر، ئەفغانی‌و چوار پاکستانیەکەی تریش سنوورداشی وڵاتەکەی خۆیان کرانەوە. جارێکی تر تێکەڵ بە خەڵکی ئەمۆنیا بووینەوە، لە ئەسینا بێ بەرنامەتر لە جاران لە شەقامەکان دەسوڕاینەوە.

چاودێریەکی زۆر توند خرابووە سەر شاحینەکان کە نەفەریان تێدابوو، بۆیە هیچ قاچاخچیەکی گرێنتی نەبوو.

بیرم لەوە کردەوە خۆم بەتەنیا بڕۆم، جاری یەکەم کە گیراین شارەزای ئەو شوێنانە ببووم کە پێی دەرباز دەبیت. پانتۆڵێك‌و تیشێرتێکم کڕی، بلیتێکم بۆ (پاترا) بڕی هەر هەمان ئێوارە بەرێکەوتم، کاتژمێر هەشت‌و نیو لە وێستگەی سەرەکی پاترا دابەزیم کە دەکەوێتە سەر بەندەر هەر لەوێشەوە کەشتییەکان بۆ ئیتالیاو وڵاتەکانی تر بەرێدەکەوتن، لە گازینۆیەك چوومە ژوورەوە لە دەرگای دواوەی کە دەکەوێتە دیوی بەندەرەکە خۆم گەیاندە گەراجی شاحینەکان، لەسەر کەشتیەك وەستابوو خەڵك سەردەکەوتن لەبەرامبەر کەشتیەکە دوو ئافرەتی پیر دانیشتبوون دیار بوو تازە هەندێك کەسیان بەرێکردبێت، چاوەڕێی رۆیشتنی کەشتیەکەیان دەکرد پرسیارم لێیان کرد:

- ئایا ئەم کەشتییە بۆ ئیتالیا دەڕوات؟
- بەڵێ بۆ (ئەنکۆنا)ی ئیتالیا دەڕوات.

دڵنیابووم لەوەی بۆ ئیتاڵیایە ترسی ئەوەم نەما بۆ وڵاتێکی تر بڕوات، وەکو ئەو چوار کوردەی بە هەڵە بۆ میسر ڕۆیشتبوون. بێ دوودڵیو ئەملاو ئەولا چوومە ژێر ئەو شاحینەیەی لەریزی پێشەوە وەستابوو کە بچێتە ناو کەشتییەکە، خۆم خستە سەر ئەکسلی دواوە. بەهەر شێوەیەك بێت جێگەی خۆم کردەوەو جوولەم لەخۆم بڕی هەر لەم کاتەش شوفێرەکە بە زرینگانەوی کلیلەکانی بەرەو شاحینەکە هات، وامزانی ئاشکرابووم کەچی لە شاحینەکەی سەرکەوتو بەگڕی خستو ڕۆیشت، تا بەر دەرگای کەشتییەکە لەوێ پۆلیسسەکان بەلایتی دەستی سەیریان کرد، قاچی پۆلیسەکانم دەبینی، بەڵام ئەمان سەیری ژێرەوەیان نەکرد، دوای سەرکەوتنی شاحینەکە بۆ نێو کەشتییەکە لەپڕ دوو دەست لەملاو لەولای شاحینەکە پارچە ئاسنێکیان خستە ژێر تایەکانی.

دوا کەسو دوا ئۆتۆمبێل سەرکەوتنو دەرگای کەشتیەکە داخرا، نیو کاتژمێرێکی برد تا کەوتە جوولەو ڕۆیشت، کەمێك لەبەندەرەکە دوورکەوتەوە ئینجا هاتمە دەرەوە، شاحینەیەکی خاوێنو تازە وەستابوو بە گەورەیی لەسەر چادرەکە نووسرابوو (دانیمارك - یۆنان ) سەرکەوتمە سەرەوە.

زیاتر لە سیو پێنج کاتژمێر لە نێو شاحینەکە بووم، لەم بەینەدا کە دەگاتە دەریای ناوەڕاست هەر شتێك روویدابا من یەکەم قوربانی بووم، چونکە لەبەشی ژێری ژێرەوە بووم. پاش ئەم هەموو چاوەڕوانییە، کەشتیەکە وەستا لە یەك لە بەندەرەکانی ئیتالیا شاحینەکە وەستاو دوای چەند دەقیقەیەك لە گەراجێك وەستا. نەمتوانی زیاتر لە کاتژمێرێك لەنێو شاحینەکە بمێنمەوە، بۆیە هاتمەدەرەوەو سەیرێکی ئەملاو ئەولام کرد کەس لەم نزیکانە نەبوو، سەرم بەرز کردەوەو تابلۆیەکم بینی لێی نووسرابوو (ئەنکۆنا)، قسەی پیرەژنم بیرکەوتەوەو زانیم کە لە ئیتالیام، لەلایەك دەترسامو لەلایەکی تریش بەدوای ڕێگایەك دەگەڕام بۆ چوونە دەرەوە لە





بەندەرەکە، چونکە بەندەرەکە زۆر نزمتربوو لە ئاستی شارەکە، بۆیە ئاراستەی باڵاخانەکانم وەرگرتو ڕۆیشتم کەس لێی نەپرسیم تا گەیشتمە بەردەم دەرگای هوتێلێكو چوومە ژوورەوەو ناسنامەی بەلجیکیم دایەدەستیو داوای ژوورێکم لێکرد بۆ یەك شەو، لەگەڵم هاتو دەرگای ژوورێکی بۆ کردمەوەو چوومە ژوورەوە یەکسەر بۆ ژێر دوشەکە، جلەکانم گۆڕیو لەسەر جێگەکە پاڵکەوتم دڵنیا بووم کە لە ئیتالیام. کەواتە گەیشتمە جێگەی مەبەست، چونکە هیچ ئاستەنگێکی وا نامێنێ بۆ دەرچوونو ترسی گەڕانەوەشت نامێنێت.

لە بێدەنگیو ئارامی ژووری ئوتێلەکە وردە وردە دەحەسامەوە لەناکاو گوێبیستی دەنگێکی گەلێك ئارام بەخشبووم، دەنگی قورئان بوو باوەڕم نەکرد، وامزانی گوێم دەزرینگێتەوە سەیری بنمیچو دیوارەکەم کرد، ڕەنگە خەون بێت، کەچی هەمان ژوور بوو.

ئەوەم بەمێشك داهات کە( ئار مسترۆنگ) لەسەر مانگ دابەزیبێو گوێبیستی دەنگی بانگدان بووە، ئەوەش وا لەلای من دووبارە دەبێتەوە، لەم شوێنە ئارامو دوور لە ئیسلامەتیەدا، هەڵسام بەرەو پەنجەرەکە هەنگاوم نا دەنگەکەم لەلا روونتر دەبوو کە سەرم لە پەنجەرەی دواوەوەی هوتێلەکە داگرتو سەیری خوارەوەم کرد پیاوێکم بینی لە عەرەب دەچوو خەریکی پاككردنەوەی باخەکە بوو ریکۆردەرێکی بچووکی لەلای خۆی دانابوو دەنگەکەی لەوێوە دەهات.

لە ژوورەکە هاتمە خوارو لە چێشتخانەیەکی تەنیشت هوتێلەکە نانم خواردو بیرم کردەوە بڕۆم، لەمبەری شەقامەکە وێستگەی شەمەندەفەر هەبوو کە بەرامبەر هوتێڵەکە بوو. خۆم کۆکردەوەو ناسنامەکەشم وەرگرتەوە، بلیتێکی (ڕۆما)م بڕی دوای چەند سەعاتێك لە ڕۆما دابەزیم، چەند کوردێکم لە وێستگەکە بینیو وتیان ئێمە لە کڵێسەین بە ٤٠ ڕۆژ ٧٠٠ دۆلار وەردەگرین ئینجا سەفەر دەکەین. چوومە لای ئەوان لە ژێرزەمینی یەکێ لە کڵێسەکان دەخەوتن، لە کڵێسەی (سانتاماریا)ش پارەیان وەردەگرت کە دوو کۆڵان لەیەك

دووربوون. ئەم کڵێسەیە زۆر دەمێکە یارمەتی هەژاران‌و لێقەوماوانی دەدا، مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە یەکێکە لە کلێسە کۆن‌و ناودارەکانی جیهان، بە وێنەو پەیکەرە مۆزایکەکانی ناسراوە.

کە چاوم بە خەڵکەکە کەوت لەم ژێرزەمینە چۆن لە سەر کۆنە قەنەفەی تۆزاوی‌و کورسی شکاو دەخەون‌و ئەوانەی کە جێگەشیان نیە لەسەر کارتۆن بەدیار کۆنە تەلەفزیۆنێ دانیشتوون، ئەوانی دەرەوەش هەندێکیان خەریکی شت فرۆشتن‌و هەندێکیشیان خەریکی قاچاغچییەتین، ئەوانەی کە هیچ بەرنامەو ئامانجێکیان نییە لەگەڵ یەکتری خەریکی خواردنەوەو پێچانەوەی جگەرەی حەشیشن، لە دەرەوەی کلێسەکە هیچ جیاوازییەکم نەبینی لەبارەی گوزەرانی ژیانی ئەو خەڵکەی ئێرەو ئەسینا، هیچ شتێك وای لێنەکردم کە بمێنمەوەو تێیدا جێگیربم جگە لەژیانێکی رووکەشی هیچی تر نەبوو. بێ دوودڵی بەرەو وێستگەی شەمەندەفەرەکە گەڕامەوە، ئەمجارە بلیتێکی ترم بۆ شاری (میلانۆ) بڕی کە دەکەوێتە سنووری فەرەنسا، دوای پێنج کاتژمێری تەواو گەیشتمە میلانۆ درەنگی شەو بوو، لەدەرەوەی شەمەندەفەرەکە خەڵکێکی زۆر راوەستابوون چاوەڕێی کەس‌و کاریان دەکرد، ئەوەی گوڵێکی هێنابوو، یاخود لەسەر پارچەکاغەزێکی گەورە ناوی ئەو کەسەی لێ نووسرابوو کە چاوەڕێی دەکرد، بەدەست لەملانێی یەك دەڕۆیشتن، دابەزیم سەرم سوڕما لەخۆشی‌و جوانی‌و گەورەیی وێستگەکە، هەرچەندە رۆما پایتەخت بوو، بەلاّم وێستگەی وا گەورەی تیانەبوو، شارێکی زۆر ساردبوو بارانێکی بەخوڕ دەباری رۆیشتمە نێو وێستگەکە لەپێشەوە لە کۆشکێك لەفەیەك‌و بیبسییەکم کڕی، دوای کەمێك چوومە ژوورەوە بۆ بەردەم تابلۆی کاتی دەرچوونی شەمەندەفەرەکان بۆ شارو وڵاتەکان، من بەنیازی پاریس بووم، بەلاّم هێشتا زۆرمابوو بۆ کاتی رۆیشتن، سەیری ئەملاو ئەولام کرد، بەڵکو دۆستێك بدۆزمەوە لەو سەر کورسییەکی لێبوو پێنج کەسی لەسەر دانیشتبوو کە بینیم هەر زوو زانیم کوردن، تەواو سەیرم کردن، ئەوانیش سەیریان کردم پێش ئەوەی بچمە لایان سەری خۆیان نزم کرد گوایە من نابینن، منیش هەستم کرد ئارەزووی ئاشنایەتییان نییە، یەکسەر رۆیشتمە



رووی پشتەوەی وێستگەکە لە پێپلیکانەکە چوومە خوارەوە یەکێ لەبەردەمم وەستاو گوتی: زەحمەت نەبێ کوردی؟

- بەڵێ

- خەڵکی هەولێری؟

- بەڵێ

- برات دلاوەر، زۆر خۆش حاڵم بەدیتنت، وەختە دڵم بووەستێ، دووجار لە سنووری فەرەنسا گیراوم، پارەم نەما تەنیا پەنجا دۆلارم ماوە، دەمەوێت بگەڕێمەوە رۆما پارەی کەنیسە وەرگرم، تۆ بە نیازی بۆ کوێ بڕۆیت؟

- پرسیارێکی جوانە، بەلاّم وەلاّمم نییە، چونکە شوێنێکی دیاریکراوم نییە رووی تێبکەم دوای ئەوەی هەولێرم جێهێشت، خۆم بە قەرەج دەزانم تا ئەو کاتەی دەگەڕێمەوە، هەر لە ئێستاوە دڵتەنگم هەر بەرێوەین .... قسەکانی پێبڕیم‌و گوتی:

- ئەرێ بەراست باسی هەولێرت کرد، دەزانی رژێم هاتەوەو هەولێری گرت؟ چ.؟ چییە ئەوە شێت بووی یا خەونت دیوە؟ - بەخوا بە راستمە تازە تەلەفۆنم بۆ برادەرێکم کرد لە سوێد گوتی لە کەناڵی (جەزیرە) نیشاندەدات دەبابە لەناو هەولێرە، وابەرەو سلێمانی دەڕوات. تەزوم بە لەشدا هات نەمتوانی وشەیەکی تر بدرکێنم، هەولێرم بە هەموو گەڕەك‌و کۆلاّنەکانی هاتەوە یادو بیرەوەریم، بیرم لە ئاپۆرەی خەڵك دەکردەوە وەك ساڵی (١٩٩١) کۆچڕەو دەکەن دەنگی تۆپەکان دەهاتنەوە بەرگوێم بەرزبوونەوەی خۆڵ‌و بەردو لەشی رۆڵەی کوردم دەهاتە بەرچاو لەگەڵ تەقینەوەی گوللەتۆپەکان، دیسان کۆسۆڤۆو کارەساتێکی ترە.

دلاوەر پێکەنی، ها ئەوە چیتە؟

- دلاوەر تەئسیری لێکردم.

- لێگەڕێ ئەو میللەتە عەقڵی نییە، خۆی حوکمی خۆی بکات با رژێم بێنێتەوە دوایی دەزانێت چی بەسەر دێت.

زۆرجارم لێدووبارەکردەوە توخوا راست دەکەیت یان سوعبەتە.

- ئەگەر باوەڕ ناکەی وەرە تەلەفۆن بکەین.

هەر بڕوام نەکرد، بەلاّم پرسیاری تریشم لێنەکرد.

- ئێستا ئەگەر یارمەتیم دەدەیت تا ئەڵمانیا چ بە بەقەرز چ بە پیاوەتی لەکوێش پووڵمان برِا تەلەفۆن دەکەین پارەمان بۆ بنێرن،ئەگەرنا دەبێت بگەرِێمەوە رۆما؟

دلاوەر کورِێکی باڵابەرزی لاوازو رەنگ ئەسمەر بوو عاقڵو لەسەرخۆ بوو زۆر گاڵتەی دەکرد دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری بوو لە زانکۆی سەلاحەددین، نەختێك ئینگلیزی دەزانی بەقسەی خۆی یەك دوو مانگ لە یۆنان خەریکی قاچاخچییەتی بووە.

بەکورِێکی چاك هاتە بەرچاوم قسەکانیم بەراست زانیو بریارِمدا پارەکەی لەگەڵ بکەمە نیوە لەریگای میلانۆ[1] فەرەنسا کۆنترۆڵێکی زۆری لێبوو، ناچاربووین بگەرِێینەوە شاری (ڤانتیمێلا) ئەویش هەر لەسنووری فەرەنسا بوو، بەڵکو تێکەڵاوبوو لەگەڵ شاری (مۆنتیکارلۆ)ی فەرەنسی کە شارێکی زۆر جوانو قەشەنگە، لایەکی ئاو لایەکەی تری شاخاویە، خانووبەرەو باڵەخانەکان بەدرێژایی زنجیرە چیاکان دروستکراون وەك ملوانکەیەك بە سینگی شاخەکان هەڵواسراون، لە لێواری دەریای ڤانتیمێلا لەبەر تیشکی خۆر لەسەر لمەکە کەمێك پاڵکەوتین دواتر بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر گەرِاینەوە، کورِێکی جەزائیریمان بینی باسی ئەوەمان کرد کە ئاودیوی فەرەنسامان بکات گوتی: پێنج دەقیقە پێش ئەوەی شەمەندەفەرەکە برِوات خۆتان ئامادەکەن لەگەڵ پەنجا دۆلار، ئێمەش زۆر بەئاسانی کارەکەمان هاتە بەرچاو برِیارماندا کارەکە خۆمان بیکەین دوو بلیتی شاری (نیس)مان برِی کەمێك لە سنووری ئیتالیا دوورترە، تا کەس گومانمان لێنەکات لە وێستگەکە چووینە ژوورەوە بۆ هێڵی دوو (کلاسی دوو) لە شەمەندەفەرەکە سەرکەوتین، دلاوەر زۆر دڵخۆش بوو هەر هاواری دەکردو فیکەی لێدەدا گوایە رزگارمان بوو پەنجا دۆلاریشمان بۆ گەرِایەوە، پێموت بێدەنگ بە سەرو شکڵمان دیارە ئاشکرا دەبین) دلاوەر: کورِە نا..نا هیچ نییە مەترسێ.

پێش ئەوەی لە قسەکانی بێتەوە دوو پیاو بەجلوبەرگی مەدەنی ناسنامەی پۆلیسیان دەرهێناو گوتیان: ئێمە پۆلیسین، پاسەپۆرتەکانتان دەرکەن، ئێمەش نفووسی عێراقیمان نیشاندان، لەگەڵ هەردوو بلیتەکان. سەیرێکی پێناسەکانیان کردینو دایانبەزاندین، بەرەو ژووری پۆلیسی ناو وێستگەکەیان بردین، داوایان کرد ناوی خۆمان بنووسین، چونکە لە هەویەکە



تێنەدەگەیشتنو نەیاندەتوانی بیخوێننەوە، ناوێکم بە خەیاڵداهات نووسیم، دلاوەریش بە لاتینی نووسی (کەر لە ... دایکتان با) بلیتەکانیان درِاندو بەرێیان کردین، هەر بە پێکەنین هاتینە دەرەوە.

دووبارە گەرِاینەوە لای کورِە جەزائیریەکە، لێمان زویر ببوو دەیگووت دڵرِەشینە ئێستا کە گیران ئینجا دێنەلام، بەهەرحاڵ رازی بوو بە مەرجێك پەنجا دۆلارەکە پێش وەخت بدەین، لە شەمەندەفەری داهاتوو کە دوو کاتژمێر جارێك دەهات، ئینجا بەر لەوەی شەمەندەفەرەکە برِوات بەچەند دەقیقەیەك ئێمەی بردە نزیك هێڵەکە هاورِێیەکیشی لەمبەرەوە چاودێری پۆلیسەکانی دەکرد، کاتێ پۆلیسەکان دابەزین ئیشارەتی دا کە ئێمە سەرکەوین بەرِاکردنەوە خۆمان کێشا بە یەکێ لە دەرگاکانی شەمەندەفەرەکە، لەگەڵ سەرکەوتنمان کەوتە جوولەو رۆیشت تا شاری نیس کەس لێی نەپرسین.

پێش ئەوەی بگەینە سەنتەری نیس لە وێسگەیەك زووتر دابەزین. ئینجا بە پاسی ژمارە پێنج رۆیشتین وەك پێمان گوترابوو بۆ نێو سەنتەر لەوێش بۆ وێستگەی سەرەکی نیس، چاومان بەچەند خێزانێکی کورد کەوت چاوەرِێی شەمەندەفەریان دەکرد، بەرەو شاری (شتراس بۆرگ) لەسەر سنووری ئەڵمانیا ئێمەش نەماندەزانی بۆ پاریس برِۆین یا وەك ئەمان بەرەو ئەڵمانیا لە وێستگەکە کورِێك زۆر بەترسەوە دانیشتبوو، دلاوەر سەیری کردو گوتی: ئەوەتە حەسەن.. دەستیکرد بەپێکەنین بانگی کرد حەسەن. حەسەن. ..

حەسەن بە ئیشارەتەوە گوتی: بێدەنگ بە پۆلیس هەیە برِۆ، بەترسەوە بەرەو روومان هاتو گوتی: ئێرە پۆلیسی زۆرە دەبێ لەیەکتر دوور کەوینەوە ئەم خێزانە بلیتیان بۆ برِیوم توخوا بەگرتنم مەدەن لێم دوور بکەونەوە. یەك هەنگاو دوور کەوتینەوە دوو پۆلیس هاتن داوای پاسەپۆرتیان کرد دیسان ناسنامەی عێراقیمان نیشاندان، بەڵام ئەم جارە نەیخوارد حەسەنیش دەیویست خۆی لەگێلی بداتو برِوات، پۆلیسەکە لە پشتەوە قۆڵی گرتو گەرِاندییەوە هەرسێکمان بەدەستی کەلەبچە کراوەوە بردنیانین، دوای لێکۆڵینەوەی دوو کاتژمێری نەمانتوانی هیچیان بۆ بسەلمێنین، ئێمەیان بۆ بەندیخانە گواستەوە، شتوومەکەکانیان لێوەرگرتین، وەك پارەو قایشی پشتو

قەیتانی پێڵاو، حەسەن دەستی بەگریان کرد بەدەنگێکی لەرزۆکەوە: نەمگووت دەگیرێین. دلاوەر کە هاوڕێی بوو وەڵامی دایەوە:

- کوڕە عەیب ناکەی وەك ژن دەستت بەگریان کردووە، خۆ لە سێدارەمان نادەن هەر ئازاد دەبین.

وەك تاوانێکی گەورەمان کردبێت هەر یەك بەجیا لە ژوورێکی دوو مەتریو دەرگایەکی ئاسنی ئەستووریان بەسەر داخستین، تەنیا درزێکی بچووك هەبوو بۆ سەیرکردنی دەرەوە، بەڵام تەنیا دیواری بەرامبەرت لێوە دیاربوو هیچی تر، سەکۆیەکی چیمەنتۆ بۆ نوستنو تەوالێتێکی رۆژهەڵاتی لەگەڵ بەتانیەکی زۆر چڵکنو پیس لەسەر سەکۆیەکە فڕێدرابوو.

وامدەزانی ژووری لەم شێوەو قەبارەیە تەنیا لە وڵاتە رۆژهەڵاتیەکاندا هەیە، هەر بیرم بۆ دامو دەزگاکانی دائیرەی ئەمنو ئیستیخباراتەکانی رژێمی بەعس دەچوو، کەچی دوایی گەیشتن بە لوتکەی بەناودیموکراسیو لاف لێدان بەمافی مرۆڤ، لەژێرەوە سیستەمێکی تر حوکم دەکات، ئەگینا کوا دادپەروەریان کوا مافەکانی مرۆڤ، خۆیان بانگەشەی بۆدەکەن، بێگومان ئەم ژوورە جێگەی ژیانی ئاژەڵانیش نییە، بەهەرحاڵ وەك لینین گوتەنی (دەوڵەت یانی چەوسانەوە)، چونکە بریتیە لە کۆمەڵێك یاساو رێسا، لەژێر دەسەڵاتی کۆمەڵە کەسانێك، بێگومان لەگەڵ زۆربەی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ ناگونجێن.

بەیانی وەك ئەوەی یەکێ بیست ساڵ لەم ژوورە بێت ئەوەندە بێزاربووین هەموو هەستو بیرکردنەوەیەکمان لەسەر ئەو وشەیە بوو کە یەکێ بەرەو دەرگا بێت، زرینگەی کلیلەکان هاتو دەرگاکە کرایەوە ئێمەیان بردە ژوورێکی تر بیرمان هەر بۆ سنورداش دەچوو، بەڵام پێچەوانەی بیرکردنەوەمان بوو، پسولەیەکی دە رۆژیان بۆکردین. لەو ماوەیەدا پێویستبوو سنووری ئەو وڵاتە جێبێڵینو بچینە دەرەوە، کاتێ لە بەندیخانە چووینە دەرەوە یەکسەرکاغەزەکەمان دڕاندو فڕێمان دایە نێو زبڵدانو گەڕاینەوە وێستگەکە، شەنسی حەسەن خێزانە کوردەکە هەر لە چاوەڕوانیدا بوون، حەسەن کەچاوی بەمان کەوت شاگەشکەبوو خواحافیزی کردو ئێمەی جێهێشت. لە



خۆمانەوە دوو بلیتی شاری (لیۆن)مان بڕی کە شارێکی گەورەی پیشەسازیە لە ناوەڕاستی فەرەنسا، کەوتینە رێ پێش ئەوەی تەواو تاریك بێت گەیشتینە وێستگەی سەرەکی لیۆن، وێستگەیەکی قەشەنگو رازاوەو گەورە بوو. دلاوەر گوتی تەلەفۆن بۆ سوید دەکەم بۆ ئەوەی هەندێك پارەم بۆ رەوانە بکەن.

تەلەفۆنی کردو بە پەلە گەڕایەوەو گوتی: پێویستیمان بە ئەدرێسێك هەیە تا پووڵەکانمان بۆ بنێرن.

بیرمانکردەوە چۆن ئەدرێسێك بدۆزینەوە، لەم کاتە دووکەس لەتەکمان بەعەرەبی قسەیان دەکرد ئێمەش بەفرسەتمان زانی، پرسیمان هیچ چێشتخانە یان دوکانێکی عەرەبی لەم نزیکانە هەیە، ئیشارەتی دوو کۆڵانیان بۆکردین، بەرەو کۆڵانەکە بەڕێکەوتین کە دەکەوتە پشت وێستگەکە لە رێگا کوڕێكو کچێك بەرەو روومان دەهاتن، دووبارە پرسیارمان لێکردن بێ ئەوەی بزانین عەرەبن یان نا، بەڵام تۆزێك کوڕەکە لە عەرەب دەچوو بۆچوونمان تەواو دەرچوو کوڕەکە عەرەب بوو کچەش فەرەنسی. دیاربوو کوڕە کچەی بەڕێدەکرد بەر لەوەی وڵاممان بداتەوە گوتی دەقیقەیەك ماڵئاوایی لەم کچە دەکەمو دێمەوە لاتان، دیاربوو دەیویست لەگەڵمان بێت هەر لەوێ کچەی لەباوەش گرتو یەك دوو ماچی ناسکی لەدەمی کردو جیابوونەوە، بە دەستیش دووبارە ماڵئاواییان لەیەکتر کرد، کوڕە هاتەوە لامان داوای لێبوردنی کرد کە هەندێك دواکەوت، پرسی بۆچی دەچن بۆ ئەم چێشتخانەیە هی خۆشتر هەیە، ئێمەش تێمانگەیاند کە بۆ خواردن ناچین، بەڵکو ئەمە چیرۆکێکی ترە، گوتی: باشە گەر دەتانەوێ منیش بۆتان جێبەجێ دەکەم. ئەدرێسی بانکم هەیە، دلاوەر گوتی: چی دەڵێی دەبێ ئەم کوڕە جێگای متمانە بێ؟ گوتم هیچ جیاوازیەك نابێنم لەنێوان ئەم کوڕەو چێشتخانەکە بۆ ئێمە وەك یەکە، فەرموو ئەمە ئەدرێسەکەیە دەبا بڕوای پێبکەین، یان دێ یان دەڕوا. کوڕە گوتی: ئەمە ناوی بانكو ئەدرێسی منە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێك ئەم شەو پارەکەتان ناگات، دەمێنێتەوە بۆ بەیانی.

- دلاوەر: باشە قەیناکە، بەڵام ئێمە ئەم شەو بۆکوێ بچین پارەی ئوتێلمان لانییە.

- کوڕە: من مزگەوتێك پێدەزانم دەتوانن ئەم شەو لەوێ بخەون. وەسفی شوێنی مزگەوتەکەی بۆکردین کە دەبوو بە دوو (میترۆ)وپاسێك بۆی بچین، خۆ گەر خەڵکی ئەم شارەیش بووایین هەر نەماندەدۆزییەوە.

دوایی خۆیشی زانی نایدۆزینەوە، بۆیە گوتی خۆم لەگەڵتان دێم. بەیەکەوە ڕۆیشتین بۆ مزگەوتە کە کەوتبووە گەڕەکی زانکۆی ئەم شارە، گەیشتینە بەردەم مزگەوتەکە بانگی شێوان بوو، زۆر دڵخۆشبووین بەوەی ئیتر گەیشتینە نێو خەڵکێك کە تێماندەگەن‌و هەست بە ئازارەکانمان دەکەن، کوڕەکە لە دەرگای مزگەوتەکە چووە ژوور خانوویەکی دروستکراو لە جەمەلۆن، مزگەوتەکە بێ منارە بوو، لەبەر دەرگاکە چاوەڕێمان کرد تا گەڕایە گوتی: بەداخەوە جێگەتان ناکەنەوە، چونکە کەس ناتانناسێ.

دەستمان کرد بەجنێودان، بە یەکەوە گەڕاینەوە سەر شەقامە سەرەکییەکە، شەوێکی زۆر ساردو بێدەنگ بوو جگە لە ئێمەو گلۆپەکانی سەر شەقام هیچ گیانلەبەرێکی ترت نەدەدیت، هەردووکمان جگە لە فانیلەیەکی قۆڵ کورت هیچی ترمان پێنەبوو. کوڕە بیری کردەوە کە ناسیاوێکی هەیە لە کۆمەڵەی ئاوارەکانی جەزائیر کاردەکات، دەفتەر تەلەفۆنەکەی دەرهێنا بە وردی دەستی کرد بە خوێندنەوەی ناو ژمارەکان تا گەیشتە ئەو ناوەی کە مەبەستی بوو هەر لەسەر شەقامەکە تەلەفۆنێکی بۆ ئەم خێزانە کرد، دوای قسەکردنێکی دوورو درێژ بەدەست ئیشارەتی دەکرد، ئەگەرچی تەلەفۆنیش بوو، بەڵام زۆر جدی بوو لە یارمەتیدانی ئێمە، دیار بوو قەناعەتی بۆ ئەم خێزانە دروست کرد، بەدڵخۆشی گەڕایەوە لای ئێمە، وەکو ئەوەی جێگەی بۆخۆی پەیدا کردبێت ئەوەندە کەیفخۆش بوو، گوتی: ئێستا هاوڕێیەکەم دێت شوێنتان بۆ دەکاتەوە ... ! ماوەیەکی زۆری نەبرد، ئۆتۆمبێلێك لە جۆری (ئاودی) ڕەنگ ڕەش لەبەردەممان وەستا، ژنێکی قژزەردی لاوازی دەم بەخەندە دابەزی، دواییش شوفێرەکە کە پیاوێکی قەڵەوی سمێڵ گەورە بوو کە سمێڵی هەروەك سیخوڕەکانی ڕژێمی سەدام وابوو، ژنەکە بۆ لامان هاتو دەستی بۆ تەوقەکردن درێژ کردو گوتی: (نیك)، پیاوەکەش بەهەمان شێوە گوتی: (بەرنارد).



- نیك: کوا جانتاو شتوومەکەکانتان؟ ئێمەش پێکەنین، دلاوەر ویستی بڵێ هیچمان نییە، من قسەکەم پێبڕیو بە ئەحمەدم گوت: بڵێ لە فڕۆکەخانە لێیان ونبووە. ماڵئاواییمان لە ئەحمەد کردو سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین، ڕۆیشتین بێ ئەوەی بزانین بۆکوێ دەچین....

## چاپکراوەکانی سەنتەری نما ٢٠٠٤

١- ڕاپسکانێ لە دنیای سیاسەت‌و گەڕانەوەیەك بۆ دنیای شیعر
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.. ماجید نووری
٢-جەژنی مەرگ، شیعر ، کەژاڵ ئیبراهیم خدر
٣-گلگامێش: و: ئیدریس شێخ شەرەفی
٤- شوێنکاتی یەکەم، لەدووەم‌و ئێستای سەگوەڕ،
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا.
٥- دەرونزانی، وتار لێکۆڵینەوە شیکردنەوە
یوسف عوسمان حەمەد
٦-عەلمانییەتی ئەوان‌و نیگەرانی ئێمە
ئیسماعیل کوردە
٧- بیرمەندان لەهەزارەی سێیەم رادەمێنن
ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل
٨-عەلمانیەت‌و کاریگەرییەکانی
جەمال پیرە

٩- دەسەڵاتو حەقیقەت ، ئیدریس شێخ شەرەفی
١٠- لەهۆرکهایمەرەوە تا هابرماس، قوتابخانەی فرانکفۆرت
ئیسماعیل کوردە، جەمال پیرە
١١-خۆرهەڵاتو خۆرئاوا، ئاسۆ جەلال
١٢-هیگڵ: رێبین رەسوڵ ئیسماعیل
١٣-پێکهاتەو راڤەی دەق : و: مەسعود بابایی
١٤- کۆمەڵناسی : سار باقی کەریم
١٥-لەودیو دەرگا داخراوەکان/ رمان/ ئارێز عەبدوڵلا
١٦- ولاپی ماسی / رۆمان / و: